
پێشەنگ
١
دەوری دووهەم
بەهاری
١٣٨٢
تایبەت بە هونەر و ئەدەبیاتی پێشڕەو و کرێکارییە
PESHANG
ئینتشاراتی ناوەندی کۆمەڵە

# پێشەنگ

تایبەتە بە هونەر و ئەدەبیاتی پێشرەو و کرێکاری، هەر سێ مانگ جارێک ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمەڵە دەری دەکەن.

**ئادرەسی ئینترنیتی پێشەنگ:**

WWW.Komalah.org

e-maill : peshang@komalah.org

## هاوکارانی ئەم ژمارەیە:

| | |
|---|---|
| **بێستوون** | **سەعیدی ئەمانی** |
| **یوسف عەلی پوور** | **یونس. م** |
| **عزیز ئاجی کەند** | **سمکۆ محەممەدی** |
| **هەژیر نینا** | **کەیوان** |
| **وارکا٥٤** | **باران** |

# پــێرست:

**بابەت:** **لاپەرە:**


**سەروتار: پێشەنگ لە خزمەت چ ئامانجێك دایە ..................................... ٤**

**گوزارش:**

**بەرێوە چوونی فستیوالی ئەدەبی و هونەری ( ئا : بێستون )................... ٥**

**لێكولێنەوە:**

**ئیسلام نووسی لە ئەدەبیاتی مندالان و ( و : عەزیز ئاجیکند ) ..................... ٨**

**کۆمەڵە شیعری باران و دڵوپە و ( ن : یونس . م ) .................................... ١٧**

**بلووری شیعری فروغ و ( و : سەعیدی ئەمانی )........................................ ٢٥**

**سریال عشق سالهای جنگ و ( ن : وارکا ٥٤ )........................................... ٣٢**

**وەگەر خستنی سەنعەتی سینەما ( عەلی ئەمینی _ و : سمکو محمدی )......... ٣٦**

**پەخشانە شێعر : ( رۆژ ژمیری پێشمەرگەی کۆمەڵە ) ( ن : یونس . م )......... ٤٠**

**هیوا ( ن . هەژیر نینا )................................................................ ٤٨**

**راوەستان (ن . هەژیر نینا ) ............................................................ ٥٠**

**لێت دوورم ( ن : کەیوان ) ............................................................ ٥١**

**شانۆ : ژیان پێناسەیە ( ن : باران ) ................................................ ٥٣**

**موسیقا : بابەتێکی عەباسی سەماکار لە سەر مۆسیقا ( و . سەعیدی ئەمانی )... ٥٧**

**چیرۆك : بەلەمی شكاو لە وشکانیدا ( و . یوسف علی پور )........................ ٦٢**

**کاریکاتور ( ریباز )....................................................................... ٦٦**

له جیاتی سەروتار

# پێشەنگ لە خزمەت چ ئامانجێك دایە

**خوێنەری هێژا!**

**ئەوەی کە لەبەر دەستت دایە و خەریکی هەلدانەوەی لاپەرەکانی، یەکەمین ژمارە لە دەوری دووهەمی گۆڤاری پیشەنگە.**

**لەم ژمارەیە بە دواوە پێشەنگ لە دەوری دووهەمیدا و دوای ٨ ساڵ دابران لە خوێنەرانی رەسمەن کاری چالاکی هونەری خۆی دەست پێی دەکاتەوە.**
**پێشەنگ جوشدار و بە بزووتنەوەیەکی دیاری کراوی کۆمەلگای کوردستان بووە و رەنگدانەوەی خەبات و تیکوشانی بەرەی چەپ و رادیکالی کوردستانی پیوە دیارە. بەو حوکمە لەنیو کتێبخانەی کرێکاری کوردستان دا پێشەنگ جیگای تایبەتی خۆی هەیە و لەسەردەمیکی دیاری کراودا وەك چەکی مەعنەوی چینی کرێکار، کاریگەری بەرچاوی خۆی لەسەر رەوتی بەرەوپیش چوونی هونەری کرێکاریدا داناوە.**
**پێشەنگ نەتیجەی کاری پڕ بە پڕی ژمارەیەك لە نووسەران و هونەرمەندانی کۆمۆنیستی کوردستان بووە.**
**ئیمە "ئامادە کارانی" دەوری دووهەمی پێشەنگ بە تەواوی و شیلگیرتر لەسەر ئەو ئەرك و هەولانە پێی دادەگرین کە پێشەنگ لە دەوری یەکەمیدا بۆ خۆی داناون و هەولی جیددیان بۆ دراوە. رەسالەتی سەرەکی ئیمە هەمان رەسالەتە کە نووسەرانی کۆمۆنیستی کوردستان لە دەوری یەکەمی پێشەنگ دا بۆ خۆیان دانابوو. ئیمە لەم جەهەتەوە و لەم زاویەوە بۆ هونەر و ئەدەبیات دەچین و دەستمان کردەوە بە دەرکردنی دەوری دووهەمی پێشەنگ.**
**هەر لێرەشەوە داوا لە هاوریانی خۆشەویستی دامەزرێنەری دەوری یەکەمی پێشەنگ دەکەین کە وەك پێشوو گۆڤارەکەمان بە هی خۆیان بزانن و یارمەتی بکەن، بۆ ئەوەی کە لاپەرەکانی پێشەنگ دەولەمەندتر بن، دەتوانن بابەتە ئەدەبی و هونەریەکانی خۆتان بۆ ئیمە بنێرن. خاوەنی پێشەنگ بە تەنیا دەستەی نووسەران یا ئامادە کارانی نین، هەر کەس خۆی موتەعەلق بە بەرەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستان دەزانی و دلی بۆ ئەدەبی کریکارای و پێشرەو لێ دەدا دەتوانی خاوەنی پێشەنگ بێ.**
**هاوکاری عەمەلی ئیوە مایەی سەرکەوتنی گۆڤارەکەمانە.**

بۆ پێشەوە بەرەو پەرەپێدانی هونەری پێشرەو و کرێکاری

دەستەی بەریوەبەری و ئامادە کردنی پێشەنگ

جۆزەردانی ١٣٨٢

# گــــوزارشيـّـك لـــه بـەريـّـوه چــوونى فستيــوالى ئەدەبى، هونەرى لە ئوردوگاى مەركەزى كۆمەڵە

**ئا : بێستون**

سـەر لـە ئـيوارەی روژی ١٣ی گولانـی ١٣٨٢ئـيواره كوريكـی ئـەدەبی و هونەریـە بەشـداری سـەدان كەس لە هاوريـانی پيشمەرگە بە خويندنەوەی شيعر، چيروك، پەخشان، كورتەچيروك و نمايش كردنی شانو و ژەنينی موسيقا بەريوەچوو.

پيويسـتە بوتـری كە پاش دەورەيەك لە راوەستان وقەتيس مـانەوەی رەوتی ئەدەبی و هونەری بە شيوەيكی بەربلاو كە پيشتر لە لايـەن كـانو نـی فەرهـەنگ و ئـەدەبی كـريكاری كوردسـتان و گوڤـاری پيشـەنگەوه هەنگاوی هەلدەگرت، ژمارەيك لە هاوريان لەسـەر پيشـنياری دەبيرخانـەی كومەلـە لـە سـەرئەوه سـاغ بوونـەوه كە لە بەهاری ئەمسالەوه بە شيوەيەكی وەرزيانە دريژه بە تيكوشـانی گوڤـاری پيشـەنگ بـدەن و ئـەم هەولـە دلسـوزانەيەش لەگـەل پيشـوازی گـەرم و بەر چاوی هەلسوراوانی گورەپانی ئـەدەب و هونەر بەرەوروو بۆوه و بۆئەومەبەستەش وەك يەكەم هەنگاو بو دريژه پيدان بە زيندووراگرتنی هەر چی زياتری هونەرو ئەدەبيـاتی كـريكاری قەراردرا كەئەم فيستيواله وەك دەستپيكی دەر چوونی يەكەم ژمارەی دەورەی دوهەمی گوڤاری پيشەنگ بـەريوه بچـیّ، كـە لەم ئيواره كورەدا زور بەرهەمی بە پيز وپڕ ناوەروك پيشكەش كران وخويندرانەوه كە لەگەل پيشوازی گەرمی بـە شـداربوان بـەرەوروو بـوون" هونـەرو ئەدەبيات وەك هەمو دياردەكانیتری بيروزەينی ئينسان، مادی، سەرزەوی و چينايەتين، ئينسـانەكان بـيرورا و، بوچـوون و چـاوەروانی و نارەزايەتـيەكانی بـۆ هەميشـە تەنـيا بـە زمانی سياسەت و لە ريگای ئابووری و كۆمەلناسـیيەوه مـەترەح ناكات، ئەوان لەسەر بناغەی هەل و مـەرجيكی تايبەتی رووحی و دەروونی و هەلكەوتەيی كۆمـەلايەتی يـان سياسـيی دياریكـراو كـە بـۆی دەرەخسـی، رەنگە قسەكانی لە ناوەرۆكی كراوەی يەك يان چەند رۆمـان دەربرِی و بە شيوەی بەسـەر هاتـيك بـيانكات، يـان ببيـتە سـوژه و نـاوەرۆكی شـانۆيەك و گەلـيك جارانـيش دەیسـپيری بـە رەوتـيكی سەركەشـی نەسرەوتووی هەست و سۆز و لە قەوارەی شێعردا خۆ بنوينن.

ئاشـكرايە كـە شـيعر، پەخشـان و نـۆل و رەخنە يان شانۆنامە و شتی لەم بابەتە راشكاوی سەركەوتوويی هەلويست گرتنيكی دياریكـراوی سياسـی، يـان بـۆ ويـنە رەنگە بايەخ و تەواويەتی زانيتی روانگەيەكی كۆمەلايەتیيان بيی و لە بنەرەتيش دا قەرار نـيە كـە ئـەم جـۆره تێگەيشتنە لە ئارادا بێ چونكە هيچكام لەوانە جيی ئەویتر ناگريتەوه. بەهەر حال و بيجگە لەم هەلاواردنە گـريمانەيیيە شـيعر و هونەر و ئەدەبياتيش رەوتيكی سروشتی بير و زەينی ئينسانەكانە و هەر لەم رووەشەوە بمانەوی و نەمانەوی نويـنەرايەتی تـێروانين و كيشـەيەكی چـينايەتی دياریكـراو دەكـەن و بـاس كـردن لـە هونـەر و ئەدەبيـاتيش هـەركات لـە كۆمەلگايـەكدا كـە زەميـنە كۆمەلايـەتی و بـناغە چينايەتیيەكان بشاريتەوه، ئيتر ئەوە چەواشە كردنی راستیيەكان و بەلاريدا بردنـيانە و لـە هـەمان حاليش دا دەبی وەلامی روون بە پرسيارە بنەرەتیيەكانی ناو كۆمەلگا بداتەوە و سنووريك لە نيوان چينە

جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا بکێشی. بەڵام سنوورەکانی جیهان بشکێنی.ڕەنج و ئازار و مەینەتی‌یەکانی ئینسانی ئازار چێشتوو لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا دەر ببڕێ و بە گوێی جیهانی بگەیەنی. مەسەلەکانی دەوروبەری خۆی بە وردی سەرنجیان بداتی و بێ باکانە ڕەخنەیان لێ بگرێ و پێشنیاری خۆشی بکات.

سیستمی کاپیتالیستی کە ئینسانەکان بە سەر هەژار و دەوڵەمەند، کرێکار و سەرمایەدار ، دابەش دەکات، لە ڕەخنە بەرهەمی‌یەکانی‌دا ڕەنگ بداتەوە.

بەرهەم و نووسراوە ئەدەبی و هونەری و فەرهەنگی‌یەکانی دەبێ دژ بەو نیزامە بن کە لەو سیستمەدا کرێکار و زەحمەتکێش ناچارن شەو و ڕۆژ بۆ پەیدا کردنی نانێکی مەمرە و مەژی، هێز و وزەی خۆیان بفرۆشن و هەروەها لەدژی هەر چەشنە جیاوازی دانان و هەڵاواردنێکی نەتەوەیی، قەومی و مەزهەبی بێ کە کۆمەڵگا لەو گێژاوە و دواکەوتوویی‌یەدا ڕادەگرێ.

لەو کۆمەڵگایانەدا کە منالان بەردەوام لە شوێنی کار و لەناو بنەماڵە و مەدرەسە سووکایەتی‌یان پێ‌دەکرێ لەباری ڕووحی و لەشی‌یەوە تەنبێ دەکرێن و مافەکانیان پێ‌شێل دەکرێ وە هەزاران منال لەسەر شەقامەکان هیچ جۆرە ئەمنیەتێکی گیانی و ماڵیان نیە، دەبێ لەناو ئەو بەرهەمانەدا ڕەنگ بداتەوە کە کێ بەرپرسیاری ئەم تاوانانەیە و بۆ جەماوەری ڕوون بکاتەوە. خاوەن هەڵوێست بێ و لە کاتی خۆیدا و لە سەردەمی ڕووداوەکان بێدەنگ نەبێ و ڕێگا نەدات کە دەسەڵاتداران و دەست و پێوەندەکانیان بیر و زەینی کۆمەڵگا لێل بکەن و بیشێوێنن زۆرن ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە لە پێناو دەرخستنی ڕاستی‌یەکان و داکۆکی لە هەژاران و زەحمەتکێشان یان ئێعدام کراون یان لە کونجی گرتووخانەداسەرکوت کراون نازم حیکمەت ماوەیەکی زۆری لە تەمەنی لە سیاچاڵەکاندابەسەر برد ، یان لەو کاتەنەدا کە هێرش بۆسەر بلاوکراوە و حەوتوونامەکان ڕۆژی ٦ ی ئاوریلی ١٩٤٥ کاتێك کە دەفتەرەکانی ڕۆژنامە و حەوتوونامەکان لە تورکیە کەوتنە بەر پەلامار و ویران کران لە شیعرێك دا نازم حیکمەت هەڵوێست دەگرێ و دەڵی:

"ئەوان دوژمنی هیوا و ئومێدن، ئەوینی من
دوژمنانی زوڵاڵی ئاو
داری بە بەروبوو،
دوژمنانی ژیانی هەڵچوون و داچوون،
چونکە مەرگ، مۆری لەناو چونیان داوە:
بە کەلپی شکاو و لاشەی گەندەڵ،
بۆ هەمیشە لەناو دەچی،
بەڵی ئەوینی من،
بەرەوپێش هەنگاو دەنێن بە مشتی گرێ خواردوو،
ئاڵای واڵای پڕ لە شانازی‌یان، کرێکاران و،
ئازادی، ئازادی لەسەر لێوە،
بە هەدیەی نەورۆزی‌یەوە، ڕووخۆشی و دڵکراوە، وا بەرێوە."



بـه هـەر حال بۆ وەگەر خستن و گەشه پیدان و زیاتر خزمەت کردنی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری و دەرخستنی و پیشکەوتنی ئیسـتعدادە هونەری‌یـەکان لـەم ئـیوارە کـۆرە ئـەدەبی وهونەری‌یـەدا ژمارەیـەکی بەر چاوله هاوری‌یانی پیشمەگە بەبابەتی جۆراۆ جـۆری هونـەری بەشـداریان لـەم فیسـتیۆالەدا کـرد کـە سـەرەتا بـە خۆیندنەوەی شیعری ئاشنا لە لایەن هاوری کەریمی ئەحمەدی ئەندامی کومیتەی ناوندی کومەلەوە دەستی پیکرد. پیۆیستە بوتری کە ئەم هاۆری‌یانە بە پیشکەش

کردنی بەرهەمـەکانیان لەم فیستیۆالەدا بەشدار بوون لەوانە:

هاوری‌یـان هەژیرنیـنا ،هەلالـە فـەتاحی، سـەعیدئەمانی، جەبارکـەریمی، بـەیان ئەحمـەدی، ئارزو رەزاقی، سەلاح قادرمـەرزی بە خویندنەوەی بەرهەمە شیعری‌یەکانی خۆیان کۆرەکەیان گەرموگورتر کرد.

هاوریـان یونـس مـەولودپوور چـەند کورتـە چیرۆك و عـەزیزئاجیکەند، فەرزاد حەق پەرست و ناسر سەلاحی چەند پەخشان و وتاری ئەدەبیان خۆیندەوە کە لەگەل پیشوازی گەرم وگوری بەشداربوان بەرەوروو بوون.

هـەروەها موسـیقا لەلایـەن هاورێـیان شوان خەلیلی و کاك ئارمان بەشیکی‌تری ئیوارە کۆرەکەی بە خۆی تەرخان کردبوو. لە نیوەندی ئەم بەرهەمـانەش دا شانۆی "ژیان پیناسەیە" لەلایەن هاورێیان سەلاح قادر مەرزی و ئارەزوو رەزاقی نمایش کرا.

ئـیمە نووسـەران و بەریوەبـەرانی گۆڤـاری پیشـەنگ، بـۆ جاریکی‌تـریش هـیوای سـەرکەوتن بۆ ئەو خۆشەویستانە دەخوازین و هیوادارین کە بە بەرهەمی بە پتزتر، هەرچی زیاتر خزمەتی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری بکەن.

# ئیسلام نووسی لە ئەدەبیاتی منالان دا و کاریگەری لەسەر منالان

ئەسەدی سەیف
و: عەزیز ئاجی‌کەند

هیچ شك لەوەدا نیە کە سیستمی پەروەردە و فێر کردن لە ئیسلام دا، بە هیچ شیوەیەك وەلام دەرەوەی پێداویستی‌یەکانی فیکری و زەینی منداڵان نیە. سیستمی پەروەردە و فیرکردن لەوەها دەسەڵاتیك دا، سیستمیکی سونەتی و کۆنە و تا ئیستا پێ بە پێی رەوتی بەرەو پیش چوونی دونیا و ئال و گۆڕەکانی فیکری بەشەر، هەنگاوی نەناوە. ئەوە راستی‌یەکی حاشا هەلنەگرە و لەچاوی رەخنەگرانی ناوخۆیی و دەرکی ون نەبووە و تا ئیستا بە دریژایی سالانیکی زۆر و لە بۆنە و موناسبەتی جۆراوجۆردا لەلایەن جەماوەری خەلکەوە بە تایبەتی لاوان و تازە لاوان، بەدژی راوەستاون و رەخنەیان لێ گرتووە و تا ئەو جیگایەی بۆیان کراوە بەرەنگاری بوونەتەوە.

بەپێی ئامار و بەپێی ئەو لیکۆلینەوە زانستی یانەی کە لەسەر مەندالان و تازەلاوان و لاوان کراوە، دەر دەکەوی کە ئەوان بە تەواویتی تینووی فیربوونی شتی نوێ و زانستی نوێن و ئامادەن بە گیان و بە دل بکەونە شوینی. بە گشتی سەرجەم تویژەکانی ناو کۆمەل لەسەر ئەو باوەرەن کە خویندن و فیربوون دەبی بە تەواوەتی بەپێی مەیل و رەغبەت و بە گویرەی هەلبژاردنی خۆیان بێ و نابێ ئەو هەقە بەکەس بدرێ کە بە زۆری و بە ناحەق شتیکیان بە ملدا بری. ئەوە هەقیکە کە ئیستا لە زۆر شوینی دنیادا بە رەسمی ناسراوە بەلام لە نیزامی پەروەردە و فیرکردنی سەرجەم ولاتە ئیسلامیەکاندا، هیچ بایەخیکی ئەوتۆ بەم وسایلە نادرێ و جیگایەکی نیە.

دریژە کیشانی ئەم رەوتە و ئەو نیزامە، نەتەنیا ئەم جۆرە کۆمەلگایانە بە هیچ کوێ ناگەیەنێ، بەلکو لەناو تویژیکی بەرینی زیاتر لە میلیونها کەس دا، لەگەل منداڵان و تازەلاوانیك بەرەو روو دەبین کە جگە لە ماندوویی و گۆشەنشینی و بیزاری هیچی دیکەیان لێ نابیندرێ هەر ئیستاش ئەم سیمایە لە گرنگترین تویژی ناو کۆمەل کە بریتین لە منداڵان و تازەلاوان، بەرچاو دەکەوێ. بە گشتی سیستم و نیزامی نادروستی پەروەردە و فیرکردن لە ئەدەبیاتی منداڵاندا، نە تەنیا نابیتە هۆی راکیشانی منداڵان بەرەو خویندن و جەزبیان ناکات، بەلکوو زیاتر بەرەو کشانەوە و بیزار بوون لە خویندن و مەدرەسە، هانیان دەدات. لەم ناوەدا موعەلیم و سەرجەم مودیرانی‌تری پەروەردە و بارهینان هیچ دەور و نەخشیکیان نیە و هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەوانیش ناچارن لە چوارچیوەی نیزامیکدا کە پیشتر بەرنامەکەی داریژراوە، فەعالییەت بکەن. ئەم فەعالیەتە لە پێش دا دیاری‌کراوەش کە هیچ ئازادی عەمەلیکی بۆ ئەوان تیدا نیە، خۆی جۆریك رکود و وەستان دینیتە پیش و ئاکامەکەشی جگە لە وشیك بوون و غەیرە فەعال بوونی سەعاتەکانی دەرس و ماندو بوونی شاگرد و موعەلیم، هیچی دیکە نیە. لە راستی‌دا ئەدەبیاتی منداڵان و سیستمی ئاموزش و بارهینان لەوەها کۆمەلگایەکدا کە سەرتاپێی بە یاسا و ریسای کۆن تەندراوە، پیویستی بە ئال و گۆڕیکی بنەرەتی هەیە و ئەگەر ئەوە نەکرێ، ناتواندرێ بە جۆری پیویست وەلامدەرەوەی ویست و خواستەکانی کۆمەلگا بی. لەم سەردەمەدا کە دونیا زۆر بە توندی لەحالی ئال و گۆڕ دایە و بەرەو پیش دەچی، ئەگەر نەتواندرێ نیزامی پەروەردە و فیرکردن لەو کۆمەلگایانەدا پێ بە ئەمە دروستە ئەم رەوتە بەرەو پیش بچێ، ئەوە بێ گومان تووشی شکست دەبێ.

نیزامی پەروەردە و فیرکردنی رەسمی و سوونەتی وەها کۆمەلگاگەلیك جگە لە وەسیلەیەك بۆ تەبلیغی سیاسەت و بۆچوونی کۆنەپەرستانە، هیچی دیکەی تیدا بەستە نیە. کۆنە پاریزی و دواکەوتوویی تایبەتمەندی ئاشکرا و بەرچاوی ئەو نیزامەیە. لە ئاوا نیزامیك دا بە تایبەتی

نیزامیك لە چەشنی كۆماری ئیسلامی ئیران كە هیچ بروایەكی بە ئازادی بیر و باوەر و ئازادی هەلبژاردن نیە و بەرنامەكانی بە جۆریكە كە هەموو ریگایەك لە مندالان و تازەلاوان بەربەست دەكا كە بتوانن بە مەیلی خویان و بەپێی توانا و ئیستعدادیان ریگای خۆیان هەلبژیرن، ئایا دەكری چاوەروانی ئەوە بكری كە بیر و زەینی مندالان بە شیوەیەكی مەنتەقی و بە شیوەیەك كە لەگەل بیر و بۆچوونەكانی دونیای نوێدا بیتەوە، پەروەردە بكات؟

مندالان تینوی زانستی نوێ و فیربوون و ناسینی بیر و بۆچوونی نوێ و پیشكەوتوو خوازانەن. بەلام نیزامی زال بەسەر كۆمەلگای لە چەشنی ئیران دا، كە بە هەموو توانایانەوە هەول دەدەن خۆرافات و كۆنەپەرەستی زیندوو كەنەوە و پەرەی پیبدەن و لەگەل هەر چەشنە بیر و بۆچوونیكی نوێ و پیشكەوتنخوازانە دژایەتیان هەیە، قەت ناتوانن وەلامدەرەوەی پیداویستییەكانی فیكری و زەینی مندالان و تازەلاوان و بە گشتی لاوان بن.

مەدرەسە كە بە شوینی فیربوون و پەروەردە بوونی ئینسان ناسراوە، ئەركی ئامادە كردنی تویژی تازە پیگەیشتووی ناو كۆمەلی بۆ بەریوە بردنی كومەلگای بەشەری، لەسەر شانە. بۆیە دەبی ناسینی گیروگرفتەكان و ناساندنیان بە لاوان لە ئەدەبیاتی مندالان دا رەنگ بداتەوە و ئەم ئەدەبیاتە دەبی ئاوینەیەك بێ بۆ دەرخستنی راستییەكانی ناو كۆمەل.

ئەمرۆ كە مەدرەسەكانی ژیر دەسەلاتی رژیمی كۆماری ئیسلامی ئیران، بە تەواوی لە راستییەكانی ژیانی ئینسانی و پیشكەوتووی سەردەمی ئیستا بە دوورن. سیستم و شیوەیەك كە بە ناوی پەروەردە و فیركردن لە مەدرەسەكانی ئیران دا بەكار دەهیندرێ، نە تەنیا جواب دەرەوەی ئاوات و ئارەزووەكانی ئینسانی پیشكەوتووی ئەمرۆ نیە و ناتوانی پێ بە پێی ئال و گۆرەكانی دونیای ئەمرۆ هەنگاو هەلینیتەوە، بەلكوو بە پیچەوانەوە خۆی هۆی سەرەكی كوشتنی مەیل و ئاواتی دەرونی ئینسانەكانە و كۆسپیكی گەورەیە لەسەر ریگای نوێ خوازی و پیشكەوتوویی.

كاتیك كە سەیری مندالان دەكەی، دەبینی كە بە تەواوی لە دەرس و مەدرەسە ماندوون. مندالان لەو دەرس و مەدرەسەیەدا شتیكی نوێیان بەرچاو ناكەوێ و ناچارن دنیایەك شتی پووچ و بێ ناوەرۆك كە زیاتر لە هەزار سال لە عومریان تیپەر بووە، بخەنە میشكیانەوە.

دونیای كتیبی مندالان جۆراوجۆر و زۆر تایبەت مەندی بەرچاوی خۆی هەیە. بەلام ناوەرۆكی ئەم دونیایە لاوازە و كەمتر لایەنەكان و باسەكانی تایبەت بە ژیانی كۆمەلایەتی كە مندالان و گەورەكان لەگەلی بەرەو روون، دەداتە بەر باس و لیكۆلینەوە و تیشك ناخاتە سەر چۆنیەتی ژیان كردن و هۆیەكانی رۆژ رەشی و نەبوونی ژیانیكی شیاوی ئینسانی. ئەو دونیایە، دونیایەك نیە كە پەیام ئاوەری راستەقینەی ژیانیكی شیاو و خۆش بۆ گرنگترین تویژی ناو كۆمەل بێ. مندالان گرنگترین تویژی ناو كۆمەلن. بۆچی؟ بە راستی بۆ دەبێ گرنگی بە مندال بدرێ و لە ئەدەبیاتی ئەودا ئال و گۆر پیك بێ؟ پیش ئەوەی بچینە سەر ئەم باسە، با لایەنە جۆراوجۆرەكان و لاپەرەكانی كتیبی مندالان هەلدەینەوە با بزانین بە راستی چ شتیك لەنیو دوو تیوی ئەم كتیبخانەدا حەشار دراون و كام لایەنی ژیانی مندالان و كام ریگای بارهینان، ریبەری و نوینەرایەتی دەكات. با باش بۆمان دەركەوی كە بە راستی دام و دەزگای چەوسینەری سەرمایە و حكوومەتە پاریزەرەكانیان و بە تایبەتی ریكخراوە ئیسلامییەكان، چۆن چاو لە مندال و ئەدەبیات دەكەن و چۆن كەسایەتی ئەوان چاو لێ دەكەن و چۆن لیكی دەدەنەوە.

## كتیبی مندالان!

كتیبی مندالان یان بە واتایەكیتر كتیب كەرەسەیەكە بۆ یارمەتیدان لە شیوەی بارهینان دا. كتیب ئامرازیكە بۆ گەشەی كۆمەلایەتی مندالان. كتیب لەریزی سەرجەم ئەو ئامرازانە دایە كە دەتوانی رۆلی گرینگی بێ لەسەر ناساندنی مندال و هەروەها كاریگەری دانان لەسەر میشك و روحی مندالان. بە گشتی كتیب دەتوانی هەم بار بینی، هەم بناسینی، هەم ئال و گۆر پیك بینی، هەم كەسایەتی بدات و ریگا نیشاندەر بێ و دەرگا بكاتەوە بەرەو رووی راستییەكان . كتیب عیلمە، زانستە و هۆكاری گرنگی روون بوونەوەی میشكەكانە. كتیب دەتوانی لایەنی لاوازی میشكی مندالان بكوتی و یارمەتی بە گەشە كردنی میشكیان بدات و لە ریگا دەرباز بوون لە دواكەوتوویی و نەبوونی سەربەخۆیی، رزگاریان بكات. كتیب تیدەكۆشی هۆمید بدات بە مندالان و ئەوان رینوینی بكات و ببیتە ئاوینەی بالانوینی راستییەكانی كۆمەل لە پەیوەندی لەگەل مندال و كەسایەتی و ژیانی و مافی كتیب یەكەمین پەیوەندی نیوان نووسەر و خوینەر و كۆمەلگایە.

هیچ شك لەوەدا نیە كە بڵێن كتێبی منداڵان، كتێبێكی سیاسی و لە ئەسڵ دا ڕێنوێنی یەك شێوە لە ژیان كردن و بارهێنان و ئامووزشە و ناراستە وخۆ ئاموزشی سیاسی بە منداڵان پێشنیار دەكا.

مەگەر نابینین و نابیستین كە هەر چیرۆكێك بۆ خوێنەرانی، قسە لەسەر ئەرزش و ئیعتبار، بیروڕا و تەنانەت شێوەی هەڵس و كەوت دەكا؟

ئەم ئەرزش و ئیعتبار و بیروڕا و هەڵس و كەوتە، ناتوانی جیا لە كۆمەڵگا و تەنانەت چینێكی تایبەتیش بێ. ئۆمێدەكان، ئاواتەكان، خواستەكان، پرسیارەكان، لەنێو كتێبەكاندا بە شێوەیەكی گشتی لە چوارچێوەی قەوارەیەكی تایبەت دا، دادەندرێن و خۆیان دەبیننەوە كە ناتواندرێ موركی سیاسی و كۆمەڵایەتی‌یان لێ نەدرێ.

چون كۆمەڵ بەرەو پێش دەروات؟ گیان لەبەران چون ژیان دەكەن؟ لەم كۆمەڵگایەدا منداڵان و بە ساڵاچوان چ هۆمێد و ئارەزوویەكیان هەیە؟ چلۆن ئەم ئاوات و ئامانجانە بە سەرەنجام دەگەن؟ ژیان چیە؟ ڕێگای دروستی ژیان كامەیە؟ و بگرە چی وچی هەموویان لەو مەوزوعاتەن كە ناكرێ مانا و مەفهوومی سیاسیان نەبێ.

كە واتە بێ‌مانا نابێ ئەگەر بڵێن:

كتێب دەتوانی ئامرازێك بێ بۆ كردنەوەی دەرگایەك بە ڕووی شتە نوێ‌یەكان بۆ منداڵان. یان بە واتایەكی‌تر كتێب نیشاندەری ڕێگایەكە بۆ دەرباز بوون لە كێشەكان. بۆ گەیشتن بە ئامانجی ڕاستەقینە و فەتح كردنی لوتكەی سەركەوتن و ڕزگاری.

تا دەیەی ۳۰ بەرهەمێكی ئەوتۆ و سەربەخۆ بۆ منداڵان و تازەلاوان، لە وڵاتی ئێراندا بەرچاو نەدەكەوت. ئەگەر چی لە گۆشە و كنار كەسانێك بوون كە لەم بوارەدا هەنگاوی جۆراوجۆریان هەڵدەهێنایەوە بەلام هیچ كامیان نەیانتوانی ڕیشەی سەرەكی داب و نەریتی كۆن و ڕەنگ دانەوەی لە ئەدەبیاتی منداڵان دا، بكوتن و بیدەنە بەردیدی ڕەخنە. كتێبی لە چەشنی، مشك و پشیلە و چیرۆكی خۆش و باش بۆ منداڵانی چاك و باش، لەریزی ئەو كتێبانەدا بوون كە بۆ منداڵان چاپ كراون، بەلام هیچ كام لەو كتێبانە ئەو ئاستە گرینگەیان نەپێوا كە كۆمەڵی پێشكەوتوو پێویستێتی.

بە شێوەیەكی گشتی ئەدەبیاتی منداڵان لە ئێران ئێستا جم و جۆڵیكی سیاسی بە خۆیەوە گرتووە. ئەم شێوەیە بە نۆبەی خۆی ئەگەریش بە كەڵك بووە بەلام زەربەی كاریگەریشی لە ئەەبیاتی منداڵان داوە. نموونەی بەرچوی ئەم خاڵە ئەوەیە كە هەر ئێستا عۆنسۆری شادی كە وشەیەكی باش و بە كەڵك لە ئەدەبیاتی منداڵان دایە، لەو ئەدەبیاتەدا ڕەنگی نەداوەتەوە. نووسەرانی پێشوو و بە تایبەتی ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەن كە وشەی شادی تایبەت بە بنەماڵە ئەشرافیەكانە. لە ئاكام دا لە زۆربەی بەرهەمەكاندا، منداڵان گۆرانی شاد و هەست بزوێن ناخوێنن، هەڵ ناپەڕن، بێ جم و جولن، ناچنە چێژنەكان و بۆنە و موناسبەتەكان، بۆ گەیشتن بە وشیاری و چونە ناو ئەو ئاستەوە، دەبێ گیان بدەن، ئارەق بڕێژن سەختی بكیشن، برسیەتی بكیشن و لە قۆناغی تووڕەیی و بەرانبەركی و دڵەڕاوكی و ڕق وبێزاری و كینەیی‌یەوە بگوزەرێن.

هاوكات لەگەل ئاڵ و گۆڕەكانی كۆمەڵگا لەسەردەمی شۆڕش دا بە تایبەتی لە ساڵەكانی ۵۷ و ۵۸ دا، ئەدەبیاتی منداڵان گرنگترین ئاستی خۆی پێوا و بە شێوەیەكی بەر بڵاو بەرهەمی جۆراوجۆر لەچاپ درا. لەم ساڵانەدا هیچ شێوە لە سانسۆر بەرێوە نەدەبردرا و نووسەرانێكی زۆریش هاتنە دونیای ئەدەبیاتی منداڵانەوە و گەلێك ئاستی جۆراوجۆریان لەم بوارەدا بڕی. دەكرێ لەم پەیوەندیدا ئاماژە بە نووسەرانی لە چەشنی "قودسی قازی نوور"، "سەمەدی بیهرەنگی"، "عەلی ئەشرەف دەرویشیان"، "مەنسوور یاقوتی"، كەسانی‌تر بكرێ. بەلام ئەم دەورەیە زۆر كورت بوو. ئێستاش زۆر شتی گرینگ مابوو كە خۆ بخزێنیتە نیو ئەدەبیاتی منداڵانەوە. زۆر كاری‌تری پێویست كە دەبوایە بكرایە. بەلام دەستی چەپەڵی بەرێوەبەرانی جەهل و خۆرافە زۆر لەوە تیژتر بوون. ئەم ڕەوتە هەر لەگەل جێ كەوتنی دەسەلات و زاڵ بوونی سیستمی سانسۆر و خەفەقان، لە گەشەكردن وەستا و بەری پێ‌گیرا. كتێبە غەیری ئیسلامی‌یەكان لە كتێبخانە گشتی‌یەكاندا هێندرانە دەرەوە و دوور خرانەوە. نووسەرانی كتێبی منداڵان یان دەستگیر كران یان خۆ دەست بە سەر و مەمنوعەی قەڵەم كران. زۆریش لەو كەسانە كە نەیانتوانی لەوەها دۆخێك دا بمێننەوە، ڕێگای كۆچ كردنیان گرتە بەر و بەرەو وڵاتانی ئۆروپایی كەوتنە ڕێ. لەدوای ئەوەش دا ئیجازەی بلاوبوونەوەی سەرجەم نووسینەكان كەوتە ژێر دەسەلاتی ناوەندیك بە ناوی: وەزارەتی فەرهەنگ و ئەرشادی ئیسلامی. ئەم ناوەندە دوای چەند ساڵ و لە ساڵی ۱۳٦۱ی هەتاویدا یاسایەكی بۆ چاپ و بلاو كردنەوەی كتێبی منداڵان دانا و بە ئاگاداری بیرورای گشتی گەیاند. ئاكامی بەرێوە بردنی ئەم یاسایەش، ئاڵ

و گۆڕ پێکهێنان لە کەمی و کەیفی ئەدەبیاتی منداڵان لە ئێران دا بوو. کۆماری ئیسلامی لەم ڕێگایەوە زۆرێك لە نووسەرانی لە دونیای ئەدەب و هونەردا وەلا دانا و ڕێی بە نووسراوەکانی ئەوان نەدا. وەزارەتی ئەرشاد مەڵبەندیکی دامەزراند کە ئەرکەکەی لێکۆڵینەوە و دوان لەسەر ئەو نووسراوانە بوو کە لە لایەن نووسەرانی جۆراوجۆرەوە نووسرابوو. کار بەدەستانی ئەدەبی و هونەری ڕژیم سەرەنجام بەم ئاکامە گەیشتن کە ئەدەبیاتی تا ئیستای منداڵان هیچ بایەخیکی نەبووە و زۆر بێ ناوەرۆك بووە و بۆ پەروەردە و بارهێنانی منداڵان دەبێ لە ئەدەبیاتیان دا، ئیسلام بە شیوەیەکی بەرچاو و بەربلاو ڕەنگ بداتەوە. دواتر بەم شیوەیە کتیب گەلی جۆراوجۆر لە چاپ دران کە هەر کامیان لەسەر ڕەنگ دانەوەی ئیسلام لەو ئەدەبیاتانەدا، پێداگریان دەرکرد. تا بەم شیوەیە منداڵ گێژ و گوێ ڕایەڵ باربینن و واداری بکەن ببیتە بەسیج تابتوانی لە داهاتوودا لەسەر کار دابمەزرێ. سەرجەمی ئەو کتیبانە بۆ پەرەپیدانی ڕەوتیك تێکۆشان کە سەرجەمی ئەم هەنگاوانەی ئەوان دەکرێ بەم شیوەیەی خوارەوە ئاماژەی پی‌بکری:

بایەخەکانی ئیسلام و تەبلیغ و خەبات لە پیناو کفردا!

خوێندکاران بەربلاوترین هێزیکن کە کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەوان سەرمایەگوزاری کردووە. ئەدەبیاتی ئیسلامی بۆ منداڵان کەبە شیوەیەکی گشتی لە لایەن، "کانوونی پەروەرشی فیکری منداڵان و تازەلاوان"، "دەفتەری نەشرو و فەرهەنگی ئیسلامی"، "حەوزەی ئەندیشە و هونەری ئیسلامی"، " سازمانی تەبلیغاتی ئیسلامی" و هی‌تر بلاو دەبیتەوە کە هەموویان بە تیراژیکی زۆر لە چاپ دەدرین و بلاو دەکرینەوە، ئیسلام و ئەرزشی ئەو، لایەنە گرینگەکانی ئەم کتیبانە پیك دینن. ئەم کتیبانە بە بێ ئەوەی سەرنج بدەنە خەلاقییەتەکان یان زەوقی هونەری، پڕن لە بابەتی دینی و ئەخلاقی و لە ئەساس دا بوونەتە ئامرازیك بۆ پەرەپیدانی خۆرافات. ناوەرۆکی ئەم کتیبانە هیچ پیویستی و مەسەلەیەکی منداڵانی تێدا لەبەرچاو نەگیراوە و لایەنیکی گرنگی ژیانی ئەوان باس ناکا. سەرجەمی ئەم کتیبانە، یان بە گشتی کتیبە میژوویی‌یەکان کە بە تەواویتی لەبارەی کاریگەری ئیسلام دان، نە تەنیا میژووی واقعی گەشە و هەدانی کۆمەلگا بە منداڵان ناناسینن، بەلکوو بە بێ ئەوەی گوی بدەنە ئەو بوارە کۆمەلایەتی‌یانەی کە راستی‌یە میژوویەکان تیایاندا سەری هەلداوە، بەدرۆ باسی میژوو دەکەن و راستی‌یە میژووییەکان بە پیچەوانەوە نیشان دەدەن و یەك لایەنە تاریفی کسایەتیە میژوویی‌یەکان دەکەن.

دەبێ بلێین کە بایەخە ئەخلاقی‌یەکانی ئینسان و پیوانە ناسراوەکانی ژیانی کۆمەلایەتی لە نووسراوە ئیسلامیەکاندا شوینیکیان بۆ نیە. لە بەر ئەوەی کە ئاسۆی روانینی ئەو نووسراوانە زۆر کورت و بەرتەسکە و قارەمانەکانی نیو ئەم جۆرە کتیبانە بە هیچ جۆریك و لە هیچ ریگایەکەوە ناتوانن خاوەنی پەیوەندیکی سالم و ئینسانی لەگەل ژیان و کۆمەلگادا بن.

ئەو شتانەی کە لەگەل ئیدئولۆژی ئەوان دا بیتەوە، چاکە و جیگای ریز لی گرتن و پەرەپیدانە، لە غەیری ئەم شیوەیەدا لەلای ئەوان هیچ بایەخیکی نیە و لەدژی رادەوەستن. لەلای ئەوان هەرکەسیك لە مەکتەبی ئیسلام دوور بێ، ئینسان کوژ و خوین ریژ و خرابکار و دەروون پیس و جینایەتکارە و لە بەرانبەردا موسلمان لایەنگری ئیسلام و کۆماری ئیسلامی بە دوورە لە هەر چەشنە خراپە و نارەوایی و نموونەی پاکی و چاکی‌یە.

لە ئەدەبیاتی ئیسلام دا کەمتر سەرنج دەدریتە بارودۆخی ژیانی منداڵان. ئامانجی ئەدەبیاتەکەیان بریتیە لە نواندنی قسە و تئوری‌یەکانی نووسەر. واتە تەنیا مەبەستیان تەبلیغی ئیسلامە. لەم جۆرە نووسراوانەدا بە کەمی دەتواندرێ فیکر و بیریکی نوێ و زمانیکی کاریگەر بۆ دۆزینەوەی راستی‌یەکان بدۆزریتەوە. تەواوی هەولی ئیسلام و نووسەرەکانی ئەوەیە کە ئایەتەکانی قورئان لیك بدەنەوە و لە ئەدەبیاتەکەش دا بیگونجینن. ئیسلام نووسەکان زۆر جار بۆ ئەوەی کە بینوینن کە خاوەن بیر و هۆشن، لە نووسراوەکانی خویاندا ئەوەندە لە وشەی نابەجێ و نامۆ و عەرەبی و قورئان کەلك وەردەگرن کە لە زۆربەی نووسراوەکاندا ناوەرۆك و مەسەلە سەرەکی‌یەکە لە بیر دەکری و تەنانەت جاری واشە ون دەکرێ.

**لە روانگەی ئەوانەوە و لە ئیسلام نووسی ئەواندا :**

هونـەر و ئەدەبیاتی مـندالان تەنیا لـە روانگـەی ئیسلامیەوە دەتوانی خۆی بنوینی و بەس. لە وەها ئەدەبیاتیك دا ژیان هیچ پەیوەندیکی لەگەل هۆکارە عەینی و بابەتی‌یەکان و راستی‌یەکان دا نیە.

بەلام بە راستی نووسەری ئیسلام نووسی کێ‌یە!

زیاتـر لـە دوو دەیەیـە کـە ئیسـلام نووسـی واتـە ئـەو شـیوە ئەدەبی‌یـەی کـە لـە لایـەن رژیمی کۆماری ئیسلامیەوە داهینراوە، لە لایەن ریبەران و تئوریسیەنەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە تەبلیغ دەکرێ.

بـە سـەرنج دان بـە دووپـات کـردنەوەی هـەندیك لـەو قسانەی کە لە لایەن تئوریسیەنە ئەدەبی‌یەکانی رژیمەوە کراون، دەتوانین ئەوەی لێ هەلینجین کـە قەلـەمی ئیسـلام نووسـەکان دەبی لە خزمەتی فیکر و بیر و باوەرە ئیسلامی‌یەکان دا بیت. جگە لەمە هەر شتیکی دیکە، دژی ئیسلامە و دژی بایەخەکانـە و هـەر بۆیـە بـێ کەلك و خراپن. لەسەر ئەم بنەمایەیە کە ئیسلامی نووسەکان بە دەوری کۆماری ئیسلامیەوە کۆبوونەتەوە. خۆراکی لێ وەردەگرن و بە مەبەستی خزمەت پێ‌کردنی بوونەتە پاساوچی سیاسەت و فیکر و هەلس و کەوتەکانی رژیم.

راسـتی‌یەکان لـە زەیـن و فـیکری ئیسـلام نووسـەکاندا تـیکەل بـە خەرمانەیـەك لـە رووداوە بێ ئەژمارەکانی دەرەوەی ژیان دەبێ و بە رازاندنەوەی کەلیمەکان دەرخواردی منـدالی ئیمە دەدرێ.

بەلام با بزانین کە ئیسلام نووسەکان لە پەیوەندی لەگەل شیعری منـدالان دا دەلین چی:

ئەی مـنالی شۆرشگیر

بگرە بەدەس شمشیر

تۆ هیوا و ئۆمیدی ئیمامی

تۆ هیزی ئیمامی زەمـانی

تۆ سەربازی ئیمامی

تۆ دوژمنی سەدامی

رابەرت خومینی‌یە

مـەکتەبت حۆسینی‌یە

خودایە، خودایە، تا ئینقلابی مەهدی، خومینی بپاریزە!

بـەم شیوەیە دەبیـنن کـە ئیسـلام نووسـەکان و ئالقـە لـە گوێیـانی رژیـم لە بواری شیعریش دا بەر بە گەشەی فیکری و زەینی منـدالان دەگرن و ناهیلن جیا لە ئەدەبیاتی لەپیش دا داریژراوی ئیسلام شتیکی‌تر فیر بن.

گرفتە سەرەکی‌یەکانی سەر ریگای ئەدەبیاتی منـدالان!

فـیر کـردن و بارهیـنان واتـە ئـاموزش و پـەروەرش یەکیکە لە ناوەندە سەرەکی‌یەکانی گەشە و پەرەپیدانی فەرهەنگی لە کۆمـەلگادا. بەلام ئیستا ئـەم نـاوەندە لەژیـر چـەتری رژیـمی ئیسـلامی‌دا بوەتـە نـەهاد و سیسـتمیك لـە خزمـەت بلاو کردنەوەی خورافاتی مەزهەبی و بە فەساد کیشان و بە لاڕێدابـردنی میشـك و بـیری مـندالان و تـازەلاوان. لەم سیستەمەدا، فیر کردن نە تەنیا زامـنی گەشە و پەرەپیدانی فەرهەنگی کۆمـەلگا نیە، بەلکوو ریك بووەتە لەمپەریك لەم راستایەدا.

بەرتەسـك بوونـی فـەزای ئامووزشـی، فەقری ئابووری، سیاسەتی قانوونی کردن و دروست کردن و پیکهینانی مەدرەسە تایبەتی‌کان واتە مەدرسە غەیـرە ئینـتفاعی‌یەکان، زۆربـەی بـنەمالە کـریکاری‌یەکان و چـین و تویـژە نـەدار و دەسـت تەنگـەکانی کۆمـەلگای ناچـار کـردووە کـە نەهـیلن منداڵەکانـیان بچـنە مەدرەسـە.هـەروەها جیاکردنەوەی کچـان لـە کـوران، هـەلاواردنی جنسـی و مەزهـەبی لە وەرگرتنی دانش ئاموزان و بە کردەوە بـەریوە بـردنی ئـەو سیاسـەتانە لـە مـەدرەسـە و دانشگاکان و شوینەکانی بارهینان و پشکنینی بیرو باوەر و دەیان شتی لەم بابەتە، چەن نموونەیەکن لـەو سیاسـەتانەی کـە مـەدرەسـەکان و شـوینە ئاموزشی‌یەکانی کردووەتە شوینیك بۆ ئازاردانی خویندکاران و بەریوە بردنی ئەم سیاسەتانە کاریکی وای کردوە کە منداڵان و تازەلاوان هەمیشە لە داهاتووی خویان نیگەران بن.

هیچ شك لەوەدا نیە كە سەرجەمی ئەم هەنگاوانە كاریگەری خراپ دادەنیتە سەر جەستە و ڕۆحی منداڵان و هەستی فێر بوونیان تێدا لاواز دەكات. ڕەنگ دانەوەی سەرجەم سیاسەتە دژی بەشەرییەكانی ڕژێم لەنیو ئەدەبیاتی منداڵاندا، فەزای سەرجەم ناوەندەكانی بارهینانی گۆڕیوە و كردوونی بە ئۆرگان گەلیك بۆ پەرەپیدانی خورافاتی مەزهەبی. سەرجەمی ئەو شتانەش كە تییاندا ئاموزش دەدرین لە خومەت منداڵ و ژیانی ئەودا نیە و میشكیان پڕ دەكری لەشتی بێ كەڵك و بێبایەخ.

## ئیسلام نووسی و شیوەكانی لە ئەدەبیاتی منداڵاندا:

پیشتر ئاماژەمان بەوە كرد كە زیاتر لە دوو دەیەیە كە ئیسلام نووسی واتە ئەو شیوە ئەدەبییەی كە لەلایەن ڕژیمی ئاخووندەكانەوە داهیندراوە، لە لایەن ڕیبەران و تئوریسینەكانی كۆماری ئیسلامییەوە بە شیوەیەكی بەربلاو تەبلیغ دەكری. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ تا ئیستا هیچ پیوانە و معیاریك بۆ ئەم شیوەیە نەدراوەتە دەرەوە و تەعریف و پیناسەیەكی تایبەتی لێ نەكراوە. هەركەس بە بۆچوونی خۆی هەندیك تایبەتمەندی بۆ دیاری كردووە. بە سەرنج دان بەو شتانەی كە بە ناوی ئەدەبیاتی منداڵانەوە بڵاو كراونەتەوە و هەروەها بە سەرنج دان بە دووپات كردنەوەی هەندیك لەو قسانەی كە لەلایەن ئالقە لە گوێیان و تئوریسیەنە ئەدەبییەكانی ڕژیمەوە كراون، دەتوانین بڵین كە قەڵەمی ئیسلام نووسەكان دەبی لە خزمەت فیكر وبیروباوەری ئیسلام دا بێ.

كاتیك ڕاستییەكانی ژیان بە شیوەیەكی غەیرە واقەعی بوترینەوە و بینە سەر كاغەز، ئاساییە كە گیروگرفتەكانی ژیانیش ناتوانن خاوەن ڕیگا چارەی تەبیعی بن. نووسەرە ئیسلامیەكان زەینی خوینەر سواری ماشینیك دەكەن تا بەرەو ئەو شوینانە بیانبەن كە لە دەرەوەی زەمان و مەكان قەراریان گرتووە. ئەوان لەدەس ژیانی ئاسایی هەڵدین و بۆ ئەوەی بتوانن خوینەر بەرەو سەفەری جیهانی خەونەكان ڕابكیشن.

ئەوە لە ئوسوول و بنەماكانی ئیسلامی نووسیكە، كە پەنا بباتە بەر خەون و ڕوحەكان و ڕووداوە نائاساییەكان كە وجوودی عەینییان نیە. ئیسلامی نووس لەبەر ئەوەی كە نایهەوی یان نابێ ژیان بناسی، پەنا بۆ عەدەم دەبا. سەبارەت بەو جیهانەی كە لە بنەرەتەوە قابیلی ناسین نیە، قەڵەمی وەگەر دەخا. ئەو بۆ ئەوەی كە پەنا بۆ مادییات نەبا چاوی لە ئاست جیهانی دەور و بەریدا دەنووقینی و پەنا بۆ خەون دەبا، بۆ ئەوەی بتوانی حالەتە مالیخۆلیاییەكانی خۆی بنووسیتەوە و بیاننوێنێ.

ئەم نووسەرانە گەلیك هەوڵی ئەوە دەدەن تا بە خۆڵقاندن و سازاندنی بەسەر هات و ڕوداوی نائاسایی كە كتوپڕ و خولقیندراون، دیمەنی سەر سوور هینەر بخولقینن. لەم نووسراوانەدا ئیسانەكان نەك لە دەروونی چیرۆكەكەوە بەڵكوو بە شیوەیەكی تەسادوفی دینە گۆڕی تا قسەی نووسەرەكانیان بلینەوە. نووسەری ئیسلام نووسی بە تایبەتی لە كتیبی منداڵاندا، بەو مەبەستە قەڵەم بە دەستەوە دەگری و چیرۆك لە زەینی خویدا تاوتوی دەكا كە ڕاستی و دروستی ئیسلام ئیسپات بكا. هەر لەم ڕیگایەدایە كە جۆباری خۆین وەری دەخری و خوین و شەهید بوون لیك دەئالین تا ئاییەتە ئاسمانییەكانی پێ لیك بدەنەوە و ئەو دونیایەی كە ئیستا لەبەر دەس دایە بە هیچ و بێ بایەخی لەقەڵەم بدەن.

ئیسلام نووسی، بە قەڵەمیكی ١٤٠٠ ساڵ لەوە پیشەوە، گرسۆزیك بە دەستەوە و لە دونیای بەرین و ئاڵۆزی ئیستادا سەرگەردان و وڕ و پێ لە زەوی براون. هەڵس و كەوتەكان و داخوازییەكان و هەڵوەدایی قارەمانانی ئەم چیرۆكانە لە جادەیەك بە دریژایی ١٤٠٠ ساڵ سەرگەردانن. بەرگی شەڕی قارەمانەكانی ١٤٠٠ ساڵ لەوەپیش بە جۆرەها شیوە دەكریتە بەر ئینسانەكان و كەسایەتییەكانی ئەورۆ، تا ڕەنگە بەم شیوەیە بتوانن شتیكی نوێ بە ناوی هونەری ئیسلامی پیشكەش بكەن. بە بۆچونی ئەوان، ئەدەبیات بە بێ مەزهەب جیلوەی نیە و ناتوانی سەركەوتوو بیت.

دەبی بڵێین كە بایەخە ئەخلاقییەكانی منداڵان و پیوانە ناسراوەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی ئەوان لە نووسراوە ئیسلامییەكان دا شوینیكیان بۆ نیە. لەبەر ئەوەی كە ئاسوی ڕوانینی ئەوان كورتە. لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا، كەمتر سەرنج دەدریتە بارودۆخی ژیانی خەڵك و كۆمەڵ بە مەبەستی نواندنیان. ئامانجی ئەدەبیاتەكەیان بریتیە لە نواندنی قسە و تئورییەكانی نووسەر. واتە تەنیا مەبەستیان تەبلیغی مەزهەبە.

## هونەر و منداڵان!

بە وتەی کار بە دەستانی رژیم، هونەر تەنیا لە روانگەی ئیسلامەوە دەتوانی خۆی بنوینی و بەس. لە هونەری ئیسلامیدا ژیان هیچ پەیوەندیکی لەگەل هۆکارە عەینی و راستییەکان دا نیە. ئینسان کەسیکی بێ توانایە. کە وایە سروشتی هەموو مەسەلەکان هەر لە هونەرەوە بگرە تا ئابووری و سیاسەت، لە لایەن دەسەلاتیکی نادیارەوە چارەسەر دەکرین.

هونەر لە بارەگای رژیم دا تا ئاستی تەبلیغات دەهیندریتە خواری و ئەمە رژیمە کە بەرنامە و ئامانج و ناوەرۆکی هونەر، بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخ بوونی خۆی دیاری دەکا.

شەر لەگەل مونافەقین، خەبات لەدژی کوفر و ئامریکا و هیتر، کە هەرکام لەمانە بریتی بوون لە نیوەرۆکی نووسینی سەردەمیك لە هونەری ئیسلامی، کە هەر ئیستاش بە شیوازی جۆراوجۆرەوە هەن و بەردەوامن، کاریکی بۆ کراوە کە بە جیگای زۆر شتی زانستی، لە ئەدەبیاتی مندالان دا رەنگ بداتەوە. ئامریکا دژی ئیسلامە، سەدام پیاو خراپە، خاك پیویستی بە پاریزگاری و گیان دانە، ئەمانە و زۆر شتیتر ئەو ئەدەبیاتە پیك دینن کە رۆژانە دەخریتە میشکی مندالانەوە.

بە گشتی دەتوانین بلین کە هونەر و ئەدەبیات و پەروەردە و فیر کردن و زال بوونی دەزگای سانسۆر بەسەر ئەدەبیاتی مندالان دا، لە ئوسوول و مەنتەقی خۆی لایداوە و بۆتە وەسیلەی گەیشتن بە پلە و پایەی کۆمەلایەتی. یانی لە یەك کەلام دا شیوەی پەروەردە و فیرکردن و خەلاقییەتەکان بە لاریدا براون و لە شیوازیکیتر کە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئیسلام و داریژەرانی ئەم سیاسەتە، ریبەری و بەرەو پیش دەچی. مندالان هەر لە سەرەتاوە جۆریك رادەهیندرین و بە گویان دا دەخویندری کە بۆ ئیسلام و مەبەستە درۆینەکانی داهینەرانی ئەم مەکتەبە پیویست بن. دیارە ئەم شیوە لە ئەدەبیات و داهینانانە، لە داهاتوودا کاریگەری یەکجار قورس لەسەر جەستە و روحیاتی منداله پیگەیشتووەکانی ناو کۆمەل دادەنی و نیشانی دەدا کە مندالان لە دوارۆژدا لە کارە عەمەلییەکان خۆ دەدزنەوە و کاری بەکردەوە زۆر بە کەمتر لە کاری فیکری و نەزەری دەزانن.

## ئیسلام نووسی لە چیرۆکی مندالاندا:

چیرۆکی دووکۆتر، دوو پەنجەرە، دوو شیوە لە هەلفرین، لەو چیرۆکانەن کە دەکری ئاماژەیان پێ بکری و سەرنج بدریتە سەر ئەدەبیاتەکانیان.

دووبرای خویندکار کە ئاوەل دوانەن، تەسمیم دەگرن بچن بۆ بەرەکانی شەر. یەکیك لەو دوو برایە، ۱ سەعات زووتر لە براکەیتری لە دایك بووە و هەروەها یەك سەعات زوتریش دەکوژری. ناوەرۆکی ئەسلی چیرۆکەکە لەسەر ژیان و بەسەرهاتی برا چکۆلەکەیە. برا چکۆلەکە نیگەران و هەست ناسکە و بەردەوام دەچیتە ناو خۆی و فرمیسکەکانی لە چاوانی بەر دەبیتە خوارەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەم دوو برایە پیکەوە و لە یەك کات و زەمان دا نەکوژراون. برا چکۆلەکە بە برای بێگیانی دەلێ: بۆچی زوو بەجیت هیشتم. تۆ چ بەلینیکت بە خودا دابوو بۆ نەتهیشت شانازی شەهید بوون لەم بوارەدا بەدەست بهینم و روو بکەمە بەهەشت. مەگەر من شیت و شەیدای مردن لە پیناو ئیسلام دا نەبووم؟ مەگەر ناتوانم بمرم؟ مەگەر من پیم خۆش نەبوو سەردانی ئەودیوی کوی زەوی بکەم و میوانی خودا بم؟ مەگەر من نالایەقم؟ مەگەر من دلم بۆ ئاغا تەنگ نەبیوو؟! بۆچی تەنیا رۆیشتی؟ براکەم، ئەگەر پیکەوە لەم دونیایە رۆشتبانیایە ئەوە هەردوکمان دەچوینە بەهەشت وە لە نزیکەوە دەمانتوانی لەگەل خودا راز نیاز بکەین و ئاواتەکانمان ئەو ئاواتانەی کە لەم دونیایەدا بۆمان نەهاتە دی، لەوێ یەك لەدوای یەك دەهاتنە دی. دەزانی بۆ چونکە ئیمە بەسیجین و بە بەرگی بەسیجەوە دەمرین...

پاش ماوەیەك و لە ئاکام دا دوای ۱ سەعات برا چکۆلەکەش ئاواتەکەی دیتەدی و بە پرێشکەی خومپارە گیانی لەدەس دەدا. نووسەر لیرەدا دەکویتە پیدا هەلکووتنی وەڕی ئەم دوو منداله و تیدەکۆشی بە رازاندنەوەی وشەی جۆراوجۆر چیرۆکەکە و قارەمانی چیرۆکەکەی بە خوینەرانی بناسینی و ئەوان بانگهیشت بۆ بەرەکانی شەر بکات و زەین و میشکی ئەوان بەم شتانە خەریك بکات و دلی گەورەکانیشی لە خۆی رازی کردبیت. چۆنکە نەیویستووە شتیتر فیری مندالان بکات.

گۆشەیەکیتری ئەم چیرۆکە بریتییە لە:

ئەگەر کەسێك بیهەوێ بەختەوەر بژی

ئەگەر کەسێك بیهەوێ بە ئاواتەکانی خۆی بگات

ئەگەر کەسێك بیهەوی بە دەرەجەی شەهادەت بگات

ئەگەر کەسێك بیهەوی خودا لی رازی بێ

ئەوا دەبی فێری خودا پەرەستی و چاکە بێ و لەو پیناوەش دا تێبکۆشی و هەول بدات ئەوەی ئیسلام دەیهەوی بە ئەنجامی بگەینی.

ئـەم کتێبـە هـەروەك لە ناوەکەیدا دیارە، دەیهەوی ئەلف و بێ فێری منداڵان بکات و تایبەت بە مـنداڵانی دەورەکانی سەرەتایی‌یە. ئێستا سەرەنج بدەنە ئەو وشە و کەلیماتانەی کە بە شێوازی جۆراوجۆر لەم کتێبانەدا بەکار بردراون و رازاونەتەوە:

هەلـەت بـەر، تـانك، تـەور، چـەقۆ، شەمشـێر، سـەنگەر، سـەرباز، ماشـێنی گەورە،مزگەوت، سەرنیزە، حیجاب، چارشێو، نوێژ کردن، رۆژو گرتن، دەزنوێژهەلگرتن.

مـنداڵانی ئـێران هـەر لـە سـاڵەکانی سـەرەتای خوێـندنەوە دەبی شێوەی نوێژ کردن فێربن و گوێ بۆ پەند و ئامۆژگاری پێغەمبەران و ئیمامان شل کـەن و لەگـەل ئـەخلاقی ئـەوان ئاشـنا بـن و چاو لە ئەوان کەن. کچان دەبی فێری ئەوە بن کە چۆن لەگەل جنسی دووهەم بوون و بێمافی بێئەم لاو و ئـەولای بەکـەم دانـان و خـۆ بەکـەم زانـین رابـێن کـە کتـێبی ئاسمـانی بۆی بە دیاری هێناون. دەبی فێری ئەوە بن کە قژیان بە مەقنەعە داپۆشن. دەبی فـێری ئـەوە بـن کـە نـەکا تاڵـێك لـە موی سەریان وەدیار کەوێ. دەبی فێری ئەوە بن کە پێش بە هەموو هەستە دەروونی‌یەکانی خۆیان بگرن تەنانەت کـاتی پـێکەنین دەبـی بـەر بە خۆیان بگرن نەکا ببنە هۆی بزواندنی هەستی پیاوان و لاوانی کوڕ. وشیارترین و لیوەشاوەترین خوێندکار دەبی ببێتە حافزی قورئان.

## شەر و شەهید بوون!

ئیسلام نووسەکان شەر وەك نیعمەتیکی گەورە و گرنگ چاو لێ دەکەن. نیعمەتێك کە دەبێتە هۆی شەفافتر بوونی هونەر و ئەدەبیات.

لـە پێشـوودا وتمـان کـە لـە سـاڵەکانی پـێش راپـەرینی ٥٧ بەرهەمـێکی ئـەوتۆی سـەربەخۆ بـۆ مـنداڵان بلاو نەکرایەوە. دیارە لەم پەیوەندی‌یەدا بەرهـەمی جۆراوجـۆر کـە هـی نووسـەرانی پێشـوو بـوون، خوێـان نیشان دا، بەلام هیچکامیان نەیانتوانی ئەدەبیاتی منداڵان بیننە ئەو ئاستەی کە کۆمـەل پیویسـتیتی. لـە دوای شۆرشـی ساڵی ٥٧یش، ئەدەبیاتی منداڵان بە هۆی گۆرانکاری‌یە شۆرشگێرانەکان بە تایبەت لە ساڵەکانی ٥٧ و ٥٨ دا بـە شـێوەیەکی بـەرین بـلاو دەکـرایەوە. بـەهۆی ئـەوەی لـەم سـاڵانەدا هـیچ سانسـۆر و یاسـایەك لەسـەر کار نەبوو، ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران، ئەدیـبان و بیرمـەندان  مۆتەرجیمان روویـان کردە ئەدەبـیاتی مـنداڵان. بـەلام لـە دوای سـاڵەکانی ٥٧ و ٥٨ و لەگـەل هاتـنە سـەرکاری ئۆرگـانی سـەرکوتگەر لـە چەشـنی وەزارەتـی ئێرشـادی ئیسـلامی، سـەرجەمی ئـەم هەلسـوورانانە بـەریان پـێ گیرا و بەرتەسک کرانەوە و بوون بە ئەدەبیاتیکی ئیسـلامی و سـەرجەمی ئەدەبیاتەکانی‌تر لـە چـاوان دوور خرانەوە. هاوکات لەگەل دەست پێکردنی شەری کۆنەپەرستانەی ئێران و عیراق، ئەدەبیاتی مـنداڵان چـوە نـاو عەرسـەیەکی‌تر لـە بەربەسـتەکانی خۆیـەوە سـەرجەمی نووسـەرە ئیسـلامی‌یەکان بە تایبەتی ئەوانەی وا کاریان لەسەر ئەدەبیاتی مـنداڵان دەکـرد، تەنـیا کاریـان ئـەوە بـوو کـە "شـەر و ژیـان و مـردن" پـیکەوە گـرێ بـدەن و مێشـکی سـەرجەم توێژەکـانی نـاو کۆمـەل بـەرەو سـەنگەرەکانی شـەر رابکێشـن. دیـارە بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بـە هێـنانەوەی ئایاتی جۆراوجۆری قورئان، نەقلی قەول لە ئیمامەکان، ئەدەبیاتی خۆیان رازاندەوە و بەرهەمێکی تازەی کاتی شەر دەرخواردی کۆمەلانی رەنج دیتوی ئێران درا.

## کتێبەکان ئابەم شێوەیە دەدوێن:

"پێویستە بـۆ دەربـاز بـوون لـە کێشـەکان، بـۆ پارێزگاری لە خاك و ولات، بۆ دەرهێنانی خاك و ولات لە چەنگی داگیرکەران، بە دەرەجەی هەرە سەرەوەی شەهادەت بگەین".

هاوکات لەگەل دەست پێکردنی شەری نێوان عێراق و ئێران، هیچ وشەیەك بە ئەندازەی شەهید و گیان بەخشین مانایەکی بەرزی نەبوو. هەر کوێیەك دەچوی باس باسی ئەم وشەیە بوو. راگەینە گشتی‌یەکان، کتێبەکان، شێعرەکان، تلویزیون، رادیۆ، کوچە و کۆلانەکان هەموویان بە وشەی گیان بەخشین رازابونەوە. سەرجەمی ئەدەبیاتی ئەو دەورانی مندالان پر بوون لە شەر و کیشەکانی ئەو کاتی نێوان دوو ولاتی ئێران و عیراق. لە پاش ئەوەش دا باس لە حەماسە، فیداکاری، شەهادەت و هەروەها گێرانەوەی چیرۆکەکانی تایبەت بە شەر.

لەگەل دەست پێکردنی شەر، کانوونی پەروەرشی فیکری مندالان و تازەلاوان دەستی کرد بە چاپ کردنی کتێب گەلی لە چەشنی کۆکردنەوەی هەنگاوەکانی پێ‌بەپێی شەر. هۆی سەرەکی ئەم کارەش کۆکردنەوەی بەسیج و راکیشانی سەرنجی لاوان و تازەلاوان بوو بۆ مەیدانەکانی شەر.

ئیسلام نووسی عاشقی شەرە، هەربۆیە لە کتێبی مندالان دا بە تایبەتی ئەو کتێبانەی تایبەتن بە گێرانەوەی شەرەکانی ئێران و عیراق دەلێ:

سەر و دەمانێك من رۆژنامە نووس بووم، راپۆرتی جۆراوجۆرم لەم پەیوەندی‌یەدا ئامادە دەکرد، شتی جۆراوجۆر و بابەتی جۆراوجۆرم دەنووسی، سەفەرم دەکرد، ئاخ چەندە خۆش بوو...!

بەلام بڕواتان بێ هەر لە سەرەتاوە خولیای شەر بووم. هەر بۆیە دەتوانم بلیم:

شەر ئایەیەکی ئاسمانی و لە هەمان حال دا دیاریەکی بە نرخە کە دەبی بپاریزرێ.

ئیسلام نووسەکان بەوەی کە لە ماوەی دوو دەیەی رابردوودا خولقاندویانە، دژی سولح و ئارامشن، دژی موبەلیغانی سەرەکی ئەم ریگایەشن. ئەوان تەنانەت لەگەل راگەیاندنی جیهانی مافی مندالان ناکۆکی‌یان هەیە. ئەوان پێ‌یان وایە کە مندال تەنیا لە چوارچیوەی دینی ئیسلام دا دەبی مافی بپاریزرێ. تازە لەم پەیوەندیش دا بە هیچ جۆریك لایەنگری لە سەرجەم چین و توێژەکان و رەگەزەکانی ناو کۆمەل ناکەن و تەنیا پەیرەوانی خویان پێ ئینسانە.

ئاشتی و هەلاواردنی رەگەزی و مەزهەبی، لەم راگەیاندنەدا کە جیگای رەخنەی ئیسلام نووسەکانە بە ئاشکرا رای دەگەینن کە لەگەل ئەو بەندەی راگەیاندنی جیهانی مافی مندالان، کە تیدا هاتووە: نیوەی دانیشتوانی دنیا مندالان پیکی دەهینن، دژایەتی‌یان هەیە. ئەوان نانیان دەوێ، ئاموزشیان دەوێ، ئاشتیان دەوێ، ئەوان هاوار دەکەن: ئەوەیە هاواری ئیمە، ئەوەیە ئاوات و خوزگەی ئیمە، ئاشتی لە تەواوی دنیا.

بەلام بە داخەوە بە جیگای بەدیهینانی سەرجەم ئەو داوایانە ئەوان بەدەس برسیەتی‌یە و هەژاری و دەربەدەری‌یەوە دەنالینن. ئەوان مەرگ و میر و شەر و ئاژاوە و بێ‌سەرپەنایی یار و یاوەریانە. ئەمەیە کە رۆژانە دەیان و سەدان تراژیدیای دلتەزین لیرە و لەوێ روو دەدا کە واتە با هەموومان یەك دەنگ و یەك بڕوا بروین بەرەو لوتکەی رزگاری و وەرچەرخانیکی گەورە لە ئەدەبیاتی مندالاندا.

**تێبینی: ئەم بابەتە بە شیوەیەکی ئازاد وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی**

# کۆمەڵە شیعری "باران و دڵۆپە" و خوێندنەوەیەك

ن: یونس. م

"باران و دلوپە" ناوی یەکەمین کۆمەلە شیعری چاپکراوی هاورێی شاعیر "سەعیدی ئەمانی"یە کە بە ریکەوتی مانگی گولانی ١٣٨٢ی هەتاوی لەلایەن ئینتشاراتی ناوەندی کۆمەلەوە چاپ و بلاو کراوەتەوە.

سەرتا ئەوە بلێیم کە مەبەستی من لە نووسینی ئەم بابەتە ئەوە نیە کە بێم شیعرەکانی شاعیر لەبواری تکنیك و زمان و پیکهاتەی شیعریەوە لیك بدەمەوە. ئەمە بۆ خۆی بەحسیکی ئاوەلاتر و بەربلاوترە کە هیوادارم لەداهاتودا بتوانم خۆی لی بدەم. مەبەستی من لیکدانەوەی چەند شیعریکی و دەبرینی دید و بوچوونی خۆمە سەبارەت بەم کومەلە شیعرە.

هەر کەسیك کە تەنیا جاریك و بەچاوی مشتەری و شیعر خوشەویسییە وە، ئەم کۆمەلە شیعرە بخوینیتەوە بەوە دەگات کە سەرجەمی ئەو شیعرانەی کە لەم کتێبەدا چاپ و بلاو کراونەتەوە هەلقولاوی دوو دەورەی تایبەت و لە هەمان کاتیش دا هەلینجینراوی قوناغی یەکەم لەژیانی شاعیرن.

ئەمانە چەند تایبەتمەندین کە خوینەری مشتەری زۆر زوو دەتوانی هەستی پی بکات.

دەوری یەکەم: ئەو شیعرانە لەخۆ دەگرێ کە شاعیر با ئەوەی کە خاوەنی بیروباوەر و ئیدئولوژیکی سیاسی تایبەتە و قاچاخە بەلام لەنیو کۆمەل دا ژیانی ئاسایی دەباتە سەرو سەرەرای ئەوەی کە خەریکی کاری ئاگاهکەرانە و سیاسییە، بەلام بە ناچاری زۆر ئاساییانە دریژەی بە ژیانی خۆی و شیعری دەدات. چونکە دوان لە راستی و باسی ئاوات و ئارمان باسی سەرەومەرگی بە دواوەیە. شاعیر ناچارە پەنا بەرێتە بەر زمانیکی تایبەت و میعمارانە و هەستی خۆی و راستی دلی بە کۆمەلیك ئیستلاحی تایبەت و کارناسانە دەردەبری.

دەوری دووهەم: ئەو شیعرانە لە خۆدەگرێ کە شاعیر هەروەك خۆی دەلێ بەهۆی چالاکی سیاسی بۆتە میوانی کۆماری ئیسلامی و بۆ ماوەی ٥ سال لە زیندانە تاریك و شێدارەکانی ئەم رژیمە جنایەتکارەدا و لەژیر گریی قەمچی ئەو ملهورانەدا ژیانی بەسەر بردووە. ئەم شیعرانەش رەنگ و بۆی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە دواتر دەچینە سەریان.

قوناغی یەکەمی شیعر و ژیان: ئەم قوناغە بریتییە لە ژیانی شیعری شاعیر لەو کاتەوە کە هەستی شاعیری تیدا چەکەرە دەکات تا ئەو کاتەی کە ئیران بەجی دیلی و هەروەك خۆشی دەلێ: "بۆ ئەوەی جاریکی دیکە زەحمەتی میوانداری نەخەینەوە سەرشانی کۆماری ئیسلامی بە ناچاری سەری خۆم و مال و مندالم هەلگرتووە و لە باوەشی "زرگویز"دا داگیر ماوینەتەوە".

لەو کاتەوە قوناغی دووهەمی ژیانی شیعری شاعیر دەست پیی دەکات، ئیتر ناچار نیە وەك پیشو بە ئیستلاح و بە کەنایەوە قسە بکات و بە زمانیکی راست و رەوان هەستی دەرونی دەردەبری و لە بواری زمانیشەوە ئال و گور لە شاعیردا پیك دێ.

هاورێی شاعیر هەول دەدات کە شیعرەکانی رەنگدانەوەی و دەرد و ئازارەکانی نیو کۆمەلگا بێ. هەول دەدات هەلویستی خۆی بە شیعر لە ئاست ئەو سیستمە زالمانەیە دەرببرێ. شاعیر لە وەزعی مەوجود نارازیە، پەیوەندیەکانی نیو کۆمەلگا ئەهۆنی ناکەنەوە. شاعیر "ریبوار"ێکە بەسەر شەقام و شوستەکانی ژیاندا رێ دەکات لە شاخ و هەلدیر و تاریکستان هەلدەکات و چرستانی ژیانی ژیردەستەیی بە هەنگاوی ئارەزو دەپێوی. هیچ کام لەو بەناو شادی و خۆشیانە و هیچ لەو گروتینانەی کە گوایە بەپێی فەلسەفەی نیزامی لەسەر کار بۆ ژیان کردن پیویستن گەرمی ناکاتەوە. ئەوە تا خۆی لە یەکەمین شیعری ئەم نامیلکەیەدا ئاوا دەلێ:

سۆلەی گڕی
ئەم سۆیانە
ناتوانن گەرمم کەنەوە.
ئەم گلۆپە بچکۆلانە
ڕووناکی تەواو نابەخشن
کوا ئەم کۆیرە ڕێگایەنە
ئەو شارێیەن
من دەمەوێ؟

❊ ❊ ❊




هاوار ... هاوار
لەم شەوگارە زستانیەدا
کەسیرە بووم.
ڕێبواریکم
تا ئەو کاتەی
باڵە فڕەی مەلی ویستم
بە هەودایەك
کەزیەی زەردی
خۆرەتاوێ دەبەستمەوە
ڕێگە دەبرم.

❊ ❊ ❊

دەستت بێنە
بیاخە ناو دەستمەوە

سۆڵەی گڕی ئەم سۆیانە

ناتوانن گەرمم کەنەوە.

هـەروەك وتمـان شاعیر، مرۆڤیکی نارازی بە هەموو ئەو شتانەیە کە لەناو کۆمەڵگادا باون و هەر رۆژەش تەبلیغیان بۆ دەکرێ، شـاعیر تاکێکـە لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا کە بۆتە ریبواریکی هەلوەدای ژیانیك کە ئاوات و ئارەزوەکانی دامرکێنیتەوە. بەدوای دەستیك دا دەگـەری، ئـەم دەسـتە ژیانـیکی نوێـیـە، دەیهـەوی ئـەو ژیانـە نوێـیـە بیت و بیخاتە گەژاوەی کامەرانی. ئەمە ئەم ژیانەیـە کـە شـاعیر بەپـێی ئـەوەی کە خوازیارێتی قاچاخ دەبێ و زیندانی دەکرێ و چونکە داوای دەکات دەبێ تەرەبێ و ژیانی پیشـمەرگانە بگریـتە بـەر و شیعرەکانی چەکی لە شانیەتی بە جانتایەکی پر لە هیواوە لەشاخی ئەستەم و چری ژیان هەلدەبێ و بۆ ژیانی دلخوازی خۆی و هاچارەنووسانی تیدەکوشی.

شـیعری "رێـبوار" دەتوانـی ناسـنامەیەکی کـورت و لـە هـەمان حالـیش دا دیدیکـی هەمەلایەنـەی شاعیر بیت لە ژیان. ئەو شـیعرە لەزمانی شاعیرە دەلی من ئەو کەسەم و بۆ ئاوا ئامانج و بیروباوەریك خەبات دەکەم. ئەو جار کە بەو شیعرە شاعیرمان ناسـی و بـە بـیوگرافی کورتـی دیـد و بۆچـونەکانیدا هاتینە خوار دەگەینە شیعری "شیعر چیە". ئەم شیعرە نە تەنیا دید و روانگـەی شاعیر نیسبەت بە شیعر، بەلکو لە کولییەتی خۆیدا روانگەی ئەو بە نیسبەت ئەدەبیاتی سەردەمی ئیمە دەردەخات. دیـارە ئـەو دیـدە خـۆی لـە قالیی ئەو شیعرەدا کونجاندوە. هەر شاعیر و نووسەر و شیعرناسیك دیدی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ شـیعر و بەپـیی لـیکدانەوەی خۆی شیعر پیناسە دەکات. یانی ئەوە لە روانگەی هاورێ "سەعید" یشەوە راستە ئەویش لەسەر ئەو قەناعەتەیە، چونکە بۆ خۆشی دەلێ:

شێعر چیە؟

خڕکە بەردی

ئەم پرسیارە

گەلێك جاران

گۆی بیری ئەو کەسانەی

هێشتا شێعریان نەناسیوە

هەژاندوە.

شێعر چیە؟

ئەم قامچیە

پشتی ئەسپی لێکدانەوەی

زۆر کەسانی

تەزاندووە.

لـە روانگـەی شـاعیرەوە ئـەو کەسـانەی کـە ئـاوا بـیر دەکەنەوە و هیشتا بەو قەناعەتە نەگەیشتون کە دەبی شیعر وەك بواریکی ئـەدەبی و هونەری دەبی لە خزمەت بەرژەوەندییەکی دیاری کراوی ئیدئولوژیکیدا بی. شاعیر لەم روانگەوە بۆ ئەرکی شیعری سـەردەم دەچـی و وەك تاکـیك لـە چـینیکی جـیهانی کـە چینی کریکار بێ پیی‌وایە بۆ ئیمە وەك چینی کریکار کە خۆمـان بە

**خـاوەنی فەرهـەنگ و ئـەدەبی پیشـرەو و کـریکاری دەزانـین، پـیمان وایـە ئەدەبـیات و شـیعریش وەك بواریکی ئەدەبی چەکی مـەعـنەوی چینەکەمانەوە، دەبێ بێ پەردە و رەسا دەرخەری راستییەکانی کۆمـەلگای مرۆڤایەتی بێ. دەبی تووی هیواداری لە نـیو دلـی جـەماوەردا بچـنێ، دەبـی رەنگدانـەوەی خواسـت و ئاوات و قوناغە جۆارجۆرەکانی خەباتی چینی کریکار بیت، کە خولقیـنەری هـەموو نـاز و نـیعمەتەکانی جیهانی بیپانتاییيە. هاورێی شاعیر قۆلی لی هەلمالیوە و بەو دید و بۆچونەوە خۆی هاویشتوتە ناو ساحەی زۆرەوانی شیعر. ئەوەتا بۆ خۆی بە ئاشکرا دەلێ:**

**شێعر:**

**ماسی نیگای مرۆڤێکی بێ ئەنوایە**

**لەنێو گۆمی**

**ئارەقی شەرمی ئەندامی**

**ژێر زەوینێکی**

**شێدارا مـەلە دەکات**

**لای من شێعر**

**وردە هەنگاوی ڕاوکەری**

**چیای ژینە**

**بەشوێن جێگا پێی کەروێشکی**

**سرکی نانا!!**

**ئـەم شیعرە مـانیفیسـتی شـیعرەکانی شـاعیرە و بـەو دیـدەوە تـا هـاتووە دەرگای شیعری کوتاوە. شیعرەکانی لە دەرد و ئازار دەویـن و لـە کۆتـایش دا وەك کەسیکی شورشگێر ئالترناتیوی خۆی هەیە. باس لەو ریگایانە دەکات، کە هەر کەسیکی نارازی لە وەزعی مەوجود بۆ رزگار بوون پیویستە بۆ رویشتن هەلیانبژیرێ.**

**بیشـك ئـاوا روانگـە و ئامـانجیك دەبـی بیروبـاوەرێکی لـە پشت بی. شاعیر بەهۆی ئەم بیروباوەرە و هەلسووڕانی سیاسی چەند جـاریك لەلایەن پاریزەرانی سەرمایە قولبەست و راکیشی بەندیخانە دەکری و دەکەویتە بەر ئازار و ئەشکەنجەی روحی و جسمی و ئـەو جـار لـە شـەوانی تـاریك و چـاو نەبیـنا لەگـەل مـیلەکانی زیـندان دەسـت لە ملان دەبن وپیکەوە دینە قسە. شاعیر لە زیندانـیش دا هـەروەها هـاورێی شـیعر دەمینیـتەوە و لـەریگای شـیعرەوە بـاس لەو ئازار و ئەشکەنجانە دەکات کە لەسەری بە تـاقی کـراوەتەو. شەوانە و بە دوور لە چاوانی پاسەوانان و بەدوور لە چاوانی سیخورەکانی هاوبەندی کاغەزە شرەیەك یا خوت پاکەتـە کۆنـیکی جگـەرە دەر دێـنی و هەسـتی لەگـەل قەلەمـیکی بـالا کـورت لەسـەر کاغـەز دەسـتەملان دەبن. لەگەل هەر چاوپیکەوتنیك دا شیعرەکانی لەبال دەدات بۆ دەرەوەی زیندان.**

**هـەر وەك پیشـتریش وتمـان ئەو شیعرانەی کە لەو دەورەیەدا وتراون رەنگ و بۆی تایبەت بەخۆیان هەیە. چونکە دەرد و ئازار یا خود دوری لە ژن و منـال و دوری لە فوئاد[1] دەبێتە هەستیکی قاچاخ و لە قالیی شیعردا خۆی دەنوێنی.**

[1] **فوئاد ناوی کورە گەورەی شاعیرە**

**شاعیر زۆر شەو و رۆژ لەگەل لانکەی بە دەسرازە تەنراو کە نێوی سلولیان لیناوە دەباتە سەر. ئاشنای هەموو شتەکانی سلولە و سلولیش هەمیشە ئاگای لە شاعیر بووە کە ئەشکەنجە و ئازار دراوە.**

**ئەوەتا خۆی ئاوا دەڵێ:**

**من و سلول**

**دوو ناسیاوی لە مێژینەین**

**من شارەزای**

**ڕازەکانی نێو دەروونی و**

**ئەویش ئاگای**

**لە ئەشکەنجە و ئازارمە.**

**شاعیر باش دەزانی کە لەسەر چی گیراوە و بۆ چی بەندیخانە بۆتە مالی، شاعیر بە پێچەوانەی نیزامی دەسەلاتدار رێ دەکات، ئەوەش بۆ خۆی حوکمی مەرگی بە دواوەیە. جەللادان پێیان وایە بە گیران و لیدان و ئازاردان هاورێی شاعیر دیتە سەر ئەو ریگایەی کە ئەوان هەلیان بژاردوە و بەراستی دەزانن، جەللادان داوای هەلگەرانەوە و توبەی لی دەکەن، بەلام ئایا شاعیر تەسلیم دەبێ و پشت لەبیروباوەری خۆی دەکات. ئەوەتا شاعیر بۆ خۆی بەو شیعرە ولامی پرسیارەکەمان داوەتەوە.**

**چیان دەوێ؟**

**دەیانەوێ**

**ماسی سرکی شێعرەکانم**

**لە تالاوی**

**ئەم سلولە بەرتەسکەدا**

**بتاسێنن.**

**دەیانهەوێ**

**دانی ترس برێژنە بەر**

**پەڕەسیلکەی شێعرەکانم**

**هەر بەدوای کەلەپچەکەم**

**بیانگرن.**

**دەیانەوێ**

**هیلکەی قەلی سەر نەواندن**

**بنێنە بەر**

**هەلۆی کورکی هونراوەم و**

**خۆیم و نووسراوەم پێکەوە**

**بە سێدارەی**

سەر شۆڕیدا هەڵبواسن.
شاعیر دەزانی کە ئەو بە تەنیا نیە و هاوبیر و بڕوای زۆرە. لە مەبەستەکانی دوژمن بە باشی تیگەیشتووە. دەیانهەوی بەلاریدا بەرن. دەیانهەوی لەو ریگایەی کە هەلیبژاردوە پاشەگەزی بکەنەوە. و بەجۆرە لەنیو خەلکدا ریسوای بکەن. مەبەستی شاعیر لە "سیدارەی سەر شۆری" ریسوا بوون لەنیو خەلکدایە. بۆیە شاعیر تەسلیمی فەرهەنگی دەستە و نەزەر نابێ و ناتوانی خۆی فریو بدات و بە هونراوە خزمەت بە مانەوەی ئەو نیزامە بکات. بۆیە مل نادات و ئازار و ئەشکەنجە بەسەر ئەو ژیانەدا تەرجیح دەدات.
بەلام با بزانین تەواوی ئەو هەول و تیکۆشان و خۆراگرییەی هاوری "سەعید" بۆ چیە. بە چ شتیك پشت ئەستورە کە ئاوا لە بەرانبەر ئازار و ئەشکەنجەدا رادەوستی. یا خود هاوریی شاعیر هیوای بە چ شتیکە.
شاعیر پشت ئەستوورە بە کاروانیك کە لە ناخی ئاوات و ئارمانەکانیدا ملی ریگای گرتوتە بەر.
مەبەست لە کاروان بزووتنەوەیەکی بەهیزی کۆمەلایەتیە. بزووتنەوەی چینی کریکاری کوردستان. دیارە ریبەری ئەم بزووتنەوەیە یا خود بە قەولی شاعیر سەر قافلەی ئەم کاروانە کۆمەلەیە.
ئەم بزووتنەوەیە شتیکی عەینی و هەست پیکراوە و خاوەنی پیگەیەکی بەهیزی کۆمەلایەتیە. ئەم بزووتنەوەیە لە کاتی سەر هەلدانیەوە تا ئیستا گەلیك هەوراز و نشیوی جۆراوجۆری بریوە بەلام هیچ کات لەو کەند و کۆسپە عەمەلیانەی کە بۆیان پیك هیناوە نەسلەمیوەتەوە و بە بی گویدان بەو گرفتاریانە دریژەی بە رەوتی بەرەوپیش چوونی خۆی داوە، چونکە بزووتنەوەیەکە پشت ئەستور بە خواست و داواکاریەکانی چینیکی زیندووی ناو کۆمەڵ. چینیك کە خواست و سیاسەتی خۆی و دیاری کراوی هیەیە و بەلاریدا ناروا. ئەم کاروانە هەروەك وتم بزووتنەوەی خەلکی کریکار و زەحمەتکیشە دیارە ریبەرەکەشی کۆمەلەیە و ناتوانین لیکیان جیا بکەینەوە. شاعیر لەو شیعرەدا باس لەو دەرد و بەلا و نەهامەتیانە دەکات کە دوژمنانی بەسەر بزووتنەوەکە و ریبەرەکەیاندا هیناوە، بەلام ئەم بزووتنەوە ئەوەندە پتەوە کە بە دریژایی میژووی خۆی توشی نوشستی نەهاتووە و هەروا ری دەکات. شاعیر لە شیعری "ریبوار"دا خۆی وەك تاك دەبینی و بەرەو ئاواتەکانی هەنگاو دەنی گەلیك سەختی و دژواری دەبینێ و لە گەلیك شاخی ئەستەم و قەلای لە گیران نەهاتو دەدات. دەگیری، زیندانی دەکرێ، ئازار و ئەشکەنجە دەدری و داوای تۆبەی لی دەکری. ئەم ری رۆیشتنە بەردەوامە تا دەگاتە شیعری "کاروان" و ئەوجار دەبیتە تاکیك لە بزووتنەوەیەکی گەورەتر و زیندوو و بەهیزتر. شاعیر کانیەکی تەقاوەی چکولەیەکە تەمایەتی لە هەموو هیز و رند و هەلدیر و شاخیك تیپەری تا دەگات بە بەحری دایکی. لەو ریگایەشدا هەر چەشنە ئازاریك بەگیان دەکری. پال پشتی هاوری سەعید ئەم بزووتنەوەیە کە زیاتر لە سێ دەیەیە لە کوردستان لە ئارادایە و سەدان کانیلەی وەك ئەوی تیکەل بووە.
کاروان
دەنگی زەنگی
کاروانێکم دێتە بن گوێ
لە پێدەشتی ئاواتە دێرینەکانما
هێدی هێدی
دێ و دەئاژوێ.

**ئەم کاروانە**

**ڕووبارێکە بە دەیان جار**

**سەدی لەبەر بەستراوە و**

**کە چی هەروا بەرێوەیە.**

**ئەم کاروانە**

**ڕێبوارێکی شاری خۆرە**

**سەدان ساڵە بەرێوەیە و ماندوو نەبوە.**

**خوینەری ئازیز!**

**بە بڕوای من یەکیکیتر لەو خالە بەهیزانەی کۆمەلە شیعری باران و دلوپەی هاوری سەعیدی ئەمانی کە بایەخی شیعرەکانی هەروەها کاری شاعیری ئەم هاورێیەی چەند قات زیاتر کردەوە و خوینەر هان دەدا هەموو شیعرەکانی بخوێنیتەوە پیشەکی ئەم کتێبەیە کە شاعیر ناوی پیناسەیەکی کورتی لەسەر داناوە و لەراستیدا بیوگرافیکی کورتی ژیانی شاعیرە. ئەوەش ئەوەیە کە شاعیر بەدریژایی تەمەنی لەبەر نەبوونی و هەژاری بنەمالەکەی نەیتوانیوە بچیتە مەدرەسە و بەرەسمی فیری خویندن و نووسین بیّ. ئەوە داخیکی گەورە بۆە بۆ شاعیر بە دریژایی ٤٣ سال لە تەمەنی لەسەر دلی قورسایی کردەوە فرمیسکی حەسەرەتی بۆ بیبەش بوون لە نیعمەتی خویندن هەلرشتوە. ئەوەتا خۆی لەم بارەیەوە دەڵی:" خۆلیای خویندن و چونە قوتابخانە هەر لە منالیەوە بۆتە گریمانەیەك و تا ئیستاش لەسەر دلم بە قەدەر کیوی ئاسمان بلاغی قورسایی دەکات و بارە".**

**بەلام شاعیر هەر لە منالیەوە هۆگری کتیب بوە خوشی دەڵی: ئەو کاتانەی کە شوان یان کاردار بوە کتیبی لەناو تورەکەی نان و پیخورەکەیدا هەبوە و بی ئەوەی کە بتوانی بیخونیدەوە. بەلام خۆ بیگومان شاعیر لەو سەردەمەدا دنیایەکی لەگەل رەسم و وینەی ناو ئەو کتیبانە بردوتە سەر و خۆی بۆتە پالەوانی وانەکان و کاتیکیش سەری گیژی لەسەر کتیبەکە هەلکرتوە پر بە سینە و بە قەد دنیا ئاخیکی هەلکیشاوە. شاعیر بە یارمەتی مامی فیری خویندن و نووسین دەبی و ئەو جار دەزانی کە بۆ چی دەبی هەمیشە هاورێ گیانی بە گیانی کتیب بی و دەبنە دەزگیرانی یەکتر و هەمیشە یەکتر دەخوینەوە.**

**بەلام ئەوە چ شتیکە کە دەبیتە هۆی ئەوە کە ئەم هاوریە ببیت بە شاعیر و بەجۆرە ئازارەکانی دەرببری. پەیوەندیەکانی زالمانەی نەزمی مەوجود بەجۆریك کاریگەری لەسەر ئەم شاعیرە داناوە کە بۆ دەربرینی ئاخ و خوزگە و ئاوات و تاسەکانی پەنا دەباتە بەر قەلەم و قەلەمی شیعری لە مەملەکەتی هەست و لە گورەپانی لاپەرە تاو دەدات و هەر کام لە شیعرەکانیشی جلەوی ئازاریکی کۆمەلایەتییان پییە و بەرەو لەبانگ دانی بە ئاشکرای دبات. "سابیر بویاخچی" کە سوژەی یەکیك لە شیعرەکانیەتی بیگومان لە هەناوی خۆیدا باس لە ئازار و چاوەروانی تەنیا یەك سابیر ناکات. سابیر نوینەری ئەو هەموو مندالیە کە لە مەملەکەتی شاعیر خەریکی واکسی لیدان و چاوەرین ریبواریك بیت و کەوشەکانی بویاخ یا خود واکسی لی بدات. یان شیعری "لاوین" ناتوانی بە تەنیا سەنەدەکەی هی ئەو کچە لاوە تەونکەرە بیّ. لاوین بە تەنیا یەك کەسە بۆتە پالەوانی ئەم شیعرە بەلام بە هەزاران لاوین هەن کە لە دیوە تاریك و تونوکەکاندا خەریکی فەرش کردن و دلیان بەندە بە لیدانی کارتەك لیدانی فەرش. زۆرن ئەو لاوینانە کە تال بە تالی زۆلفیان تیکەل بە تان و پوی فەرشەکە دەکەن و لەبەرانبەر حەقدەستیکی کەمدا زەرە زەرە دەتوینەوە دەبنە نیگاری فەرشی بە دەیان لاوینیتر.**

هـەم سـابیر و هـەم لاویـن لەگەل ژیانی سەردەمی شاعیر "رۆحی و جسمی" هاوئاهەنگ و شایەدیش فلاشبەگیك بن لە ژیانی شـاعیر، بۆیـە لـەبواری رۆحـی و رەوانی‌یـەوە شـاعیر هەسـت بـە هاوبەشـی دەکـات. بـە دیـتنی ئـەم دیمەنانە ئاخیك و شیعریکی چاوگەشی لی لە دایك دەبیّ.

خوینەری بەریّز!

بەبـروای مـن لـیکدانەوەی یەکـە بە یەکەی شیعرەکانی هاوریّی شاعیر "سەعیدی ئەمانی" وەختی زۆری دەوی کە هیوادارم لە مەجالیتردا کەسانیتر و رەخنەگران و تویژینەرە شیعریکان ئەو کارە بکەن.

سـەرەرای هـەموو ئـەم خالـە بە هیزانە کە ئەم کتیبە هەیەتی بی‌شك بی‌بەری لە کەم و کۆری تایبەت بەخۆشی نیە. یەکیك لەو خالە لاوازانەی ئەم کتیبە کە من پیم وایە جیگای رەخنەگرتنە، بە کارهینانی هیندیك وشەی ناوچەیی لە شیعرەکانی‌دایە.

هـەروەها هیـندیك وشـەی سـەقیلی کوردیش لـە شـیعرەکانی‌دا بەرچـاو دەکـەون کـە ئەمـە دەبیتە هۆی ئەوەی کە خوینەرانی ناوچـەکانیتر توشـی بـی‌وازی و مانـدوویـەتی بکـات. بـە بـروای مـن شـاعیر نـابی ئەرکی ئەوە بی کە وشەی رەسەنایەتی زیندوو کاتـەوە چـونکە ئەوە کاری کەسانیترە، شاعیر دەبی بە زمـانیکی رەوان و بە تەسویر گەلیك کە قابلی هەزم بن لەگەل خوینەرانی خـۆی قسـە بکـات و دەرد و ئازار و ئالترناتیڤەکانی خۆی مونعەکس بکات. شاعیر بۆ ئەوەی کە پەیوەندیکی قول لە نیوان خۆی و خویـنەرانی‌دا پـیك بینی دەبـی ئـەم زمـانی شیعری‌یە بگریتە بەر. ئەگەر لەبواری ئیدئولوژیکش بۆ مەسەلەکە بچین کە ئەمە خـۆی قسەی زۆر هەلدەگری هەر ئەوە دروستە. بە زمـانیکی پاراو و رەوان لە ئامانجی چینەکەیی و شۆرشی کریکاری. دەبی ئەمە ئامانجی شیعریی یان خود مانیفستی شیعری هەر هاوری‌یەکی شاعیری کریکار بیّت.

لـە کۆتـایی‌دا پیروزبـایی چـاپ کـردنی ئەم کۆمەلە شیعرە لە هاوریّی شاعیر دەکەم و هیوادارم دوبارە باخی هەستم بە بارانی شیعری شیعرەکانیتری پاراو بیّت.

## خوێنەری هێژا!

### لایەنگری هونەر و ئەدەبیاتی پێشرەو و کرێکاری

گۆڤاری پێشەنگ بۆ بەرەو پێش بردنی ئەرکەکانی خۆی پێویستی بە یارمەتی ماڵی ئێوە هەیە . بە هەر رادەیک و بە هەر شیوەیەک بۆتان دەکرێ یارمەتی ماڵی بدەن.



# بلووری شیێعری فرووغ و هەڵوەدایی‌یەکانی ژیانی

مەنسووری پویان

و: سەعیدی ئەمانی

شیێعرەکانی فرووغ، بێسنوور و بی‌باك، رەنگ دانەوەی قوولبوونەوە و دیقەتە فیکری و خەباتە دەروونی‌یەکانین لەدەورەی ژیانی کورتی‌دا. ئەو لە مەیدانی ژیاندا، و لە دەرخستنی خوی‌دا هەر ئەو شیوەیەی کە بوو بیری دەکردەوە ئازایەتی و کردارگەلی تازەی لە خۆی نیشان دەدا. رەفتار و روحیاتی ژنیکی سوننەتی لەخۆی دەرنەدەخست. هەر لیرەوەیە کە شیعرەکانی سەمیمیەت، بێریایی و بێباکی ئەو بە روونی دەردەخەن. خۆی وەکوو هەیە دەردەخات و لەم راگەیاندنە ئازادەدا، دامینی گومان و دل نگەرانی گشت پیش هاتەکان رزگار دەکات. بە شیوە ژیانی کراوە و راستگۆیانەی خۆی، نەریتی زال بەسەر ژندا کە رووپۆشیك لە نەهینی‌کاری و کرداری ناراستەقینە گیان و دنیای ئەوی دادەپۆشی، تیپەراند تا خۆی لە کوت و بەندی پیاوسالاری و رەت کردنەوەی سەربەخویی و نەبوونی ماف

بەدەست هێنان رزگار بکات. ئەو نەتەنیا لە شیعردا بەڵکو لە دابین کردنی مافی بەرابەر و ریفۆرمی کۆمەڵایەتیدا، نوێنەری مۆدێرنیتە و رێبواری تازەگەرییە. بایەخی ئەدەبی شیعرەکانی فرووغ، کە لە جوانی واژەکان و لە داهێنانی روالەت و مانا تازەکاندا خۆی دەنوێنێ، لە بنەرەتدا لە پەیوەند لەگەڵ ئەم راستگۆیی و سەداقەتی ئەو دایە و قەرزداری کەسایەتی نوێخواز و نەریت شکێنی ئەوە. روانینی نوێ و ئازاد ئەندیشی ئەو لەمپەرەکانی سنووری کۆمەڵایەتی، حوکم و زۆر و تایبەتمەندی بنەماڵەیی و جەخت و گوشارەکانی خۆشبەختی بە ئاکام گەیشتنی خێزان قبوول ناکات. خۆپشکنینەکانی مرۆڤی باوەرمەندی ئەو هەڵوەدای خۆ دۆزینەوەی ژنێکە، کە لە هەڵچوون و داچوونێکی گیان تاویندا، تێدەکۆشی بەدیهێنانێکی نوێ لەخوی، لەناخی نائارامی جیهانی بووندا بە کردەوە دەربینی و بخولقێنێ.

شیعرەکانی سەمەرەی ئەم هەوڵ و گەرانە نوێ خوازانەیە. خۆی ئەڵێت:"زمان و شێوەی خۆم و دنیای فکری خۆم نەدۆزیبۆوە. لەنێو شوێنێکی تەسك و چکۆلەدا بووم کە نێوی دەنێم ژیانی بنەماڵە. دواتر بە یەکجاری خۆم لەم قسە و باسانە داتەکاند.

شوێنەکەی خۆم گۆری، یانی بەناچار و بە شێوەی سروشتی گۆرا.

"دیوار" و "عصیان" لە راستیدا پەلەقاژەیەکی بێهیوایانەیە لە بەینی دوو دەورەی ژیاندا. ئاخرین هەناسەدانی پێش شێوەیەك رزگار بوونە."

ئەو وەکو ژنێك، راساو و دژبە قورسایی باری گرانی ئەو زوڵم و سووکایەتی پێکردنەی کە لە قووڵایی ویژدان و ئیحساسی خۆیدا هەستی پێدەکات، شیعر وەك ریگا دەرباز بوونێك چاو لێدەکات بۆ رەواندنەوەی تەمی ئەو جەخت و گوشار و خەمە زۆرەی ئەویان گەمارۆ داوە. ئەو نارازی لە هەل و مەرجی ئێستا، قارەمانانە دەروون و جیهانی خۆی دەپشکنی تا هێزی پێویست بۆ جیابوونەوە لە بەند و داوی سووکایەتی و گومان لە خۆیدا کۆبکاتەوە. ئەم پرۆژەیە لە "لەدایك بوونێکیتر"دا دەبێتە هۆی راسانی دژ بە حجلەنشینی "دیوی تایبەتی بووك و زاوا" ئەو ئێستاش ژنێکی غەمگینە بەلام ئیتر خۆی وەك نیوەیەکی ون بوو ناناسێنێت. بە رزگار کردنی خۆی لە بۆچوونە موومیایی کراوەکانی فەرهەنگ و نەریت، ئێستا فرووغ رێگاگەلی تازەیتر بۆ تاقی کردنەوە و ناساندنی خۆی دەگرێتە بەر.

شیعری فرووغ، شێلەی ئیحساساتێکی سەرچاوە گرتوو لە پێشێل کرانی ئاوات و ئارەزووەکانە. ئەو راساو و راپەرێویکی دژ بە "منی مێژوویی" خۆیەتی کە حەد و سنوور بۆ شەیدایی و هەڵوەدا بوون بە شوێن ئاواتەکاندا دەکێشی، بە شوێن بەدەست هێنانی پێناسەیەکی ئازاد لە پانتایی جیهانی مۆدێرن دایە.

فرووغ رۆڵی نێرینەی خۆی دێنێتە گۆر و سەرزەنش دەکات تا لە "لە دایك بوونێکیتردا" دەستی بگاتە پلەی ئازادی خۆنیشان دان. ئەو دوای پەلەقاژەیەکی زۆر، پلەی رزگار بوونی رۆحی خۆی بەدەست هێنا و بە کەسایەتی سەربەخۆ و ئازاد ئەندیشی خۆی گەیشت.

ژیانی ئەو، جیا لە شیعرەکانی، بۆ خۆی تەرحێکی نوێ لەژیانی ژنێك دایە. هەر وەکو چۆن رێبازی شیعری فرووغ، بۆخۆی تایبەتی و تاقانەیە و کردەوەیەکی بێبایەخ نموونە سازی لە کرداری کۆمەڵایەتی، خووخدەکان، و ژیانی فرووغ دا و چارەیەکە لەرێ پشکنینەکانی ژنانی ئازاد ئەندیش و نوێ خوازی ئەمرودا. رەوش و کردار و داستانی فرووغ، مانا و هەستی شاراوەی ئەو لە شیعرەکانیدا بە باشی دەردەخات. شیعرەکانی دەبێ لەناخی ئەو ئەزموون و دەرکانەدا کە ئەو، لە مەودای تەمەنی کورتی

خۆیدا، لەنیویاندا روواوە و بالای کردوە حالی بین و لیکدەینەوە. بێهاوتایی و راشکاوی شیعرەکانی لە بەرانبەر بە شویندا چوونی ناسنامەی پر لە ترس و دلەراوکیی کەسایەتی ئەودا، نیشانەی سەرکەوتنی لە روالەت و ناوەروك دایە. لە پیشەکی‌یەکدا کە بۆ هەلبژاردەیەك لە شیعرەکانی نووسیوە دەلێ:

"...باوەرم بە شتیکی دیکەش هەیە و ئەویش "شاعیر بوون"ە لەگشت ساتەکانی ژیاندا. شاعیر بوون یانی ئینسان بوون.

هیندیك کەس دەناسم کە کردەوەی رۆژانەیان هیچ پەیوەندی‌یەکی بە شیعریانەوە نیە.

واتە تەنیا کاتی شیعر وتن شاعیرن. ئیتر دوایە تەواو دەبیت.

دەبنەوە کەسیکی ئاسایی چاو چنۆك و سەگ لەوەرێن و زالم و تەنگ نەزەری بەرچاو تەنگ و بێبایەخ."

"لەدایك بوونیکی‌تر" و دواهاتەکانی نیشاندەری دەست پیکردنی فەسلیکی نوین لەژیانی فرووغ دا. چرۆپری روالەت و ناوەرۆك لەم شیعرانەدا بە مانای بالاّ دەستی ئەون بەسەر بێ بروایی بە خۆ و ئەو دوو دلیانەی کە لە ئۆلگووە کۆنە زالەکانەوە سەرچاوە دەگرن. فرووغ ژنیکی بە شوین داگەر و نوێخواز و تاقی کەرەوەیە کە لە پیشخانی سی‌سالەیی تەمەنی‌دا و لە کاتی نووسینی شیعری "لە دایك بوونیکی‌تر"دا پێی وایە کە "دەبێ بە زانیاری شعوورەوە ژیان بەسەر بەرێت" دەلیت کە شیعر لە سفرەی ژیاندا رەوتیکە کە ناتوانی لە چوارچیوەیەکی جواندا رابوەستی و بمینیتەوە. هەروەها دەلی:

"من هەمیشە بروای پترم بە دواین شیعرمە و لەوانی

پیشتر زیاترم باوەر پێیەتی. دەورانی ئەم باوەر

پێ بوونەش زۆر کورتە، و زوو لیّی وەرز دەبم و هەموو

شتیك سادە و ساویلکانە دیتە بەر چاوم."

دەوری زمان و کیش لە ساختاری شیعری فرووغ دا

شیعری نوی هاوکات لەگەل لە دایك بوونی تاکەکەس و دورست بوونی کەسایەتی ئینسانی مودیرن، لەگەل نیمادا لە ئیران دەست پیدەکات. بە گۆرانی مانا و فەلسەفەی شیعر، زمانی شیعریش دەبوو خۆی لەگەل ئال و گۆرە تازەکان و پیداویستی‌یەکانی جوانی ناسی دەورەی مۆدیرنیتەدا ریك بخات. نەریتی شیعری کە لە دوای قالب و کیشی عەرووزی‌دا و هەروەها تایبەتمەندی‌یە دەستووریەکاندا گیری خواردبوو گۆرانی بەسەر دابیت بۆ ئەوەی بناغەیەکی نوی، گونجاو لەگەل هەل و مەرجی تازە لە بواری کۆمەلایەتیدا، بە تایبەت لە بەرانبەر پیکهینانی کەسایەتی تاکی ئیستادا دابریژرێ.

فرووغ بە نۆبەی خۆی، پانتایی واژەی شیعری بەرینتر کردەوە و هەستیکی نویی بە بەر شیعردا کرد. لە شیعرەکانی فرووغ دا واژەگەلی نامۆ و دوورە پەریز لە مەیدانی شیعردا وەك: تەقینەوە، قرتالە، گسك، لیوان، موسەلسەل، لکاتە، ئودکلون، گلوپ و ... وەها لە هۆنینەوەی شیعردا جوان تەنراون کە لە کاتی خویندنەوەدا هیچ جۆرە لەرزە و لیك ترازانیك هەست پیناکەی.

فرووغ لەسەر ئەو باوەرە بوو کە مرۆڤی کۆمەلگای مۆدیرن، گیروگرفت و کیشەگەلی تازە و تایبەت بە مرۆی هەیە و یەخەی پێ‌گرتوە کە دیارە بە کەرسەی کیش و ریتم گەلی تیکراری، نەگۆر و شیعری کۆن ناتوانی بەرنگاریان ببیتەوە. کە وابو دەست کەوت و تاقی کراوەکانی شیعری نوی پیویستە لەگەل ئاواز و نەغمەی تایبەت بە خویدا لیکبدریت و برۆنە پیش. لە ئەساسدا گشت بەیانیکی شیعری پیویستە ئاواز و سازەی تایبەت بە خۆی هەبیت. و ئەو ناوەرۆکی شیعری چەندە دەتوانی بەرین و بێسنوور بیت، ئاواز و ریتمیش دەکریت گشت سنووریك ببەزینی. فرووغ خۆی دەلیت:

"دەبێ کیشی زەمان بدۆزریتەوە. ماناگەلی ئەمرۆیی

لەو کیشە کۆنانەدا دەکوژرین. ئەم کیشانە شایەد لەگەل

ئاهەنگی ژیانی ئەو رۆژانەدا دەهاتنەوە، شاعیری ئەم دەورەیە

دەبێ ئەم هەستەی تیبیدا بیت کە بتوانی ریتمی سەردەمەکەی بناسێ.

من دەمەوی قسە لە کیشەکانی رۆژانەی خۆمان بکەم، وەکو مرۆڤیکی

ئەمرۆیی بە گشت تایبەتمەندییەکانی زمانییەوە، لەگەل هەموو شتیکدا و

بە واژەکانی ژیانی ئەمرۆ بدویم."

زمـان وەك وەسیلەیەکی بیر و هزر و یان وەکو کە وینگشتاین دەلی وەك هۆی بەدیهینانی تەفەکور ناتوانی نەگۆر و وەك خۆی بمینیـتەوە. روانگەگـەلی نـوی، زمـان و دەسـتگای وت و ویـژ و دۆزینەوەی سەربەخۆی دەویت. شاعیریکی کە روانگە و باوەری لە چوارچیوەی بۆچـوونە کـۆن و قەدیمیەکاندا گـیری خواردبـێ، لە زەمـینەی زاراوە و ساختار و حوکمە شیعرییەکانیشدا بە شیوەی کەسیکی سوننەتی و بونیاد گەرا دەمـینیتەوە.

فـرووغ لـەو شـاعیرانەیە کـە گۆرانـە فیکرییـەکەی لەگەل "لە دایك بوونیکیتر"دا توانایی پەرەپیدانی زمانی شیعری، بەرین کـردنەوەی دیـد و بۆچـوونەکانی لـە زەمیـنەی تـان و پـۆد و ئاهـەنگ و هـەروەها توانـایی بـە وجود هینانی مانا و مەفهووم و داهیـنانی نـوی لـە تەسـویر سـازی دای پیبەخشـێ. ئەو نوی ئەندیش و هەلوەدای تاقی کردنەوە بوو وە هەر لەم بارەوە کارەکانی دەچوونە خانـەی نویگـەری داهیـنانی تـازەوە. هەلخرینـە دەروونـیەکان و سەر هەلدانی ئەندیشەی نویی فرووغ لە شیعردا لەسەر سـەبك و دەربـرینی رۆشـن و راسـتە و خـۆ، بـە بـێ هیچ رووکەش و پەردە پوشیەك بینا کراوە. فرووغ فنوونی بەلاغەت و رەوانی شـیعری کـۆن وەلا دەنـی تا زمانیکی خاوەنی جوولاندن، نەرمی و پاراو وەدی بینی، ئەو بۆ دۆزینەوەی شتە ون و نەناسراوەکانی و پـرۆژ جیهان پشکنەکانی زمانیکی ساکار و سەمیمی درووست دەکات. هەر بەم زمانەش باسی ئازارەکانی و مانا فەلسەفی و دەولەمەندییـە فکرییـەی کـە لە رووداوەکانی ژیانی ئەم سەردەمەوە سەرچاوەی گرتوە، بە چەشنی رەوان و رۆشن ئەدوی کە مرۆڤە ئاسـاییەکانیش بـە ئاسـانی دەتوانـن لەگـەل شـیعرەکانیدا پەیوەندی پیك بینن، کاردانەوەکانی لە دەروونی خۆیاندا راستە و خۆ تاقی بکەنەوە.

وشـە لای فـرووغ جیگا و شوینیکی تایبەتی بوو. بۆ ئەو، کەلیمە تایبەتمەندی هەوای بوو وە پیداویستیەکی گرینگ بوو. وشە بـە لای فـرووغەوە بەشـیلەی مـیهرەبانی دەخـەملین و لـە قوولایـی باوەریـەوە سەرچاوەیان دەگرت. لای ئەو، نیگاداری لە وشە لە ئاسـتی فۆرمالیسـمی سـاختاری یـان ئاسـتی دانـش و زانـیارییەکان و دەربـرینی لوتف و بەخششەکاندا نەدەمایەوە. لەویوە کە فـرووغ بـە راشـکاوی و بـە بێپـەروا لـە دەرك و هەسـتی خـۆی دەدویـت، هـەر بـەم پیـیە کەلام و قسەکانی خاوەنی سەمیمیەت و راسـتگۆییەکی سـەر سـوور هیـنەرن. هـیچ کـات خـۆی و ناسـنامەکەی سانسـۆر ناکـات. ئـەو ناچیتە ژیـر فەرمـانی خووخدە و بایەخگەلـیکی زال بەسـەر کۆمـەلگادا و خویان بە دەستەوە نادات. تیدەکۆشا راستییەکانی بوونی خۆی راستگۆیانە دەربخات و لە بایکوت کردن و تانە و تەشەرە باوەکان نەدەترسا. هەر بەم هۆیەوەیە کە کەلام و زمانی فرووغ ترسەنۆکانە و پسك نییە.

وشـەکانی شـەفافیەت و روونـیان لـیدەباری و زایەلـەی ژیـان تییاندا دەنگ دەداتەوە. وشە و تەسویرەکانی تیشك داوین. ئەوان گـیان و رۆحـیان هەیە و ژیان بەسەر دەبەن. هەر لیرەوەیە کە بە خویندنەوەی چەند دیر لە شیعرەکانی، فەورەن فەزایەکی بیّکەران و پر رەمز و رازت بە رِوودا دەکریتەوە.

## ناسینی فرووغ لەسەر ئەساسی نەخشە خەیالیەکان:

شـیعری فـرووغ شـیلەی راسـتەقینەی وجـوودی ئـەو بوو. ژیانی لە شیعردا و شیعری لە ژیاندا تیکەلاو دەدریت. لە ساتەکانی شـیعریدا دەژیا. لە بیری فەن ئاوەری و ریك و پیك کردنی شیعر و تەدارەکی دروست کردنی دیواندا نەبوو تا لە بازاری ریاکاری سەناعەت و کیّبەرکیّدا جیگا پییەك بۆخۆی بدۆزیتەوە. ئەگەر ئەم تاریفە یا ئەم بۆچوونەی لیّ قەبوول بکەین کە دەلیّ:

"شیعر بریتیە لە یەك وشە یان هەستیك، ئەلبەتە نە هەستیکی روالەتی، بەلکو هەستیکی قوول و تاقی کراوە."

کـە وابـوو شـیعر نـاتوانی بـە ئـیرادە یـان بـە داخـوازی کەسیك بهوندریتەوە. شیعر لە دەروونی هەستی شاعیر و لە ساتەکانی هەلچـوون وگـرژی و کـردەوەی سەرچـاوە دەگریـت و هـەلدەقولی. شـیعر بەشـیك لـە ئەندیشـە و عـاتـیفەی مـرۆڤە کە بە شیوەی سەرشـار و لـە قالبـیکی گونجـاودا، کـە بـتوانی راگەیەنـەر و شـاهید و دەرخـەری تەجروبەکان بیت، دەردەکەوی. ئەلبەتە بە هەر ئـەندازە ئـەم تەجـروبانە نەحیسـیکی گشـتی بـەلکوو قـوول و خـزۆك بیـت هەر بەو رادەیەش پلە و بایەخی شیعرییەکەی دەچیتە سەرەوە.

بـەم پیـیە پـەیوەندی شیعر لەگـەل ژیاندا پەیوەندییەکی راستە و خۆ و دەروونیە. شاعیر کەسیکە کە شیعرەکەی تیکەل ژیانی کـردوە و لەگـەلی ژیـاوە و هـەر لـەویوە سەرچـاوەی گـرتوە. شـیعر بـە واتای جوانی ناسی، لە پەنا و پەسیودا ژیان بەسەر نابات بـەلکوو لـە هـەل و مـەرج و شـوینی کۆمـەلایـەتی و بـە تایـبەتی تەئسـیراتی تاکـە کەسـیەوە سـەر هـەلدەدا. بـەم واتایـە شـیعر نووسـینیکی لـەرووی ئیشـتیاوە نـیە. شـیعر دابـین کـەری پیداویسـتیەکی گریـنگی دەروونـیە کـە شـاعیر و خویـنەر لـەدەوری تەجروبەیەك و تیشـکیکی تایـبەت نـەك گشـتی کـۆ دەکاتـەوە. تاقی کراوەیەکی دیاری کراو و تەنیا بە شیوەی تایبەت بە تاکە کـەس و بیّویـنە لەنـەخش و ئـیجازدا دەتوانـی روالـەتی شیعری بە خۆیەوە بگری. ئەوە بەدیهینانی شاعیرە کە هەستیکی دیاری کـراو بـەلام تیـپەر، لـەو پـەری خیرایـی تیـپەر بوونـدا و بـە چەشـنیکی تـازە، لـە شـیوە و قەوارەیـەکی گونجـاو و ئاهـەنگین دا تەجەسـومیکی عـەینی پیّ دەبەخشـی. بـۆ ئـەوەی زمانی شیعری سەمیمانە و نە وەکوو فازلانە بیت، پیویستە ریتم و ئاهەنگی شـیعرەکە بـۆ خـەلکی ئـەو سـەردەمـەش هەسـت پیّبکریّ. بە چەشنیکی کە بە بیّ دلدار کە هەست بکری و تەجروبەشی بکەن و فەزایـەکی گونجـاو لەگـەل نـاوەرۆك و تەسویرەکانیدا دروست بکری. بەم واتایە کەرەسەی کیش و زمان لەگەل ئەساسی ناوەرۆك و تەسـویر لەو جیگایەدا کە لە پەیوەندی و تیکەلاویەکی ئۆرگانیك دا قەرار دەگرن، بلووری شیعرە دەچیتە خانەی پەرداخکراوی و شـەفافیەتیکی بـەرزەوە. لـەویوە کـە گـیان و جیهانی فـرووغ لە بەرانبەرکی لەگەل کیش مەکیشە دەروونی و دەرەکیەکاندا بوو،

شیعرەکانی هەڵگر هەستیکی قوول و غەم و ئازاریکی زۆرن. ئەم هیزە کیش مەکیشانە هیچ کات نەیانهیشت ئاسوودە دابنیشی. فرووغ لەسەر ئەساسی لیکدرانی ئەم هیزانە، تووشی ترس و دلەراوکێیە. لە داهاتوویەکی کە لیل و نارۆشن ئەترسیت و وەحشەتی سبەینیش کە "گومانی رمانی لیدەکرێ" هەموو وجوودی داگرتوە. ژیانی بە شیوەیەکی بێسەمەر و داتەکا و لەهەر چەشنە ئامانج و مەبەستیك دیتە بەر چاو و لە وەها دنیایەدا کە بناغەکەی لەسەر بێسەمەری داندرابێ، ناتوانی پیداویستی رولیك بۆخۆی لەبەر چاو بگری. غەم و نیگەرانی سەرچاوە گرتوو لە بێئاکامی و نیگەرانی لە داهاتوویەکی نارۆشن، دەبیتە هۆی ئەوە جارجارە پەنا بەریتەوە بەر رۆژەکانی پر لە خاتراتی خۆشی مندالی.

لە بەشی ئاخرینی ژیانی فرووغ دا و لە "لە دایك بوونیکیتر"دا لە خۆ گرتنەوەی توانا دەروونی و کیش مەکیشەکانیدا گۆرانیکی بە خیرایی لە حالی شکل گرتن دایە. فرووغ گیرۆدەی شیوەیەکی بێهوودە لە ژیانە و لە ئارمانیك بۆ ژیان بردنە سەر نزیك دەبیتەوە.

ئەو لە رووبەروو بوونەوە لەگەل کیش مەکیشە دەروونیەکاندا، پەی بە هونەر و جیگا و شوینی هونەر لە ژیاندا دەبات و ئەوە ئەو شوینەیە کە دەیەوی حەقیقەتی وجوودی خۆی تیدا بدۆزیتەوە.

فرووغ دوای "لە دایك بوونیکیتر" گەرا گەرای ئارمان خوازیەکیتی کە ئیتر مەینەتیەکانی هەل و مەرجی ئیستا و ئاکامەکانی داهاتوو، رۆحی ئازار نادات. ئەو کە بە تەرحیکیتر لە داهاتووی بەشەری باوەر و ئیمانی هیناوە، پیوایە دەکری بۆ وەدەست هینانی هەولبدری و هیزی بۆ کۆبکریتەوە. بە چ رادەیەك فرووغ بەرەو هونەر رۆیشت و ژیانی لە شیعر و ئارمانەکەیدا دیت، هەر بەو رادەیەش لە ئازار و مزاحیمەتی هیزە بەرگرەکان دوور کەوتەوە و بای بالی خۆشتر بوو. هەر لەم بەشەی کۆتایی دایە کە مادەی بیر و هەدەفمەندی لە ژیان و شیعرەکانیدا خۆ نیشان دەدات و ئەو بێ لایەنی و بێ ئاکامیانە هیندیك کال دەبنەوە.

شیعرە غەناییەکانی فرووغ لە راستیدا قسە و تەجروبیاتی تایبەتی و رەنج و ئازارەکانی خۆین لە تویی خەرمانەیەك تەمی عاتفەدا. شیعری کۆمەلایەتی و روو لە ئاواتی خۆی بەشیکی کەم لە شیعرەکانی پیکدینن. شیعری فرووغ بە شیوەی گشتی، لە کیش مەکیشە قوولە دەروونیەکانەوە سەریان هەلداوە. لەم رووە وە، شیعری فرووغ هەر ئاوا کیشاوی و نیگەرانی و غەماوی دەمیننەوە.

## ئیرسییەی فرووغ و شیعری ژیانی

فرووغ لە دەورەی میژوویی خۆیدا، زۆر بەرین تر لە سنوورەکانی ژنێکی ئاسایی ئیرانی بیری دەکردەوە و ئازایانە هاواری دەروونی خۆی بە ئازادی دەردەبری و بوونی خۆی رادەگەیاند. دنیای ئەو واوەتر لە سنوورەکانی رۆحی، عاتفی ژنیکی ئاسایی ئیرانییە و بەم پییە، غەم و ئازارەکانی کاریتر و بە شیدەت ترن. ئەبعادی عاتفە و ئەندیشەی شیعری و ژیانی، هیچ نزیکایەتی و تیکەلاویەکی لەگەل مەشغەلەکانی ژنیکی کەیبانووی سونەتیدا نیە. کەسایەتی و شیعری ئەو نیشانەی ریزی تایبەت بۆ ئازادی و رزگاری ژن، سەربەخۆیی خوازی و بەرابەری مافی ژنە. ئەو هەر ئەو جۆرەی کە لە رەفتاری کۆمەلایەتی و ژیانی فەردیدا پەرژینەکانی سوننەت و رەسمە کۆنەکان دەبەزینی، لە شاریشدا بۆ ژنان، ئازادی عاتفی و سەربەخۆیی کەسایەتی بە

دیاری دینیت. هەم لە شار و هەم لە ژیاندا قاعیدە شکین بوو. ئەگەر نیما داهینەری شیعری نوی وەکو ساختاریکی گونجاو و لەگەل ئال و گۆرە کۆمەلایەتی، ئابووری روو بە ئاشکرا بوون بوو، شیعری فرووغ بانگەوازی رزگاری و سەربەخۆی تاکە کەس، بە تایبەتی ئازادی و سەربەخۆیی عاتفی ژن لە دەورانی تازە و هەل و مەرجی بەرین بوونەوەی بەرهەم هینانی کەل و پەلی مۆدیرن دایە. شیعری فرووغ لەم روانگەوە لەگەل شیعری پەروین ئیعتسامی، کە مل کەچی یاسا و رسوومە کۆنەکانە، لە دژایەتی دایە. ئەم جیاوازییە چۆنایەتی و بنەرەتیە نە تەنیا لە شیعردا بەلکو لە کەسایەتی و جیهان بینی ئەم دوو هونەرمەندەدا بە روونی بەرچاو دەکەوێ. شیعر و ژیانی پەروین بە میراس داری حەیا و شەرەفە کۆنەکان و لە پەیرەوی لە تەقدیر و قەراردادەکان دایە. لە کاتیکدا فرووغ لە ژیان و لە شیعردا، هەلوەدا، تاقی کرەوە و نویخوازە، لە ریگای وەدست هینانی ئازادی و کەسایەتی خۆیدا دەرد و ئازاریکی زۆری بوە بەلام هیچ کاتیك کۆلی نەداوە.بیر و ئەندیشە و ساتە عاتفیەکانی بە بێ هیچ چەشنە سەرکوت و بەربەستیك، ئاشکرا دەکات، مەودای بەربەرەکانیی پی دەبەخشێ.

شیعر و ژیانی فرووغ پیش قەراولانی ئازادی عاتفە و خوازیاری سەربەخۆیی و کەسایەتی خۆی وەك ژن و لە بنەرەتدا بۆ مرۆڤایەتیە. شیعری فرووغ رینوینیکی باشە بۆ دزەکردنە ناخی دەروون و دۆزینەوەی حالات و تاقی کراوە عاتفیە خزۆك و بێ سوباتەکانی رۆحی بەشەری. شیعری فرووغ یارمەتیدەری ئینسانە بۆ دەرکی دنیای رۆحی خۆی و هینانە بەر زەینی. لە کۆتاییدا، شیعری فرووغ غەم و ماتەم وەهەروەها شکایەت و شادی مرۆڤی دەستە و ئەژنۆی ئەم سەردەمە نوێیەی تیدا رەنگدەداتەوە.

**سەرچاوە: گوڤاری "آفتاب" ژمارە ٣٣ و ٣٤**

# "سریال عشق سالهای جنگ" و کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران

**ن: وارکا ٥٤**

"عشـق سـالهای جنگ" سریالیکی شەبەکە ۳ی رژێمە کە لە روالەت دا شەری نیوان پیشمەرگە و حکومەتە. ئەم فیـلمە لـە ناوچـەی کرماشـان و کامـیاران دا بـازی کـراوە. ئەو کەسانەی کە بە ناوی پیشمەرگەوە دەور دەگێرن، لە قسـەکانیان دا دەردەکـەوی کە پیشمەرگەی کۆمـەلە بن، ئەگینا لەناو فیلمەکەدا ناو لەهیچ حیزبیکی تایبەت نایە. بـەلام ئـەوەی کـە دەورگیرانی ئەم فیلمە بە تایبەت ئەوانەی کە لە جل و بەرگی پیشمەرگەدا دەور دەگێرن، لایەنگری لـە چـینی زەحمەتکیش و بـێ داهات دەکەن، قسە لە ئازادی وەرزێران و کریکاران دەکەن، قسە لە ئازادی خەلکی کـورد دەکـەن، سـەرەرای ئەوانەش کچی پیشمەرگەیان لەگەلە، تەنانەت یەکیك لە ئەوان دەوری جیگری فەرمـاندەی هەیە، هەمـووی ئەمـانە بە بینەر نیشان دەدەن کە مـەبەستی رژیم پیشمەرگەی کۆمـەلە بیت.

لـە مـاوەی یـەك دوو سـالی رابـردوودا ئـەوە سـیهـەمین سـریالە کە دەولەت لەدژی نەیارانی کوردی خۆی، ئەویش سازمـانیکی دیـاری کـراوی وەك کۆمـەلـە لـە تلویـزیون دا بـلاوی دەکاتـەوە. بـەلام رژیـم بـە نیشـان دانـی ئـەم جـۆرە سریالانە بە شوین کام مـەبەستەوەیە؟

"عشـق سـالهای جنگ" لە نووسینی "حوسەینی فەتاحی" و لە دەرهینانی "عەلی بەهادوری"یە "حوسەین فەتاحی" یەکیك لـە بەسیجە وەفادارەکـانی رژێمـە کـە بـە دریژایـی تەمـەنی نووسینی جگە لە نووسینی سفارشی شتیکیتری نەنووسیوە ناوبراو پیشـتریش، رۆمـانی لـەم چەشـنەی نووسـیوە کـە "راهـزنان" "رێگران" یەکیکیتر لەو رۆمانانەیە کە ناوەرۆکیکی وەك سریالی عیشـقی سـالهای جـەنگی هەیـە. بەسـەر هاتەکـە لـەوەوە دەس پـیدەکا کـە هـادی و حەمـید و نەرگیز لە قەسری شیرینەوە بەرەو کرماشـان دیـن، هـەتا حەمـید نەرگـیز نیشـانە بکـا. لـە لایەکیتریشـەوە نەرگـیز ولامـی نـای بە پورزاکەی خۆی، واتا دۆکتۆر ئـەردەلان داوەتـەوە. لـە عـەمەلیاتـیك دا لـە ناوچەی کامیاران کەسیك بە ناوی رەشید دەستگیر دەکەن. حەمید هەر لە سەرەتاوە بەلـینی پـێدەدا کـە ئازادی بکات، هەربۆیە دواتر دەبیتە سیخوری پاسدارەکان. هەلبەت رەشید ئاوا ببوە پیشمەرگە کە بە وتەی نووسـەری رۆمـانەکـە، یاخیەکان براکەی ئەویان کوشتبوو، پاشان سەریشیان بریبوو، تەحویلی مـالی بابیان دابۆوە. رەشیدیش کە ئـەو کـات مـەعەلـیم بـوو کاتـیك ئـەوەی دیتـبوو، چـووبووە گـەلْ روسـتەم بـەگ و جەمـاعـەتەکەی لە دەرگیریەکیتردا کە هەر لە ناوچـەی کامیرانـە، حەمـید و هاورێکـەی هـادی لـە لایـەن روسـتەم بـەگ و ئەوانەوە دەستگیر دەکرین. هەلبەت بەرلە حەمیدیش دەسـتەیەکیتر بـە دیلـی کەوتـبوونە دەسـتی رۆسـتەم بـەگ و دار و دەسـتەکەی. رۆسـتەم بـەگ دەمـانچـەکەی حەمید نادۆزیتەوە،

هەربۆیــە حەمــید زۆر بــە ئاســانی دەتوانــی رۆســتەم بــەگ و هاورێکــەی بکوژێ و خۆی و هادی رزگار بکات. هادی و حەمـید کە بەلـەدی ریگا نین، شوانیك رینمایان دەکات. دۆکتور ئەردەلان شوینی کاری خۆی لە کرماشانەوە بۆ ورمێ دەگویزیتەوە. حەمید لـە ریگـای رەشـیدەوە شـوینی یاخیـەکان شناسـایی دەکا و لە درەگیرییەك دا حەمید بریندار دەبی و بۆ سنە و پاشان بۆ ورمێ رایدەگویـزن. سـەرەرای ئـەوەی کـە دەم و چـاوی هـەموو بریـندارە، بەلام دکتور ئەردەلان هەر دەیناسیتەوە و هەول دەدا کە داخی خـۆی پـێ بـریژی. حەمید دەستیك و چاویکی لەدەست دەدا و نەرگیزیش کە لە مولاقاتی حەمید دەگەریتەوە، تەسادوف دەکا و هەلدەدیـردری. نـاوەرۆکی ئـەم رۆمانـە دەگەریـتەوە بـۆ سالەکانی پیش دەست پیکردنی شەری مال ویرانکەری ٨ سالەی ئیران و عـیراق و باسـی شـەری پیشـمەرگە و دەولەت دەکا. نووسراوەکەی حوسەین فەتاحی لە روالەت دا بە شیوەی رۆمانە، بەلام دلنیام هـەر لەبـەر بەسـەرهاتەکان نـاوی رۆمـانی لەسـەر نـاوە، ئەگیـنا تەنانـەت لایەنەکانی رۆمانیکی سونەتیشی لەبەر چاو نەگرتوە. چـونکە نووسـراوەکەی فەتاحی لە زۆر جیگەدا روالەتی وتاریکی رۆژنامەوانی هەیە کە یەکبار مەسرەفن، دیالوگ و قسە کردنی کەسەکانی ناو نووسراوەکە حالەتیکی ئاساییيان نیە و زۆر بە ئاسانی هەست بە مەسنووعی بوونی ئاکاریان دەکەی.

چـونگە نووسـراوەکە نووسـراوەیەکی سفارشـیـیە، نووسـەر لـە بەیەکـەوە لکـاندنی فەسـلەکان چـونیەتی کردەوەی قارەمـانەکان تووشـی هەلـە و سـەر لـێ شـیواوی هـاتووە. ئـەو لـە جیـگەیەك دا لـە وەسفی یەکیك لە قارەمانەکانی دەلێ کە نەیاران چاویان دەرهیـناوە، بـەلام دواتـر لـە لاپـەرەی ٣٧٧دا دەنووسی: دەی دیت کە شەو زرینگاوەتەوە، بەلام ئەو هەر نەخەوتووە، لەسەر پشت راکشـاوە و چـاوی بـریوەتە بن میچی ژوورەکە و بیر دەکاتەوە. پرسیار ئەوەیە کەسیك کە چاویان دەرهینابی چون دەتوانی چاو لە بـن مـیچ ببری و بیر بکاتەوە؟ یان ئەوەیە دوکتور ئەردەلان لە داخی حەمـید شوینی کاری خۆی دەگویزیتەوە بۆ ورمێ، بەلام زۆر بـە هەلکـەوت حەمـیدیش کـە بریـندار دەبـی، دەیبـەن بـۆ ورمـێ و دەچـیتە ژیـر دەسـتی دوکـتور ئـەردەلان، کـە ئەمـە هەمان مەسـنووعی بوونـی نووسـراوەکە دەگەیـەنی. لـە شـوینیکیتریش حەمـید و هاورێکـەی هـادی لـە لایـەن روسـتەم بەگەوە بەدیل دەگیریـن، بـەلام رۆسـتەم بـەگ بـازدیدی گیانـیان ناکـا و حەمـید دەمانچـەکەی لـە کاتی دیلیش دا هەر پێیە، هەر بۆیە زۆر بە ئاسـانی رۆسـتەم بـەگ و هاورێکەی دەکوژێ. ئەوە لە حالیکدایە کە لە شوینەکانیتر رۆستەم بەگ بە شەرلاتان و یاخی لە قەلەم دەدا و ناوچەیەکی شیواندوە.

لـە لایەکیتریشـەوە چوارچیوەی نووسراوەکە، بۆ ئەوەی کە وا نیشان بدا کە حالەتیکی حەماسی هەیە لە کتیبە حەماسیەکان و لەوانـە شـانامەی فیردەوسـی کـەلکی وەرگـرتووە و لاسایی کردنەوەیەکی کویر کویرانەی کردووە. بەلام بە پیچەوانەی شانامەی فیردەوسـی، ئیحساسـاتی مەزهـەبی دەمـاری نووسـەری عشق سالهای جنگ گرتووە و تەنانەت لە ناوی ئیرانی سل دەکا و ناوی عەرەبی لەسەر پاسدار و بەسیجەکان دادەنێ وەك: حەمید، هادی، عەلی و ...

نـەیاران و ئـەو کەسـانەی کـە رۆلـی مەنفیشـیان هەیە، ناوی کۆنی ئیرانیان لەسەر دادەنێ وەك: رۆستەم بەگ، ئەردەلان، تارا و ...

نووسـەری ئـەو رۆمانـە و هـەروەها فیـلم سـازەکەی، واتـە "عـەلی بـەهادوری" بەجیێی ئـەوەی کـە باسـی گیروگرفـتەکانی ناو کۆمـەلگای کـوردەواری بکەن و بە شیوەیەکی هونەرمەندانە بیهینە سەر شانۆ و لایەنە رەهەندییەکانی ئەو کۆمـەلگایە بخەنە بەر بـاس و لیکولیـنەوە، هـەتا بیـنەریش لـە کارەکـەی خۆیان دا بەشدار بکەن، ئیحساسات دەیانگری و بەرلەوەی کە سەرەنج بدەنە سـەر لایـەنی هونـەری رۆمـان و فیـلمەکە، هەول دەدەن کە ئەمە بسەلینن کە کیشەی کورد، هەر ئەوەیە کە چەند کەسی نەزان و

شـەرلاتان وەشاخی کەوتوون و ریگری و چەتەیی دەکەن. هەر بۆیە ئەم فیلمە، وەك فیلمەکانیتر و بگرە زۆرتر لەوانیش پیناسە و کەسـایەتی گـەلی چەوسـاوەی کـوردی بـردۆتە ژێـر پرسیارەوە. ئەم سریالە هەر بەو نیەت و زهنیەتەوە ساز کراوە کە گەلی کورد گەلـیکی بـێڕەحم و بێشارسـتانیەتە و شـەر و هـەلا و هەنگەمـەی پـێ خۆشـە. لـەم سـریالەدا چـەند کەس دەورگێری سەرەکین و هـەرکام لەوانـە نمـادی لایـەن و گەلیکی دیاری کراون. لە لایەك چەند کەس بە ناوی پیشمەرگەوە دەور دەگێرن، ئەوان کەسانیکی بـێ ماهـیەت، سـەرکەش و سـاویلکە و بێفکـرن. شـیوازی شـەر کـردن و تەنانـەت ئەسـلەحە گرتنیشـیان زۆر نامەربووتـە و فـەرماندەکان وەك ئاغـا و کەسـانی سادەتریش وەك رەعیەت هەلس و کەوت دەکەن. کەسە سادەکان لە لایەن فەرماندەکانیانەوە قەولـیان پـێدراوە هـەر کامـەیان پاسداریك بەدیل بگرێ، ٣٠ هەزار تمەنیان وەك جایزە پێ بدەن. هەر بۆیە زۆرجار سەربازە گوم نامـەکانی ئیسـلام!!، لـە کەمیـنەکان دا گـیانی سـلامەت دەر دەبـەن. هـەروەها ئـەو کەسانەی کە وەك پیشمەرگە دەور دەگێرن، ئـەوەندە بـێ ئـەزموون و فەقیرۆکـەن کـە کـاتی دیلـەکان دەگـرن، تەنانـەت گیانـیان ناگـەڕێن، هەربۆیە، سەربازە گوم نامەکانی ئیسـلام بـە دیلـیش هـەر موسـەلەحن و زۆر جـار نیگابانەکان دەکوژن و هەلدین. یا ئەوەی کە ئەوەندە لەسەر بیر وباوەری خۆیان سـوورن، تەنانـەت لـەناو زیندانـیش دا هـەر بەربـەرەکانی لەگـەل کەسـانی بـەناو پیشـمەرگە دەکـەن. هـێزی بەرانـبەری ئـەوەش پیشـمەرگەکانن، کـاتی دەگیریـن، هـەر زۆر زوو لـە کـردەوەی خۆیـان پاشگەز دەبنەوە و دەبنە لایەنگر و سیخوری رژیم. هەروەك وتمـان چـەند کەس دەورگێری سەرەکین: حەمید کە تارانییە و فەرماندەیە و خویندکاری سالی ئاخری زانکۆیە. هادی کە پاسدارە و خـەلکی کرماشـانە. نیرگـیز خـەلکی کرماشـانە و دۆسـت و دەسـگیرانی حەمـیدە. دۆکتور ئەردەلان کە دۆکتوری بیمارستانە، کرماشـانییە، و لـە روالـەت دا هاوکـاری ئـەو کەسـانەیە کـە بە ناوی پیشمەرگەوە دەور دەگێرن. ئەو کەسیکی سوکە تەبیعەت و عاشـقیلەیە هـادیش کـە کرماشـانییە ئینسـانیکی فشـەمەزاج و ویـل و پەرتـە. هەربۆیـە حەمـید کـە تارانیـیە ئینسـانیکی لەسـەرخۆیە و قسـە و ئاخـا وتـنەکانی هـەمووی لەرووی عـەقل و مەنتقەوەیە، بەسەریدا دێ و نەسیحەتی هادی دەکا. نیرگیز کە نمـادی بـەرەی نوێی کوردانە، بە کوردی قسە ناکا و تەنانەت لەهجەشی نیە. خەلکی ئاوایش بە گشتی سیخۆری بۆ رژیم دەکەن و وەك ئـەوەی کـە وەحشـی و کـیوی بـن، بیجگە لە پاسدارەکان لە هەموو شتیك دەسلمێنەوە. بەلام بە ورد و درشتەوە پاسدارەکان ریـنمایی دەکـەن و یارمـەتییان دەدەن. واتـە جگـە لـەو چـەند کەسـە کـە یـاخی بوون و مەبەستی سەرەکیان چەند کاری ماجەرا جویانـەی وەك مامەلـەی دۆلار عـەیش و نوش کردنە شتیك بە ناوی پیشمەرگەوە بوونی نیە. یا بە گشتی شتیك بە ناوی کیشەی کـورد وجـوودی نـیە. ئـەوە لـە حالـیکدایە  کـە کوردسـتان ئیسـتاش هـەر میلیـتاریزەیە و بۆتـە پادگانـیکی گـەورە. ئیسـتاش ئەمنیـەتیکی تـەواو بـۆ خـەلك بـە تایـبەتی شـارۆمەندانی کـورد مسـۆگەر نـیە. ئەوەیە کە دەولەت بە چنگ و ددان هەول دەدا مەسـەلەی کـورد کەم رەنگ نیشان بدا. بەلام کێ هەیە نەزانی کە خەلکی زەحمەتکیشی کورد لە هەموو هەلیك کەلك وەردەگری و نارەزایـەتی لـەدژی نـەیارانی خـۆی کـە مـال و حالـیان لێ کردوونە پادگانیکی گەورە، دەرنەبڕن. نموونەی زۆر ئاشکرای ئەوانە جـەژنی نەورۆزانەیـە کـە مـاوەی دووسـێ سـالە دەولـەت لـە کوردسـتان لەگـەل تەزاهورات و ئیعترازی خەلك رووبەروو دەبیتەوە. دەولـەت کـە لـە وەها هەل و مەرجیك هەست بە مەترسی دەکا لە رووی ناچاریشەوە بیت لانی کەم دار و دەستەی خۆی بەم جۆرە فیـلمانە سـەرگەرم دەکـا، هەربۆیـە ئاکـامی فیلمەکە هەر لە ئەوەلین بەشیەوە بۆ هەموو کەس ئاشکرا بوو، شتیك بە ناوی نەیار نـابی بوونـی هـەبی. ئەمـە یاسـای هـەموو دیکـتاتۆریکە. هەربۆیـە کـاری هونەری کە سفارش و کار کردنە بۆ پوولی تیدا بوو، هونـەر فرۆشـتن لـە پیـناو پول دا، ئاکامەکەشی دیارە کە لاواز و لە بواری هونەریەوە بێبایەخ دەبیت، هەروەك ئەم سریالە کە لە

بـواری هونەریـەوە، ناتوانی خۆی لە مێژووی فیلم دا سەبت بکا. ئەلبەت ئەوە نە بەو مانایە کە ئیحساسات منی گرتبێ و لەبەر ئـەوەی کـە پێشـمەرگە لـەو سـریالەدا شکەسـت دەخـۆن بـە سریالیکی لاوازی بزانم. بەلام چۆن دەورگیرەکان لەپێناو پوول دا ئەم دەورگیرانـە قـەبوول دەکـەن و لـەم جۆرەکارانەدا تەنیا مادیات مەبەستە، لە ئاکام دا بەرهەمەکەش شتیکی ساتی و سفارشی لێ دەر دێ. ئەگینا سریالی "خاك سرخ" لە دەرهینانی "ئیبراهیمی حاتەمی کیا" هەرچەند سەبارەت بە شەری ئیران و عیراق بوو، بـەلام چـونکە دەرهیـنـەرەکە کەسـیکی سـەربەخۆتر لـە عـەلی بەهادوری‌یە، سریالەکەی لە بواری هونەری‌دا قابلی بەراوەرد کردن لەگەل ئەم سریالە نەبوو.

لـە کۆتـایی‌دا رژیـم لـەو سـریالەش هـەروەك سـریالەکانی‌تری لەم چەشنە بە مەبەستی خۆی هیچ کە نەگەیشت، بەلکوو رق و توورەیـی خـەلکی زیاتـر کـرد. خـەلك لـە کـۆر و کۆبوونـەوەکان دا باسی ئەم فیلمە و مەبەستی رژیم لە بلاوکردنەوەی ئەم جۆرە فیـلمانە دەکـەن. بەلام لێرەدا شیاوی ئاماژەپێکردنە کە گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە هیچ کەس حازر نیە باسی کیشە و گرفتەکانی گـەلانی ئـیران و لەوانـە گـەلی چەوساوەی کورد بکا، چونکە دلنیایە هینانە سەر شانۆی ئەم جۆرە فیلمانە کار بە جیگای باریك دەکیشـی، جـا لـەوەها حالەتـیك دا مەیدان بۆ کەسانی وەك فەتاحی و بەهادۆری چۆل دەبێ و هونەرنەمایی خۆیان دەکەن. ئەمە لـە حالـیکدایە کـە دەنـگ و رەنگـی کۆمـاری ئیسـلامی پشـتیوانی مـادی و مەعـنەوی لـەم جـۆرە فیـلمە ناهونەریانـە دەکا و خاوەنەکانـیان خـەلات دەکـا. هەر لەبەر ئەوەیە کە نووسەر و دەرهینەری ئەم فیلمە کاریان بە راستی و ناراستی رووداوەکان نیە و لەسـەر خـەلاتی خۆیـانن. بـەلام دلنـیام کـە ئەگـەر نووسەر و دەرهینەری ئەم فیلمە خۆیان لە خانەی ئەدەبی و هونەری‌دا دیباوە، هـەروەك نووسـەران و هونەرمەندانی‌تـر خۆیـان لـە قـەرەی ئـەم کـارە ناهورنەیانـە نـەدەدا، ئەوە لە حالیکدایە کە نووسەری شانۆ تەنانـەت لـە دەورانـی باسـتانیش دا ئـەوەندە شـارەزایانە ئاگـایی و زانیاری تراژیدیان بە شانۆکانی خۆیان تەزریق دەکرد، کە نە تەنـیا بیـنەرانی خۆیـان لەگـەل شـانۆکە بەشـدار دەکـرد و، وە جم و جۆل دەخست، بەلکوو بە تەواوی مانا، ئال و گۆریان بەسەر بینەران دێنا.

# وەگەر خستنی سەنعەتی سینەما

ن: عەلی ئەمینی                                   و: سمکۆ محەممەدی

تەنیا چەند ساڵێك پاش شۆڕش، ئاكامی كار و كردەوەی كۆماری ئیسلامی لە بواری سینەما تووشی قەیرانیکی هەمەلایەنە ببوو وە سینەماڵە سەر لیواری هەلدیرگەی نەمان قەراری گرتبوو. بەرهەم هینانی فیلم بارودۆخیکی دژواری هەبوو وە بینەران روویان لە سالۆنەكانی سینەما نەدەكرد.

گۆڕانی لە ناكاو و ناسروشتیانەی پەیوەندی‌یەكانی دروست كردنی فیلم فەزایەكی ئالۆزی خولقاندبوو كە كار و تیکۆشانی سینەمای دژوارتر دەكرد. بێ بڕوایی لە رادەبەدەری كار بەدەستانی دەوڵەتی بەرانبەر بە بەریوەبەران و هەلسوورینەرانی پسپۆری سینەما هەل و مەرجەكەی بە جۆریك ئالودە و ناهیمنانە كردبوو، كە هەر هەنگاویك و هەر هەولیك بێ ئاكام دەهاتە بەرچاو. زۆربەی ئامادەكاران و پسپۆر و بە ئەزموونەكان دەستیان لە كاری سینەما كیشابۆوە. ئاستەنگ و توندوتیژی‌یەكان هەتا ئاستی دۆزینەوەی بیانوو و مل نەدان بۆكار خۆی دەر دەخست و ئەو كەسانەی لەبواری سینەما كاریان دەكرد تووشی ناهۆمیدی و سەرلێ شیواوی هاتبوون. تەنانەت بەرهەم هینەرانیکی سازشكار كە حازر بوون بە لە بەرچاو گرتنی تەواوی "پیوانە و رێ و شوینە ئیسلامی‌یەكان" فیلم دروست بكەن خۆیان لە قەتیس مانەوە و گەیشتن بە خالی كۆتاییدا دەدۆزیەوە، چونكە هیچ سەرمەشقیكی دیاری كراو و رینوینیکی ئاشكرایان لەبەردەم دا نەبوو.

بەهۆی نائارامی و ناسەقامگرتوویی هەل و مەرجی سیاسی، بەرپرسانی بواری سینەما كە بۆچوون و شیوازی كاری جیاوازیان هەبوو، بەردەوام جێگۆركێیان پیدەكرا و بیجگە لە بە فیرۆدانی كات لە ریگای ئەم سیاسەتە هەلەیەوە هیچ كاریكیان بۆ نەدەكرا. دریژەی ژیان و بوونی سینەما بە گۆرانیکی بنەرەتیانەی بۆچوونەكانی كار بەدەستانەوە بەسترا بۆوە.

پیویست بوو ئەوەی لێ تێبگەم كە تەنانەت بۆ وەگەرخستنی سینەمایەكی سەر بە نیزام، پیویستیان بە بناغە گونجاوەكانی ماددی و پیشەیی و فەرهەنگی هەیە. دەبوو كار بەدەستانی فەرهەنگی ئەوە قەبوول بكەن كە بەر لە هەر شتیك سینەما پیشەیەكی مۆدیرنە، كە لەسەر بنەمای ئەرك دانیکی ئیدئولۆژیکی و بە ریبوارانی ئالقە لە گوێ جێبەجێ ناكرێ، بەلكو لەسەر بنەمایەكی پتەوی ماددی و لە ریگای ئەركناسانی پیشەیی و پسپۆرەوە وەگەر دەكەوێ.

كردەوەكانی رژیم لە پیناو هینانەدی ئارەزووی "سینەمای ئیسلامی" بە ئاشكرا بێئاكام مایەوە. پاش بە فیرۆدانی ئیمكاناتیکی لەبران نەهاتوو و بەرهەم هینانی دەیان فیلمی بێ كەلك، ئیتر خودی كار بەدەستان دانیان لەسەر داگرت كە "لە چەند سالی رابردوودا بیجگە لە ٤ یا ٥ فیلمی سینەمایی بە ناوەرۆكی داستانی‌یەوە كە لە بایەخیکی هونەری باش بەرخوردارن، لە بواری فیلمی سینەماییدا سەركەوتوو نەبووین" ژمارەیەكیشیان هەستیان بەو خالە حەساسە كردبوو كە سینەمای ئیدئولۆژیك بە چ شیوەیەكی ئاسان دەتوانی لەدژی خۆی سەربەرز كاتەوە "گەلیك فیلمی فەرهەنگی ئیسلامی بێ غەل و غەشمان بینی كە كاتیك دیتمانن بیجگە لە تیكدان و شیواندنی ناوەرۆكە ئیسلامیەكان، بەرهەمیکی‌تری نەبووە."

لـە هـاوینی سـالی ١٣٦٢ دەولـەت سـینەمایەکی نوێـی ڕاگـەیاند کـە هـەلقوڵاویك بـوو لـە کیشمەکیشـە ناوخۆیی‌کـانی دەسـەلاتدارەتی و وەرچـەرخانیکی ئاشـکرای ئـەو ڕوانگـا کە پیشتر سەقام گرتنیان مسۆگەر بوو، دەری دەخست. هەل و مەرج و پیویسـتی‌یەکانی کۆمـەلگا تـا ڕادەیـەك سـەرنجی درایـە و سـینەمای ئیسـلامی بە داهاتوویەکی دوور سپیردرا. خالی نوێی ئەو بەرنامەیـە بـریتی بـوو لـەوەی کـە پـروپاگەندە و هـەلا و هەنگامـە تەنیا ئەرکی سینەما نەبێ، بەلکو سەرنج بداتە سەرگەرمی و کـاری تەفـریحی. هـاشمی ڕەفسـەنجانی کـە وەك کـار بەدەستیکی بە نفوز دەناسرا، لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە "ئەوە ڕاستە کە دەبێ فیـلم هەلگـری پەیام بێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە لایەنە تەفریحی‌یەکانی لەبەر چاو نەگرین. کۆمـەلگا پیویستی بە تەفریح و خۆش گوزەرانی هەیە."

محەمـەدی خاڵـەقی کـە ڕوحانی‌یـەکی مـیانەرەو وەك وەزیری ئیرشادی ئیسلامی بەئاشکرا لە ڕوانگەی سوننەتی ڕوحانیەت دور کەوتـبووەوە:" بەبـڕوای مـن سینەما مـزگەوت نـیە" کـە بـەزوور شتیکی بەسەردا دەسەپیندری یان ئەوەی کاتی فەراغەتی بۆتە کاتی کارکردن، بەو کارەمان کۆمەلگامان لەحالەتی سروشتی خۆی دەرهێناوە".

ئـەبدوللای ئـەنواری و محەمـەدی بەهەشـتی بەریوەبەرانی تازەی بەشی سینەمایی وەزارەتی ئیرشاد کە بەریوەبردنی ئەم سیاسەتە تازەیـان لـە ئەسـتۆ گرتـبوو ڕایانگـەیاند لەپـیش هەر کارێك دا دەیانهەوی سەنعەتی سینەما لەو هەلدێرگە و لەناوچوونە ڕزگار بکـەن. ڕیـبازی ئـەوان بـریتی بـوو لـە: "چـاوەدیری – ڕێـنوینی – پشـتگیری" کە هەولیان دەدا تا دەست تی‌وەردانی توندوتیژ چـاوەدیریەکی یـەك لایەنـە، لـە بەرهەم هینانی فیلم دابە هاوکاری و ڕیك کەوتن لەگەل بەرهەم هینەرانی فیلم سەقامگیر بکەن. دەولـەت بـەو ئاکامـە گەیشـتبوو کـە بەرنامـەی وەریخسـتنی سـەنعەتی سـینەما تەنـیا بـە گەرانـەوەی بەرهەم هینەرە سەرکوت کراوەکان و سەرمایە دوور خراوەکان لە پروسەی بەرهەم هینان دا دەتواندری وەری بخرێ.

بەرنامەی وەزارەتی ئیرشاد بۆ چەند مەبەستی دیاری کراو بوو:

١) بـردنە سـەری بەرهـەم هیـنانی فیـلم بـە ڕادەی لـە هـەر سـالیك دا شەسـت فیلمی سینەمایی. لە پیناو دابین کردنی پیویستی‌یە ناوخۆیی‌یەکان و کۆتایش بینی بە پالپشتی کالایی و کەلتوری ئیران بە ولاتانی‌تر.

٢) بەرگری لە هاتنی ئەو فیلمانەی کە لەگەل کەلتوری ئیسلامی‌دا ناگونێجن.

٣) بوار ڕەخساندن بۆ پیشکەوتنی ماددی و فەننی "سەنعەتی سینەما بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و بی‌نیازی".

٤) بەرهـەم هیـنانی فیلمی سەرەنج ڕاکێش و بەنرخ هەتا بە ناردنی ئەوان بۆ دەرەوەی ولات لەپیناو شورشی ئیسلامی لە جیهاندا هەنگاو هەلبگری.

٥) دۆزیـنەوەی لاوانی لیهاتوو، و بارهینانیان و دارشتنی بناغەی سینەمای ئیسلامی، مانگ نامەی فیلم کە لە کەش و هەوایـەکی ئـالۆزدا بـە هیمەتی چـەند ڕەخـنەگریکی سـینەمایی، دەردەچـوو. بـە ڕوانگـەی ئیسلاح خوازیەوە هاتە مەیدان و بـەخیرایی لـە ئاستیکی بەریندا بلاو بووە. ئەم گوڤارە کە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی سینەمایی نوێ دەکرد. دوو سال دواتر لە گوزارشیکی چڕوپڕدا ئاکامی ئەو سیاسەتەی باش هەلسەنگاند.

٦) ئـەو پیشـکەوتنە بـە هەلگرتنی ئەم هەنگاوانەی ژیرەوە مسۆگەر بوو: دامەزراندنی " ناوەندی سینەمایی فارابی" کە ئورگـانی بەریوەبـەری بەشـی سـینەمای ئیرشـاد بـوو ڕاگـەیاندنی پەیـرەویکی ڕون و ئاشـکرا بـۆ چـاوەدیری بەسـەر فـیلمە

سینەمایی‌یەکاندا بۆ ئەوەی بەرهەم هینەرانی سینەمایی هەرچەند کەم و کورت بەلام ناسییاویان بێت لەسەر کەندوکۆسپە یاسایی‌یەکان.

- باشتر کردنی ریزی ئیدارەی چاوەدیری بۆ ئەوەی بەبێ بەکار هینانی سەلیقەی تاقە کەسی، بەرهەم هینەران پەیرەو و یاسای دیاری کراو لەبەرچاو بکرن، رادەی چاوەدیرەکانیش زیاتر کران تا کاری لیکولینەوەی فیلمەکان بە ریك و پیکی و خیراییەوە بچیتە پێش.
- دامەزراندنی ناوەند و راویژکاری و رینوینی لە وەزارەتی ئیرشاد بەرهەم هینەرانی رادینا کە چوون دەتوان مەترسی سانسور یا گرتن و راگیرانیان لەسەر خۆیان دور بکەنەوە. راویژکاران بۆ گەلالە و سنیاریوکانی ئەو فیلمانەی گیروگرفتیان هەیە. شێوازی رەوا پیشنیار بکەن.
- کردنەوەی ژمارەیەك دانشکەدە و خویندنی بەرز لە پیناو راهینانی سینەمایی. لە ماوەیەکی کەمدا زۆر فیرگەی سینەمایی، لە بەشی تایبەتی و دەولەتی دەستیان بەکار کرد. هەلبەت لەئاستی چونایەتی‌دا جیاوازیکی زور هەیە. دەولەت رایەلەی ناردنە دەرەوەی فیلمی زیاتر هان دا، بەلام بەو هۆیەی چونە ناو بازارە نیونەتەوەیی‌کان کاریکی زۆر دژوار بوو. وەزارەتی ئیرشاد چارەی لە بەشداری هەلسووراوانە لە فستیوالە دەورەبیەکاندا دەدیتەوە کە لە لایەن بونیادی فارابیەوە هەولی شیلگیرانەی بۆ دەدرا.

بەلام گرینگ ترین ئیسلاح بەهیزتر کردنی بناغەکانی ئابووری سینەما بوو. بەرهەم هینەرانی فیلمی سینەمایی لە رەوتی شورش و لەدوای ئەودا زەرەری وەهایان کردبوو کە بە بی یارمەتی‌دانی دەولەت، ئیدامەدان بە کاریان ئیمکانی نەبوو. ئەو یارمەتیانەش لە چەند ریگای راستەخو و ناراستەخۆوە دەگەیشت بە دەست بەرهەم هینەران. لە یەکەم هەنگاودا بانگەکان پییان سپیردرا تا وامی دریژماوە و بی بەهرە بدەن بە فیلمی سینەمایی. بۆ کەلك وەرگرتن لە ئیعتبارە مالیەکان بەرهەم هینەرانی فیلمی سنەمایی لەسەرو هەموانەوە بوون. هەنگاوەکەی‌تر یارمەتی مالی بوو. بەرلەوەی خەرجی زور و عەوارزی قورس ببوە هۆی ئەوەی کە تەنیا یەك لە سێی پۆلی فروشی فیلم بگا بە بەرهەم هینەر. دەولەت هەولی‌دا ئەو بەشە زیاد کا و بیکا بە نیوە. ئەوەش بە تی‌بینی دوبارە لە ورەگرتنی مالیاتدا دەهاتە دێ. بیست لە سەدی فرۆشی هەموو فیلمەکان دەدرا بە شارەوانی. بەلام بە پیی یاسای نۆی ئەو ئەوارزەی شارەوانی‌یەکان وەریان دەگرت" بۆ فیلمی ئیرانی لە بیست لە سەدەوە بۆ بە پینج دەرسەد و بۆ فرۆشی فیلمە دەرەوەییەکان بۆ بە بیست و پینج لە سەد. ئەو داهاتە زیادیەی مالیات راستەوخۆ دەدرا بە بەرهەم هینەران. هەر لەو بابەتەدا: نرخی بلیتەکانی سینەما کە زۆر لە خواری بوو چوە سەری و هاوئاهەنگ بوو لەگەل نرخی گرانی. گرفتی‌تر کەم بوونی کەرەس و ئامیرە فەننیەکان بوو. دامەزراوەکانی بەرهەم هینانی فیلم، جیا لە کەرەسەی کۆن و عەیبدار هیچ شتیکی‌تریان نەبوو.ئەو فیلمە خامانەش کە زۆربەیان تاریخی کەلك لی ورەگرتنیان تیپەریبوو لە بازارە رەشەکاندا بەنرخیکی یەکجار زۆر دەفرۆشران. ئەو کالآ سینەماییانەی لەبەر دەست وەزارەتی ئیرشاددا بوون. لە دانی سودی بازرگانی مەعاف بوون. "فارابی" پێی سپیردرا هەتا کەرەسە و کالا پیویستی‌یەکان لە دەرەوەی ولات بکرێ و بە قیمەتیکی شیاو بینیتە ئیختیاری بەرهەم هینەران. دواتریش ئەو ئیجازەیە بە بەشی خسوسی درا هەتا کەرەسە و کالآی سینەمایی بێنێتە ناوەوە. ئەو ئیسلاحاتانەش بوونە هۆی گەشەکردنی سەنعەتی سینەما. ئەو فیلمانەی لەسالی ١٣٦٤بەرهە هاتبوون لە ٤٠ فیلم تیپەری واتە دوو بەرابەری سالی ١٣٦٢ هەر لەو کاتەشدا رادەی بینەرانی فیلم تا دوو بەرابەر روو لە زیادبوون بوو.

زیاد بوونی فیلمە سینەماییەکان کە لە سالانی دواتردا گەیشتە زیاتر لە ٥٠ فلیم، توانی تا رادەیەك بازاری ناوخۆیی وەدەست بێنێ. بەریوەبەرانی وەزارەتی ئیرشاد ئەو پیشکەوتنەیان بە بنەمایەکی ماددی باش دەزانی بۆ گەیشتن بە مەبەستە سەرەکیەکەیان واتە رینوینی کردنی سینەمای ئیران لە راستای ئامانجە ئیدئولوژییەکانی رژیم دا. بریك لە کەسانی بانفوزی حاکمیەت و دەوروبەری رەخنەیان دەگرت و دەیان وت سیاسەتی سینەمایی تازە تەنیا لایەنە ئابووری و چەنددایەتیەکانی لەبەرچاو گرتوە و بۆتە هۆی پەرەپیدانی بۆچونە دژی مەزهەبیەکان لە حالیکدا دەبی ئەو فیلمانە دروست بکەن کە دەبیتە هۆی گەورەیی و ئیعتباری نیزامی ئیسلامی لە سەراسەری جیهاندا. بەلام بۆ ئەو رەخنانە هیچ گوێبیستیك پەیدا نەدەبوو. ئەوە رون و ئاشکرا بوو کە سینەمای حرفەیی بەشیوەیەکی بێ گەرانەوە لەو خەیالاتە دوور دەکەوتەوە. پرۆژەی سەنعەتی سینەما لە ئاکام دا تەنیا بەرهەم هینەرە تایبەتییەکانی بەهیزتر کرد. هەلدان و گەشە کردنی کۆمەلگاش بە گشتی بۆ لایەك دەرەوەیی کە وەدیهاتنی خەون و خەیالاتی سینەمای ئیسلامی هەرچی زیاتر دوور دەخستەوە.

**بەشیك لە کتێبی "روا و ناروا در سینمای ایران"**

**تێبینی: ئەم بابەتە بە شیوەیەکی ئازاد وەرگیردراوەتە سەر زمانی کوردی**





# پـەخشـانە شـێعر:

## رۆژمێری پێشمەرگەی کۆمەڵە

ن: یونس. م

پێشکەشە بە یادی هەمیشە زیندووی کاک خانە یەکەمین گزینگی سەر براوی کۆمەڵە.

سلاو
یەکەمین کازیوەی سەر براوی هاوین
سلاو
سلاو پاشە بەرەی زەردە پەری بەهار شەلاڵی خوین و باروت و گولاَ و
بەهاری رەش پۆشی
بسك ئالوزی، تەمەن بروسکە
سلاو
پیرۆزە لە دایك بوونت.
ئەو کاتەت باش
پیغەمبەری ئاوەدانی
ئەی قەلای لە گیران نەهاتوی ورە
ئەی بینایی شورش
ئەی پەلەپیتکەی کلپە و
ئەی یەکەم چەخماخەی تاراندنی ژانی دایك، ژانی مامەی کریکار و باوك
ئەی هەوینی یەك دەنگی
ئەی تەمەن بەهاری گولّ و
ئەی یەکەم ئازادی ئوقرە نەگرتوو
سلاو لە چیاوە.

٢

کە کانی ئاوەلدووانەی ئاو و ئاگری بوو
ئاو و ئاوەدانی و گەنم و رەنج و
ئاوەدانی کار و
کار مرۆڤ و
مرۆڤ ئەندیشەی لی کەوتەوە.

**که ئاگر گوڵ و**

**گوڵ**

**ئاڵای سوور و**

**ئاڵای سوور شۆڕش و**

**شۆڕش پێشمەرگەی لێ کەوتەوە.**

**پێشمەرگەش خانەی شەهیدی لێ لە دایک بوو.**

**٣**

**بەیانییەکی بسک پەرێشانی خەواڵویە**

**شۆڕش بە دەم ژانەوە دەتلیتەوە.**

**بۆ چەند ساتێك بێدەنگییەکی نەزۆك و گۆ نەکرد و**

**زیکەیەك**

**پێشەنگێکی چاو سەوزی باڵا چڵاك**

**لەژێر تاقە مەمکە قیتەکەی زاوا بووك**

**خۆی خزاندە دەرەوە**

**پێشمەرگە ژیانت باش.**

**٤**

**کرێکاری پێشمەرگە**

**گلێنەی چاوەکانی دایکمە**

**نوێنەری ئازادی باوکمە.**

**چەپکە گوڵی رواوەی سەر ناو چەوانی تاشە بەردی ئەستەمی ژیانە**

**هاودەمی شەوە زەنگ و هەتاوی هاوین و شاخی باڵا بەرز و چەکی بە رۆژ و مامزی تیژڕەو و شاری پیتەختی شۆڕشە.**

**دەرختێکی چوار وەرز سەوز و بە بەر و بوومە**

**کرێکاری پێشمەرگە**

**هەگبەیەکی پڕ لە ئەوین و ئەوینێکی پڕاوپڕ لە وڕە و جەر بەزەیە.**

**بڕبڕە پشتی چەخماخەی ئازادی و سەلای شۆڕشی دایکمە**

**شاخێکی سەر و چاو ئالۆزی بە تەمەن گەردن سەوزی پڕ لە سەنگەرە**

**کرێکاری پێشمەرگە**

**رۆخ و**

**هەڵوی هەرگیز لە پێ نەکەوتوویە.**

**گۆرانی قاچاخ و**

بەستەی ئازادی و
پشتی خەلکە.
کریکاری پیشمەرگە
دەزگیرانی ئازادی‌یە.

٥

بابەت:
بیرەوەری‌یەکی مەند و خەیالاوی
ئیوارانی ئەم بەهارە زك سووتاوە
لەگەل خانەی پی گرتوو بەرەو رەوی شورش
لە ژوانگەی کانی و درەخت
زەردە پەر و لیلایی
ژوانگەی کاکە جەمال و گورانی
لە بانی میکائیلی پارا و لە خوین
تاسەی دیتنی
لە بزماری دەدام
لە ناکاو بە پریاسکەیەکی پر لە کتیب و هەوال
ئاسۆگی دا.
پینج پەنجەکەی لەشمان
خۆ دەخزینە ناو لەمپەری یەکتر و
یەکتر بە توندی لە باوش دەگرن
ئامیزمان سەنگەریکە و
بە دوو ماچی ئەم لاوئەولای یەکتر
تاسەمان لە بال دەدا و
بۆ چەند ساتیك بە تەنیا
بە جیمان دیلی.
خانەی کرچ و کال
پریاسکەی هاوری والا دەکا
بۆکان:
خەلکی میراوا نانی برشاوی دەخۆن
کامیاران:

خەلکی ماراو تەمەنی زاڵم دەسکەنە دەکەن
مەریوان:
کاك فوئاد هەروا لە زیندانە
سنە:
ئاویەر دووگیانە
مەهاباد:
خونچەی شورش خەریکە لەسەر شەقامەکان دەپشکۆی.
بۆ چەند ساتیکیتر
پەنجەکانمان میوانی یەکتر دەبن و
ئیتر ماڵئاوا.
ئیستا من بە رەشکینی میژوو چاوم لییە.
شەو درەنگان
لەشەوی پر لە چەق و لوورەی گورگانی در و سەگانی بەرەڵا خانەی
رۆح سەوزی گەنم رەنگ
بە هەگبەی پر لە نان و کتیب و
پر لە ئەوین و سوز و خۆشەویستی و ئاوەدانییەوە
لە رەوەزان سەر دەکەوەی
هۆ هۆ!
خانەی پشوو سواری ریگای چەخماخە و گڕکان
ئەم کاتەت باش.
تۆ هەتاو
بینە بەر چاوی خۆت کە کۆمەلی هەوری پیری بە ئەزمونی سەر و ریش ماش و برینجی گەمارۆیان دابی
یان
لیشاوە هەوریکی لاوی توورەی سەرخۆش لە ژینی نیو چاوان ترشاوی
گللیرکەی بەرویدا کەن
بەلام هەتاو
سەر و ملی هەلدەبری و
لە درزی کۆنە دەرزی ئاسای رەشی و قات و قری
سۆز و خۆشەویستی و چاوداگرتن و نانی کردبیتە دیاری بۆ دلدارانی
خانە ئاوا بوو.

تۆ ئاربابای
گەردن پڕ لە خرخالی گوڵ و ڕەز و
پڕ لە سەنگەر بینە بەرچاوی خۆت
کە دیۆەزمەی بومە لەرزە و
خواری ڕەشە باو
لیزمەی بارانی خەست و بە لیشاو و
پەنجەی قورسی شیرە بەفرینە و
لەشکری ڕنووی باوەش پڕ لە فرمێسک
نەیانتوانیبێ بیلەرزێنن و
ڕۆژو بە زمانی بشکێنن و
لە ژیانی بخەن
خانە ئاوا برو.
تۆ ئاویەر بێنە بەر چاوی خۆت
کە چامانەی بەفری لەسەر کردبی و
لە دامینەوە ریشالەی ئاوی
بە دەم دار هەناریکی ساواوە
پی بکەنی و
گولینگی گریاشانی ئەم چامانە بەفرینە
خەلکی سنە بە حەزەوە بینۆشی
خانە ئاوا برو.
تۆ
مەلیکی لانەوازی
دەست و پەنجە خەناوی
بالاریك
بێنە بەرچاوی خۆت
کە هەموو بەیانییەك لە شەقەی بال دەدا و
ئیواران بە سواری ئەسپی شنە بایەکی دەروون پاك قەمچی لە پشتی ڕەورەوەی میژوو دەدا و
پڕ بە گەرووی، ئاوەدانی
برژینیتە دەرونی ئینسانەوە
کاك خانە ئاوا برو.

**خانە**

**جانتایەکی پڕ لە هیوا و خوراگری و یادی دایك و چەك و ئالای سوور بوو.**

**٦**

**ناسنامەی چەند پیشمەرگەیەکی کۆمەڵە:**

**دوینی دەمەو ئیوارە**

**دەنگی گڕی مجیوری مزگەوت**

**کە لە منارەوە هاواری دەکرد:**

**جووتیك پۆستالی شینی**

**قەیتان سپی شیوە بووی**

**منالیکی دەم و چاو داروشاوی مام کریکار ون بووە**

**هەر کەس دیویتی‌یەوە بیبات بۆ ئەو منالە هەناسە ساردە گەریدەی کەلاوە کۆنەکان،**

**گەرەکی هەژاند**

**ئیستا ئەم منالە لە چیایە و**

**زامار کردنی دەستی قەلشیوی مام کریکار**

**مانیفیستیتی.**

**لە هەوالەکانی دوینی نیوەرۆی رادیوکەمان دا هات منالیکی بی دایك و باوکی**

**خوشك سەربراوی شەهید**

**لە نەخوشخانەی سەنگەر کەوتووە**

**پیویستی بە خوینی لە جۆری شورشە**

**هەر کەس لەخۆی رادەبینی با رزگاری بکات**

**کرێکارێك**

**لە چیاوە جوگەلەی خوینی براکەی بۆ هەلبەست**

**ئەو منالە ئەمرۆ بالای هیندی شاهویە و لە چیایە و بە چەکی لەشانی و**

**کولەپشتی پڕ لە خوینی لە جۆری شورش**

**منالان لە مردن رزگار دەکا.**

**دوو رۆژ لەمەوبەر رۆژنامەی خەلك نووسی:**

**کوریکی بە لال فروشی بۆکان**

**منالیکی راوچی لە زریباری مەریوان**

**کچیکی نان فروشی مەهاباد**

**منالیکی دەست فروشی سەقز و**

منالیکی بۆیاخچی شاری سنه

شەوانە لە برسان و لە تینوان ئەنگوستی گەورەی دەستیان دەکروژن و ئاوی چاوی پشیلەکەی هاوریيان دەخونەوە

بۆ ئەوەی لە برسان نەمرن، بەدزی و بە دور لە چاوانی خوا کولیرە چەورەی مانگ دەخۆن

ئەمرۆ

ئەم پێنج منالە لە چیان و

دەستیکن و پاروی رزگار بوون بە دەم منالانی ئەم کوردستانەوە دەکەن.

ئەمرۆ

راوچی بی نیچیر و

نان فروشی دەروون سووتاو و

بۆیاخچی تی هەلدراو و

دەست فروشی بی تاوان و

بەلال فروشی مشتەری نەدیو

لە چیان و

لە سەنگەری کۆمەلەدا گەرەلاوژەی تەقەیانە و پر بە دەمیان کلۆ کلۆ هیوا دەجاری.

٧

ئەوەی کە لەگەل یەکەمین ساتی زیرە و شانی خوری شورشەوە کەوتە رێ و لەگەل ماندوبوون نامۆیە و هەرواری دەکا،

ئەوەی هەموو سەحەریك بانگی ئازادیيە بە گویی کریکاردا دەدا و دەست نویژی رزگار بوون بە ئاواتی زەحمەتکیشان دەشوا و لەسەر تاتە بەردی بەرابەری نویژی مەرگی سەرمایە دەکا،

ئەوەی لانکەی چاوی چاوەروانی کریکاری کوردستانی بە پەنجەی شورش راژەنی،

ئەوەی تەختی بەختی ئاغا و زالم و زۆرداری وەرگیرا و تەلاری هەزار رەنگی سەرمایەی کردە گوریچەی خوایان،

ئەوەی میحرابی مزگەوتی کردە قەبری بیری دارزیوو،

ئەوەی مزگینی گەنم و بارانی نانی دا بە دایکی ژیلەموی شورش و باوکی ریبواری نەسرەوتووی ژیانی هەدانەدای ئیستاش بە مەنزلگە نەگەیشتوو،

ئەوەی خەمی نانی بە قەزا نەدا و،

ئەوەی برسیەتی بە ژیی شورش رەواندەوە و،

ئەوەی کانی وشك کردوی شورشی کردستانی تەقاندەوە و پیدەشتی ئاوات و تاسەکان و خۆزگەکانی کریکاری ئەم مەلبەندەی پی پاراو کرد،

ئەوەی بە راوەستاوی لە سەنگەردا راوەستا و لورەی گورگی دڕ نەیترساند و لە ئاوی مەندیدا،

ئەوەی لە فرمیسکی گەورە کچانی بیوەژن و بیوەژنانی مەمك تەقیو زێی رق و تورەیی لە دژی زالم و چارەنووس هەلبەست،

ئـەوەی لـە شەوی تاریك و پڕ لە لوورە لووری گورگی دڕ و چەقەڵی برسی‌دا وەك مومێك لە رووی کریکاردا داگیرسا و هیوای وەبەر رەورەوەی خەبات و تیکوشان نا،

ئـەوەی گولـی سـووری هـیوای لـە گـوێ سوانی مـالی هەموو کریکارانی دەست قەلشیو، دایکیکی لەش شیتالەوە بووی بەر قەمچی دەستی رۆژگار دا،

ئـەوەی بـە چـانتای پڕ لە هەوال و هەوالی ژیان و گیانبەخت کردن و سەنگەری پڕ لە گولالەی سوور لە تاریکی شەقامی ترس و دیوەزمە و ئیعدام دا تراکتی شورش و چەکی چەسپاند،

ئەوەی قەندیلی دەستەموو

تەرەغەی ئاوەدان و

کیلەشینی راژەنی و

گولە گەنمی لە سەر قولڵقولاّخ رواند و ئاریز راستە شەقامی شورشی بوو،

ئەو ژنەی بەروی بەختی رەشی‌دا تەقیوە،

ئەو کچەی چەکی لە ئامیز گرت وئاوات و حەزەکانی کردە پیخەفی،

ئەو کچەی توز و خۆلی سەر ریگای شورش کرمەك و ئارەقەی بەر قرچەی هەتاوی هاوین گولاوی بوو،

ئـەوەی چـاوانی زیـتی سـیخور و، مـیّز و چـەپکە گولـی بـەردەم دیـپلومات و ژیـانی هـەزار رەنگـی ئـەو دیـوی کەوشـەنە دەستکردەکان نەیتوانی هەلیفریوینی و بەرچاوی لیل بکات و هەتاوی لی تەم گرتوو بکات،

ئـەری، ئـەری ئـەوە پیشـمەرگەی کۆمەلـە بـوو، سـلاوت لـی بی ئەی پیشمەرگەی کۆمەلە، سلاوت لی بی ئەی کریکاری چەك لەشان، سلاوت لی بی.

# هیـــوا

ن: هەژێر نینا

لە ناخی ئەوینی ئەوانەوە
ڕێت گرتەوە بەر
ئەی بەرزە ئاواتی
ئیستای چەوساوەکان
چاوەکانت
کێشکچی ڕێگای ژیانێکە
بەختەوەری ئینسانەکانی
تیا سەوز ئەبیت
هۆ
مێژووەکەم
تاجی سەری ماڵ بە ماڵی هەژارەکان
لە کرێوەی
بێوچانی کام دوورە دێ
وچانێك و، کۆرێك و

گەرمی هەناسەتیان میوان دەکەی

خۆشەویستیت
ئاواتێکە
هەموو رۆژێ کرێکارێك خۆزگەی دەخوا
بۆ:
خەرمانی
نیۆ دەغلودان
خەمی تۆیە بۆ جوتیاران
وەرزەکانی ساڵانی چەوسانەوەش دەگۆری
کات ژمێری مانگرتنی
نێو کارگەکان دەوەستینی.
هۆ:

حەماسەکەی نێو سەنگەری چینایەتی

کامە لووتکە چاوەڕێتە

شان بە شانی

ئەستێرەکان

بێ پشوودان

بۆ سەرئەچی

ئیستاش

پێنووسەکەت

هەڵگری

پەنجەی شێعری تازەن

لە ئاوێنەی

ئاسۆی قۆتابخانەی کۆمەڵەن

لێرە

سەوزە دەستەکانت

لەوێ سوورە لەسەر گڵکۆی چاوەکانت

هەموو رۆژێ

هەمووساڵێ

دڵم ئەدەم بە چیاکان

دەستم ئەدەم

بە بەژنی دارستان و

لە ئاوێنەی کانیەکانا

شێعری باڵات ئەهۆنمەوە

ئەمشەو

نیگام ئەدەم بە ئەستێرە و

خۆم بە سروودی ئاڵاکەت ئەسپێرم

ئەی شۆرە شێعری

لای بارانی ئەختەرەکان

تراژدیای

چیرۆکی کام رۆمان دەخۆلقێنی؟

لێرە

مەیدان

لێرە هەڵمەت

لەوێ زیندان

لەوێ شەلاق

خامەی خوێنی

پشتی قەڵەم

لە ژوری ژانی نەردەکان

نهێنیمان پێ فێر دەکا

کاك خالیدی بابا حاجیان

رچە شکێنە لەنێو سەهۆل

پێشرەوەکەی

کاك حەمە حوسەین

هاورێ عومەری فەیزی

ئووستوورەکەی کرێکارانی کوردستان.

## راوەستان

لەپشت

دەلاقەی دیویکی تاریك و چاو نەبینا

پرسیار لەدوای پرسیار

نێوی نهێنی قاچاخم

لێ دەپرسن

هەموو رۆژی قفلی ئازار

بە ژەهرەوە بە رووم دا دەکەنەوە

گەرچی بە ژەهری ژانەوە دەتلیمەوە

بەلام هەرگیز بۆ ئەوان

بۆ راوچیانی ئازادی

مەلی وەلام لە باڵ نادەم

# لێت دوورم

ن: کەیوان

ئێستا کە لێت دورم،

ژیانم ئەدەم بە دەم شنەی بە سۆزی گەرانەوە
چونکە ژیان بە بێ تۆ
نامۆیە
ئەفسانەیە، غەریبە، بێگانەیە.
بێ تۆ ئەی مەلی خۆشەویستیم
خۆری ژیانم تەم گرتوویە
شەپۆلی خەیاڵم
لۆتکەی حەز و تاسەم
بەرەو دورترین کەناری نائومێدی ڕادەکێشی و
ئارام ئارام
لەنگەری تەنیایی دەگرێ
من لەناو لەپی ئێوارانا
لەناو قژی زەردی دەم کەلا
تۆ دەبینم
لەو بەری زێی خۆشەویستیما
راوەستاوی و
شنەیەك بسکی ئاڵ و والآت
تێکەڵ بە ملوانکەی زێرینی گەردەنی کیوەکانی
هەستم دەکات و

دەستی گەرمی گەرانەوە بەرەو من رادەکێشێ
لە ئامێزی خۆشەویستیتا گرمولە دەبم و تویش
ئارام ئارام
دەتویتەوە

**بەرهەمی هونەری**

## شـــیعر، چـــیرۆك، شـــانۆگەری، وێـــنە، کاریکاتورو ... بۆ پێشەنگ بنێرن.

**شـــانـۆ**

# ژیــان پێناســەیە!

**ن: باران**

## شانگەی یەکەم

**پەردە لادەدریت. ئازادە لە گۆشەیەکی سەحنەکەوە دیتە پیشەوە و روو بە بینەران قسە دەکات.**

**ئازادە: ئێوە بلین ئەوە ژیانە خەلك هەیانە؟ ئەمە بوو ئاكامی "مەرك بۆ شا" وتنی خەلك؟**

**ولامـم بـدەوە، تـو ئـەو کەسەی کە لیباسی سوورت لەبەر دایە؟ یان تو، تۆیەك کە موی سەرت شانە کردوە! چوونە ناو دەریای خۆشەویستی لەزەتی هەیە! دەزانی؟**

**بۆ کەس ولامم ناداتەوە؟ ببورن نەمزانی لە ولاتی نامۆیی قسەکردنی بی دەربەست قەدەغەیە. لیم گەرین.**

**لیرەدا پارچەیەك موزیك دی**

**ئازادە بە گریانەوە دەچێتەوە گوشەی زیندان.**

## شانگەی دووهەم

**جۆامیر بە نالەنال دیتە سەر سەحنە**

**جوامیر: خۆزگە دەمزانی سلولی دەستی راست و چەپم کێیان تیدایە.**

**خۆ بە دیواری زیندانەکەدا دەدات. ئازاری هەیە**

**روو لەلای راست دەکات و دەلی:**

**کەسێك گوێی لەمنە یان نا، ولامم دەوە؟**

**روو لەلای چەپ دەکات و دەلێ:**

**جوامیر: کەسیك گویی لە منە یان نا تکایە ولامم دەوە.**

**هاوار دەکات: ولامم، ولامم.**

**ئازادە: مەگەر نازانی هاوار کردن تاوانە. هەناسە هەلکیشان تاوانە. بلی بزانم تۆ کیی و چیت دەوی.**

**جوامیر: کەسیکی ئاسایی، یان بە قەولی خوایانی سەرزەوی کەسیکی نائاساییم**

**ئازادە: نائاسایی یانی چی؟ روونتر قسە بکە با بزانم.**

**جوامیر: پرسیاریك، ئیوە نێوتان چی‌یە؟!**

**ئازادە: نیوی منت بۆ چی‌یە؟ لەم سەردەمەدا ئینسانەکان بەنیو، رەنگ، زمان، ناناسنەوە. ئینسانەکان ژیانیان پیناسەیانە.**

جوامێر: ئێوە شاعیرن بەڕێز! قسەکانتان هەست بزوێنن.

ئازادە: ژیانی هەرکام لە ئێمە بۆخۆی قەسیدەیەکی خەماوییە.

جوامێر: شکم نیە کە ئەگەر شاعیر نەبن بێشك نوسەرن

ئازادە: جا کار و نیوی من چ شتێك لەژیانی تۆ دەگۆڕێ لیی گەری تاوانی ئێوە چییە.

جوامێر: زانیم ئێوە نوسەرن بەلام نوسەریکی کەم تەرخەم.

ئازادە: چۆن؟

جوامێر: ئەگەر نووسەریکی باش بوایەی لەسەرتاوە دەتزانی کە من چکارەم و تاوانم چیە، من کەسیکی ئازادی خوازم.

"لەم بەشەدا، جوامێر و ئازادە بێدەنگن جوامێر دەلێ"

جوامێر: بۆ بێدەنگی. بیر لە چ شتێك دەکەیەوە. لەبیری نووسینی چیرۆکیکی تازەدای.

ئازادە: چیرۆك! ئەویش لەنیو زیندان دا.

جوامێر: بۆ ماوەی ٢ هەفتە دەتگرن و دواتریش...

ئازادە: وا دیارە حالتان باش نەبی. لەم ولاتەدا هەناسە هەلکیشان تاوانە، چ بگات بە نوسینی.

جوامێر: چووزانم وتم رەنگە تۆ کەسیکی وەك نازم حیکمەت، وەك برتولت بریشتی.

ئازادە: ئاغا دەبی بزانی کە ئەوە ژیانی راستەقینەی ئینسانەکانە کە ناو و ناوبانگی ئەوان دیاری دەکات.

جوامێر: زۆر باشە ئێوە نیشانتان دا کە کەسیکی ئاساییین.

ئازادە: وادیارە ئێوەش کەسیکی باش بن.

جوامێر: چۆن

ئازادە: لەوەی کە نیوی نووسەرانی چەپ دەزانی. دەزانم کە کەسیکی ئاسایی نین. هەر بۆیە ئیستا لەگەل میلەکانی زیندان هاودەمی.

جوامێر: من هەمیشە پیم خۆش بو، هەر لێ گەرێ.

ئازادە: دەی پاشماوەکەی

جوامێر: پاشماوەی چی؟

ئازادە: ئاواتەکەت

جوامێر: من تا ئیستا هیچ ئاواتیکم نەبووە، بەلام لە ئیستاوە هەمە.

ئازادە: ئاواتەکەت چییە بیلێ با بزانم.

جوامێر: ئاواتم ئەوەیە بۆ جاریکیش تۆ لەبەرامبەر خۆم ببینم.

ئازادە: من! من بۆچی.

جوامێر: ئەرێ تۆ، تۆ کە هەر نەبی قسەم لەگەل دەکەی نازانم لەم بیدەنگییەدا بیر لە رابردوو و داهاتوو و ئیستا بکەمەوە یان ناهومید بم.

بـه پێچەوانە هیوادار بم. لیگەری، ئەرێ وتت تاوانی تۆ چیە، نوسەری، بێسەر پەرستی، لەش فرۆشی. باشە من بۆ لەگەل تۆ قسە دەکەم.

شایەد تۆ مەئموور بی و بت هەوێ قسەم لێ دەرکیشی.

ئازادە: چاو لەم بکە، وام دەزانی لەگەل کەسیکی ماقول هاو زیندانیم. هەلەیەکی گەورەم کردوە.

جوامـێر: نـا هەلـەت نەکـردوە. تۆ خۆت لە جیگای مـن دانی. ئەو جار شك لە دار و دیوار دەکەی. خانم ئیوە چکارەن هەر نەت وت.

ئازادە: من نوسەرم

جوامێر: چ دەنووسی، چیرۆك، شیعر، رۆمان، چ شتیك...

ئازادە: من چیرۆك نووسم.

جوامێر: منیش شیعرەکانی چاپمەن و ئاهەنگەکانی ویکتۆر خارام زۆر پێ خۆشە.

جوامێر دەنگ هەلدینی و دەلی:

"بۆ ئازیزم[٢]

دوو هەفتە لە زیندانیکی ویرجینیادا

بۆ ئازیزم، بۆ ئازیزم

بیست هەزار دولار زەمانەت

بۆ ئازیزم، بۆ ئازیزم

عالەمیش پێی وایە گەوجم

بەلام ئەوان خۆ لە عیشقت هیچیان لی حالی نەبووە

ئیمە بۆ عیشق کاری وامان نەکردوە

من، پیویست با، هەلدەگەرام بە کیویك دا

گیانیشم دەنا پیناو گەیشتن بە تۆ

تو، تو، تو

هەموو رۆژی ناخم دەپشکنن.

بۆ ئازیزم، بۆ ئازیزم

وەرەز و جارزم دەکەن، منیش درویان بۆ دەکەم

لەبەر خاتری ئازیزم

من کەوتومە شوین دلم

کەللەیشم داناوە کەوا بە وردی لەم عیشقە بگا

کەس ناتوانی هەلم بوێرێ

---

٢ یەکیك لە گورانییەکانی ترسی چاپمەن

**من کەوتومە شوێن دڵم**

**میشکیشم داناوە پرشەوق و شەیدا**

**لە ئەرزشی ئەم عیشقە و ئەم فیداکاری‌یەی من بگا".**

**جوامێر: شتێکی جوانە مەگەر نا**

**ئازادە: تۆ پێت وایە تاوانی ئەو جۆرە کەسانە چی‌یە**

**جوامێر: ئەگەر ئازاد بی هەر چیرۆك دەنوسی**

**ئازادە: مەعلومە سوژەیەکی باشیشم هەیە**

**جوامێر: حەتمەن چیرۆکیك دەنووسی لە چەشنی عیشقی شیرین و فەرهاد**

**ئازادە: نانا. قارەمانی چیرۆکەکەم کەسێکە کە هاودەمی میلەکانی زیندانە. کەسێکی نائاسایی‌یە.**

**جوامێر: قارەمانی لەم جۆرە زۆرن لێ گەڕێ.**

**ئازادە: نا قارەمانی ئەم جارەم کەسێکی‌ترە.**

**جوامێر: باشە پێم بڵی کی‌یە، مەترسە قارەمانەکەت ئاشکرا ناکەم ئێمە بەم زوویە ئازاد نابین.**

**ئازادە: من ترسم لەوە نیە کە قارەمانی چیرۆکەکەم ئاشکرا بێ ترسم لەوەیە کە تو یارمەتیم نەدەی.**

**جوامێر: من! جا زۆر باشە ئەگەر بە من بێ بەسەر چاو.**

**ئازادە: قەولت دا باشە.**

**جوامێر: باشە ئێستا پێم بڵی کێ‌یە**

**ئازادە: قارەمانی چیرۆکەکەم تۆی تو!**

**جوامێر: من**

**ئازادە: لێ گەری دەبی ئێستا شەو بێ یان رۆژ.**

**جوامێر: بۆ زیندانی شەو و رۆژ هیچ مانایەکی نیە.**

**ئازادە: چۆن**

**جوامێر: چونکە یەکسەرە هەر شەوە و تاریك. بەلام هیوادار بە. هەتاوی ئێمەش هەلدی دەی واز بینە تا کاتێکی‌تر مال ئاوا.**

**ئازادە: چاوم لێ بکە. تۆ قەولت پی داوم یارمەتیم بکەی.**

**ئاغا، شیتە، ئاغا، قارەمانی چیرۆکەکەی تۆ قەولت داوە.**

**"ئازادە دەکەویتە سەر زەوی و تاریکی"**

بەرهـــەمی هونـــەری خۆتـــان و کەسانیترمان بۆ بنێرن.
نامـــە، بـــیرورا، پێشـــنیار و رەخنەکانی خۆتـان بـۆ ئێمە بنێرن تـــا لـــەم رێگایـــەوە پێشـــەنگ دەوڵەمەندتر بێت.

## مـــوسیقا

ن: عەباسی سەماکار

و: سەعیدی ئەمانی

مۆسیقا نەغمە و ئـاوازێکی ئینسـانیە کـە ئـەوین و ئازارەکـانی خـۆی، بەزمانـیکی غـەریـب پـێ دەردەبرێـت، زمانـیکی شـیوە نـالین و لالانـەوەی کـە لـە گـەرووی مرۆڤـیکی بیقسـە و لـە تاریکـایی هەزارە کۆنە کانەوە بەرز دەبێتەوە.
مۆسیقا ئـاوازێکی فـەرد و بیمانـای (نـت) وەکـوو ئەلفبا هەلدەبژیری و بە نووسینەوەی مەشقی ئاهەنگەکەی، دەبێتە دەنگیکی جیی سەرنج و سەرکەوتووی ئـەم دنـیایە. بـەلام پیکهاتە و ئاهەنگی نەغمە سەرەتاییەکانی مۆسیقاش، هـەروەکوو بـاقی بەشـەکانی بیمانایە، تەنیا شتیك لەم بەینەدا هەیە، وئەویش پیکهینانی هەستیکی تایبەت لـە گویگـردا کـە بـەهوی ئـەم ئاویتە بوونانـەوە خوی دەنویی. وە هەرئەمەشە کەهەستیك لەبوونی مانا. لەزەینی بیسەردا شکل دەگریت.
ئـەم هەسـتە، زیاتـر تـاقی کـردنەوەیە، پالاوتـە و رەسـەن. ئەم هەستە، ئەگەر، بە هوی سیستمیکی هەلسەنگاندنی موسیقاوە، نەزمـیك بەخویـەوە نەگـری ولـەری و رەسمـی تایـبەتی لـیکدانەوەپەیرەوی نـەکات، هەسـتیکە کـە بەپیی زانسـت و ئـەزموون و فەرهـەنگ و خوخدەی کە سەکانەوە دەتوانی شکل و شیوەی تایبەت بە خویەوە بگری: شکلیکی کە زور جیاوازی بنەرەتی لەگەل شـکل و شیوەکانیتر و هەستەکانیتردا، بەنیسبەت شوینەواریکەوە دەبیت. مەسەلەن: بیستنی موسیقای کلاسیکی روژئاوایی، لـەلای کەسـیك کـە کەمتری بەرگوی کەوتبیت. هەستیکی جیاواز لەهەستی کەسیکی شارەزای ئەم موسیقایەی تیدا پیك دینی.

له کاتیك دا که له رووبەروو بوونەوە لەگەڵ هونەرەکانیتردا "مەسەلەن: سینەما" بەم شیوەیە نیە و بەم رادەیە جیاوازی بەرداشت و تیگەیشتن لە شوینەواریکی هونەری لە لای کەسەکان بەرچاو ناکەوێ. دەتوانین مۆسیقا تا رادەیەك لەگەڵ ئەدەبیاتی شیعریدا بەراوەرد کەین. نزیکایەتی ئەم دوانە لە دوو شت دایە. لە تەنیایی دەرهینان، و دابرینە کوت و پرەکانی زمانی و بایەخ نەدان بە مەنتقی زەمان و مەکان. لە بەراورد لەگەڵ ئەدەبیات دا کە لەسەر بناغەی زەینیەت داندراوە، ئەگەر چی مۆسیقا بنەمایەکی ماددی هەیە، بەلام لە روانگەی ماناوە، هەستیك بە وجود دینی کە دەرك کردنی، وەکو ئەدەبیات ناراستەوخۆیە. مۆسیقا ئاماژە بە ئەمریکی تایبەت ناکات. بەلکو شیوەیەك گەران و پشکنین لەناو مەبەست و وەرگرە هەستییەکان دایە. ئاهەنگیك مانا و ئاماژە گەلی دەروونی و وشیاری لیك دانەوەی زۆری تیدایە.

هەروەها مۆسیقا، لەگەڵ ئیتزاعی بوونی کە عادەتەن دەبی تایبەتمەندی یەگانە بوون و غەیرە ناوچەیی پێبدری، بە شیوەیەکی بەرچاو ناوچەیی، میللی و خۆمالیانەیە. ئەم دەرهینانە بە پیچەوانەی ئەدەبیات، گیرۆدەی مادییەت یان گیرۆدەی دەنگە. هەر ئەم گیرۆدەییە ئەو لەشیوەی دەرهینانی ئەدەبی، لەسەربەخۆیی بە دوور دەگریت و ئاویتەی سروشت و "حزووری ناوچە"یی دەکات. لە حالیکدا ئەدەبیات لەبەر ئەوەی گیرۆدەی مادە نیە، مجرد " و غەیرە حزووری"یە.

ئایا مۆسیقا لەبارەی شتیکەوە دەدویت یان ساغ کردنەوەی بەشیك لە ژیانە؟ لە داستان دا ئیدە و پەیام دەخولقی و لە مۆسیقادا ئیدە و پەیام تەنیا تاریف دەکرین و لیك دەدرینەوە. لەم رووەوە "تەفسیری مۆسیقا" خۆی زانستیکی تایبەتییە. چونکو مۆسیقا خۆی، خۆی تاریف و تەفسیر ناکات. مۆسیقا زمانیکی نزیك و گونجاو لەگەڵ عەینیەتەکانی ژیانیدا نیە. بەلکو بەپیی خووخدەی بەشەری عادەت و ئاینەکان، مانا دەکریتەوە. ئەم لیك دانەوەیە سەربەخۆ لەلایەن ئاهەنگ ساز و بیسەرەوە هەر دوو روو دەدات. یانی ئاهەنگ ساز بەپیی نیازیك شوینەوارەکەی دەخۆلقینی و ئەم مەبەستە شایەد نە تەنیا لەگەڵ بەرداشتی بیسەری شوینەوارەکە جیاوازی هەیە، بگرە هیندیك جار شیوەیەکی بە تەواوی جیاواز بە خۆیەوە دەگرێ. هونەرەکانیتر تا ئەم رادەیە شیاوی تەفسیر و لیك دانەوە نین. هونەرەکانیتر، بۆ تەفسیری خۆیان، سنووری دیاری کراو دادەنین. ئەم سنوورە هەر ئەم بەراوەرد کردنە ناوەرۆکییانەی ئەوان لەگەڵ ئەو شتانەیە کە عەین و نموونەی بە کەماڵ نەگەیشتو وە ناهونەریانەیە کە لە ژیاندا دینە ئەژمار.

راستەقینەی ناوەوەی هونەرەکان، زمانی شیاوی هەست پیکردنیان، لە پیکهینانی ئەم سنوورە و یارمەتی رادەی هەلسەنگاندنیان دەکات. بەلام نۆتەکان و بگرە میلۆدیەکانی مۆسیقاش لەهیچ شوینیکی سروشت دا ناتوانێ بدۆزیتەوە. و ئەگەریش شتیکی وا ئیمکانی بێ دیاردەیەکە کە لە خودی سروشتیش دا گیرۆدەی ناروشن و نادیارە. مەسەلەن هیچ کەس مانای چەهچەهەی بولبول نازانی و یان ناتوانیت لیك دانەوەیەکی بۆ خورەی ئاو هەبی. کە وایە سەرەرای هەموو سیستمیکی مۆسیقا دەتواندری بەپیی دلخواز لیك بدریتەوە و تاریف یان زەم بکریت.

ئانتۆی برجیس دەلیت: "چونکە مۆسیقا لەگەڵ تاقی کردنەوەکانی مرۆڤ دا راستە و خۆ لە پەیوەندیدا نیە، فورمیکی پالاوتەترە،.... مانا و ناوەرۆکی مۆسیقا بە وەسیلەی واژەکان ناتوانی شی بکەینەوە. مرۆڤ بە گویدان بە سەمفۆنی موتزارت خۆی لە دنیایەکی موتلەق دا دەبینیتەوە،... بەلام باس کردنی دژوارە. ئەگەر بمانەوێ لەمەڕموتزارتەوە کتیبیك بنووسین، دەبی سەرەنج نەدەینە ناوەرۆکی مۆسیقا و سەبارەت بەو شتیك بنووسین کە پەیوەندی بە دەوروبەریەوە هەبیت".

مۆسیقا ئەوەندە لیکدانەوەی جۆراوجۆر هەلدەگری کە کاتیك لە سینەمادا خۆ دەنوینی، گشت تایبەتمەندییەکانی دەکەونە خزمەت بە دەربرینی فەزا سینەماییەکەوە و بۆ خۆی، بە تەنیا و وەکو مۆسیقا، لەوێدا کەسایەتییەکی سەربەخۆ لە خۆی نیشان نادات. هەروەها سەبارەت بە حزووری مۆسیقی لە پال شیعردا، بابەتەکە هەر بەم شیوەیەیە. لە ئاوازدا، ئەوە مانای شیعرەکە نیە کە دەبیتە مۆسیقا، بەلکو چونیەتی دەربرینی ئاوازییەکەیەتی کە مۆسیقا پیك دینی. بەلام مانای شیعر دەتوانیت هەستی ئیمە سەبارەت بە مۆسیقی بگۆریت و بەو شیوەیە بۆمانی لیك بداتەوە. شتیکی کە لە گۆرانی و ئاوازدا روو دەدات ئەوەیە کە حزووری شیعر لە خزمەت بە بەیانی مۆسیقادا نیە، بەلکو بە پیچەوانە مۆسیقا دیتە خزمەت شیعرەوە و لەگەل بەدیهاتنی گۆران لە وشە و واتەکاندا بە ناچاری گۆران لە ئاوازەکانیدا، بەرز و نزم دەبیتەوە و خۆی لەگەل دا هاوئاهەنگ دەکات. تەقریبەن ئەوە روی نەداوە کە شیعریك یان فیلمیکیان لەسەر بناغەی ئاهەنگیك دروست کردبیت. بە ئاسانی دەتوانی ببینین کە مۆسیقایەکی سابت لەگەل چەند شیعری جۆراوجۆردا ناگونجی. ئەوە لە حالیك دایە کە بۆ شیعر و فیلمیکی سابت چەندین ئاهەنگی جۆراوجۆر دروست دەکری. ئەگەر کەسیك جاریك ئاهەنگیکی لەگەل شیعریك دا بیست بە بیستنی دوبارەی بە بێکەلانی ئەو ئاهەنگەش، دیسان هەر ئەو وشانە لە زەینیدا شکل دەگرن و دەبیتە لەمپەری هەست کردنی سەربەخۆیانە لە پاکی و سادگی مۆسیقاکە. بگرە لە قالبە دیاری کراوەکانی ئەو دەستگا و گۆشە مۆسیقا ئیرانیانەش دا، بەپێی جۆر و فەزای شیعرەکە، بەریوە بردنی ئەو قەتعانە گۆرانی بەسەردا دیت.

بەم شیوەیە، شیعر کەسایەتییەکی سەربەخۆ بە خۆیەوە دەگرێ تا مۆسیقا بخاتە خزمەت بە دەربرینی هەست و زانستیك کە لە ناخیدا هەلی گرتوە. چونکو پیکهینانی بنەرەتی شیعر و وشەیە"کەلامە" و زمانی قسە کردن لە بەربەرەکانی کردن لەگەل زمانی گونگ و نارۆشنی مۆسیقادا، خالیکی دیاری کراوتر لە زەینی بیسەردا بەدی دێنیت کە پەیرەوی کردنی بۆ مۆسیقا دەبیتە حالەتیکی ناچاری. یانی بە کردەوە شتەکە بەم شیوەیە کە مۆسیقا، لەگەلکوو بوو بە جیرانی هەرکام لە هونەرەکان "جیا لە چوپی"، کەسایەتی خۆی لەدەست دەدات و بە عینوانی بەشیك یان تەفسیرگەری ئەوان خۆ دەنوینی. و ئەمە لە زمانیکی نارۆشنەوە سەرچاوە دەگری کە ئیزنی دەست تیوەردانی لەخۆیدا دەدات و هیچ داکۆکییەك لەخۆی ناکات.

جا ئەگەر ئەلف و بێ و زمانی مۆسیقا تا ئەم رادەیە یەگانە و "ناشروستی" یە باوەر بە بێ هاوتا بوونی "فەرزەن" کلاسیسم لە مۆسیقادا دەتوانی چ مانایەکی هەبیت؟ ئایا بە غەیرەز ئەوەی کە ئیمە بە شیۆەیەکی تایبەت کە بۆ خۆمان بەدی هینەری بووین وامان عادەت کردوە کە پیمان وابی هیچ گۆرانیکی بەسەردا نایە؟

مۆسیقا ناوچەییترین و جیهانیترین هونەرەکانە، کە لە هەمان حالدا هەموو دەتوانن چیژی لی وەرگرن. سەرنجی مۆسیقای میللەتە جۆراۆجۆرەکان بەدە تا چ رادەیەك لیك جیاوازن: بە شیوەیەکی کە، بە بیستنی یەکەمین میلۆدییەکانی مۆسیقایەك، دەتوانی جۆر و پەیوەندییە قەومییەکە بناسی و لەریۆە بزانی سەر بە کام شۆینە .مەعموولەن مۆسیقای ولاتە جوراوجورەکان، یان هەرنەبی ناوچە هەم فەرهەنگەکانی دنیا، تایبەتمەندی ناوچەیی خۆیان هەیە. ئەم ناوچەییە بگرە کیشراوەتە مەیدانی کەرەسە و ئامیرە مۆسیقاییەکانیشەوە.بە شیۆەیەکی کە ناتوانین بە زۆربەی ئامیرەکان جۆرە جیهانییەکانی مۆسیقاپیشکەش بکەین.

مۆسیقا وەها دەچیتە ژیر کاردانەوی حالاتە جۆراوجۆرە فەرهەنگی و کەش و هەوا و ئاداب خووخدە ناوچەییەکانەوە کە بەناچاری جیاوازی تا بەم رادەیە لە مۆسیقای ناوچە و ولاتە جوراوجۆرەکاندا بەرچاۆ دەکەوی . لە حالیکدا قەت وەها دەرجەیەك

لـه جـیاوازی لـه هونـەرەکانی تردا نابینین. بۆ نموونە ئەدبیات و یان سینەما و یان بیناسازی کە دەتوانی بە توندی بکەویتە ژێر کاردانـەوەی هـەل ومـەرجی ئـاو و هـەوا کەرەسـە سـاختمانییەکان وفەرهەنگـە ناوچـەییەکان . ئال و گۆر لە هونەرەکانیتردا بە تۆنـدی و بـەخێرایی لـەناو قەومـەکانیتـردا وەردەگـیری و شـۆینەواری تایـبەت و نزیك بە خۆی دادەنی. بگرە دەتوانین بلێن دەکری درێـژەی گـۆران و سـەبك و شـێوەیەك "بونموونـە ئـەدەبی" کـە لـە ولاتـیکی دیـاری کراودا پیك دیت، لەناو میللەتیکی دیکەدا بدوزیـتەوە . بـەلام لە مۆسیقادا کەمتر دەتوانن پەی بە وەها شتیك بەرین کاردانەوەی مۆسیقای ناۆچەیی میللەتە جۆراوجۆرەکان لەسـەر یـەکتری، بەگشـتی، کەمـە، و لـەم روەوە مۆسـیقا گـیرودەی جۆریـك تەنـیایی جـیهانییە.مەسـەلەن مۆسـیقای چـینی، ئافـریقایی، کلاسـیك ئۆروپـایی هـەر ئـال و گوریـك لـەخۆیدا وەکـوو دەسـتکەوتیکی تایبەتی هـەر ئـەو مۆسـیقایە بـە دنـیا دەناسـینیت. ئەم دەستکەوتە لەیەکیانەوە بۆ ئەوەیتر بە دژواری دەگویزریتەوە" لە حالیکدا بۆ نموونە سینەما ئال و گورەکانی بە خێرایـی بـۆ سـینەمای دنـیا و بۆنـاۆ مـیللەتەکانیتر دەگۆیزیـتەوە. مۆسـیقا هونـەری تایـبەتمەندییەکان، هەلـبژاردەیی و زەوقییەکانـە. ئـەم تایبەتمەندییانە پیناسەیەکی گشتییان پی نەبەخشیوە، بەلکوو تایبەتمەندییەکی حەیسیان پیداوە. هەلبەتە ، لـە دیهکـەدەی جیهانی ئەمـرۆدا، لەژێـر کاردانـەوەی بەریـنی راگەیەنەرە گشتییەکاندا. وەکوو تەلەفیزیۆن و رادیۆ و سینـەما و شـەبەکەی کامپـیۆتیری، جۆریك فەرهەنگی یەگانە و هاوبەش لەنیۆان نەسلی لاوی دنیادا خەریکی پیکهاتنە کە مۆسیقای باو و سـەربە زۆریـنە تارادەیـەکی زۆر لـەم تایـبەتمەندی و حالەتـە ناوچـەییانەی  دوور دەخاتـەوە و، بـە پەیرەوی کردن لە نموونە و بتە جـیهانییەکانی گۆرانـی و ئـاواز، بۆعدیکی گشتی پیدەبەخشیت. بەلام ئەمەش ئال و گوریك لەزاتی مۆسیقادا پیك ناهینیت" بەلکوو ئەمە دیهکەدە جیهانییەکەیە کە خۆی لەگەل مۆسیقایەکی تازەی ناوچەییدا دەگونجینی.

زمـان و زەرەبان

مۆسـیقا هونـەریکی زەمان دارە. لە هەوەل تا کۆتاییەکەی کاتیکی دیاریکراوی پیدەچیت. ناکری بە نیوەچلی بیهیلیتەوە و پـاش ماوەکـەی لـە کاتـیکیتردا بەهەسـت کـردن بـە کـەم وکـوری گـویٚ بدەیـتی. مۆسـیقا بە بیحادیسە و روداوە. لەم لایەنەوە نـاتۆانین درێـژەی داسـتان ویژانەیەکی تیدا بدۆزینەوە کە وەك ئەدەبیات، لە بەر بەردەوام بوونی مەنتیقیانەی، لەگەل ئەودا کە لە کاتـیکی دیاریکـراودا بپچـریت، شکلیشـی پـیبدات: بـە تایبەتی میلودی و پەیوەندەکان و موومانە جۆراوجۆرەکان بە ئاسانی وەك رووداویکی ئەدەبی لەبیر نامینی.

زەرەبـان وریـتم لـە مۆسـیقاش دا یەکـیك لـەهۆ سـەرەکییەکانە و رۆلـیکی بـنەرەتی دەگیری. راسـتە کـە لەم بوارەدا رەسم و ئەساسـیك دیـاری نەکـراوە. بـەلام کاتـیك موومانـەکان بـە شیوەیەکی سووك و خیرا و بە نۆبە دەبیسترین، هەستیکی سەربەخۆ، هەسـتیك کـە لەوپەری قەتعە لیدراوەکەوە، وەکوو یاسایەکی ئەزەلی بیسەر دەخاتە ژێر کاردانەوەی خۆیەوە کە نیشاندەری جۆریك گـەورەیی زاتی و ئەزەلییەتی مۆسیقایە. ئەم بابەتە هیچ پەیوەندییەکی بە هەستەوە نیە و لە پەیوەند لەگەل تیپەر بوون بە نیوان هـەور و مـژی زمـانی مۆسـیقادایە. مۆسـیقا، بـە جـۆری، دەنـگ و زەنایـەکی نارروونـە کە لە گۆرەپانی شتە لەبیر کراوەکانەوە و نزیکی لەگەل شتە شکۆدارەکانەوە پیك دیت.

گـەورەیی ئـەو هەر هیندە دەتوانی نامو و نائاسایی بی. دەنا بە شیوەیەکیتر دەتوانری بیری لی بکریتەوە و لیك بدریتەوە و بە چـە شـتیکی دەسـتکرد مانایـەکی رۆژمـەرەی بـۆ دابنریـت. جیا لەمـە، تـەواوی ئـەو شتانەی دل گوشار ئەدەن_ بابەتە سەیر و

عەجیبەکان، دەنگ و زەنا ناروشنەکان ، هەست بە مەزنیکردن ، مەرگ، گوشاری رۆحی ، شادی، ئەوین و تیکوشان_ گشتیان لە چوارچیوە ئولگوویی‌یەکان و یاسا مەندکراوەکاندا دەگونجین. ئەمانە بە گشتی جۆریك بریارن. بەلام مۆسیقای ئیمە هەمیشە دگەل شتیکی ئولگوو نەکراودا، بە تازەییەکی ئەبەدی و هەمیشەیی‌یەوە، رووبەرووین : بە جۆریك کە مرۆڤیکی سوننەت شکینی وەکوو بتهوڤینیش لە زۆربەی شوینەوارەکانیدا، لە دروست کردنی قەتعە جۆراوجۆرەکانی مارش و سونات و سەمفۆنیەکانیدا، گیرۆدەی سوباتیکە کە لەزاتی مۆسیقاوە سەرچاوە دەگری.

وەرگیرانی بەشیك لە کتیبی "درآمدی بر نقد ساختارهای زیبا شناسی"

**کتێب و گۆڤار بۆ کتێبخانەی پێشەنگ بنێرین.**



# بەلەمی شکاو لە وشکانیدا

ن: گابرییەل گارسیا مارکێز　　　　　　　　و: یوسف علیپور

لـە رۆژیکـی جومعـەدا "خوان میگوئیل گۆنزالێس" چوو بۆ مەدرەسەی "ئیلیانی" کوڕی کە بۆ کوتایی حەوتوو لەگەل خۆی بیبـات، پـێی وتـرا کە "ئیلیزابیت بۆرتۆنێز" هاوسەری پیشوی و دایکی منـالەکەی نیوەرۆ ئیلیانی لەگەل خۆی بردوە و هیشتا نەیهیـناوەتەوە. وەهـا شـتیك بـۆ ئـەو کە لە هاوسەرەکەی جیا ببۆوە، ڕووداویکی ئاسایی بوو. لە دووسال لەمەوبەرەوە کاتیك کە خـوان ئیلیزابیـت بـە هاوڕێیانەتـرین شـیوە لـیك جیا بوونەوە، تا ئیستا کورەکە لەلای باوکی ژیانی بەسەر دەبرد و هەر رۆژە نا رۆژیکیش دەچوو بۆ مالی دایکی.

بـەلام لـە مـاوەی چـەند رۆژی کوتـایی حـەوتوودا و هەروەها لە رۆژی دووشەممەدا دەرگای مالی ئیلیزابیت داخرابوو، هەر بۆیە خـوان میگۆئیل پرس و رای خۆی دەست پیکرد. وە بەجۆرە بوو کە هەوالیکی دلتەزین کە ئیتر خەریك بوو لەناو شاری کاردناس دا دەنگی دەدایـەوە، بە گوێی گەیشت“ دایکی ئیلیان لەگەل ئیلیان و دوازدە کەسیتر لە بەلەمیکی ٥/٥ میتریدا بە بێ هیچ شتیك کە بەلەمەکە راگرێ و تەیار بە ماتۆریکی شرۆل، لە شاری کاردناسەوە بەرەولای "مەیامەی" وەرێ کەوتبوو.

٢٢ی نوامـبری ١٩٩٩ بـوو. خـوان میگۆئـیل دوای چوار مـانگ وتی کە: "ئەو رۆژە کۆتایی تەمەنم بوو". ناوبراو و ئیلیزابیت دوای لـیك جیابوونەوەیان پەیوەندییەکـیان پـیکەوە هـەبوو کـە هاوڕێیانـە بەلام کەمیك نائاسایی بوو، ئەوان لە شوینیك دا بە دابـەش کـردنی خۆزگەکانـیان لەگـەل یـەکتر لەسـەر یـەك پێخە و دریژەیان بە ژیان دابوو، بەو هیوایە کە لە رۆلی دوو عـاشق دا ببـنە خاوەنی منـالیك، شتیك کە لە کاتی هاوسەرێتیدا بە نسیبیان نەببوو. بە روالەت شتیکی چاوەروان نەکراو بوو. ئیلیزابیت دووگـیان دەبـوو بـەلام لـە مـاوەی چـوار مـانگی سـەرەتای دووگیانیدا کۆرپەلەکەی لەبار دەچوو. دوای حەوت جار لەبار بردن،

منالیك كە ماوەیەكی زۆر چاوەروانی بوون چاوی بەژین پشكووت. ناویكی تایبەت بە خۆیان بۆ هەلبژارد: "ئیلیان". تیكەلاویك لە سێ پیتی ئیلیزابیت و دوو پیتی كۆتایی خوان.

ئیلیزابیت كاتیك كە لەگەل كورەكەی بە مەبەستی چوون بۆ مەیامەی وەرێ كەوت ٢٨ سال تەمەنی بوو. ئەو سەر موستەخدمی خۆش بەرخورد و پركاری ئوتیلیك لە "وراردو" بوو. باوكی دەلێ كە ئەو لە ١٤ سالەییەوە عاشقی خوان میگوئیل گونزالیش بوو و كاتیك كە تەمەنی گەیشتە ١٨ سالی ئیزدواجی لەگەل كرد. خوان میگوئیل، پیاویكی هیدی و لەسەرخۆ كە وەك سندوقدار لە فروشگایەك دا كار دەكا، دەلێ: "ئیمە وەكو خوشك و برا بووین" خوان و ئیلیزابیت دوای لیك جیابوونەوەیان، لەگەل كورەكەیان لەشاری كاردناس دا دریژەیان بە ژیان دا. شوینیك كە لەوێدا تەواوی كەسایەتییەكانی ئەو چیرۆكە لە دایك بوون و ژیانیان لی دەكرد. تا ئەوەی كە ئیلیزابیت عاشقی "لازار و رافائیل مونرو"ی ملهوری گەرەك بوو. خوان میگوئیلیش دوای ئەو لەگەل "نیلسی كاریمتا" ئیزدواجی كرد و بوو بە خاوەنی كوریك كە ئیستا ٦ مانگەیە.

خوان میگوئیل پیویستی بە بەهەدەردانی وەخت نەبوو بۆ ئەوەی كە بزانی ئیلیان لە كوێیە، چونكە لە كاراییب هەمووان، هەموو شتیك دەزانن. بە وتەی كەسیك "تەنانەت بەر لەوەی كە شتیك روودات دەیزانن" هەمووان دەیانزانی كە سەردەستەی ئەم بەسەرهاتە لازار و مونرویە كە بۆ ئامادە كردنی ریگا، لانی كەم دووجار بە شیوەی نهینی سەفەری بۆ ئامریكا كردبوو. ئەو لە بوونی كەسانیك بۆ پەیوەندی گرتن و هەروەها بیباكیەكی تەواو بەرخوردار بوو بۆ ئەوەی بتوانی نە تەنیا ئیلیزابیت و كورەكەی، بەلكو برا بچوكەكەی خۆشی و باوكی كە زیاتر لە ٧٠ سال تەمەنی بوو و هەروەها دایكیشی كە دەورانی باش بوونەوەی دوای نەخۆشی قەلبی تیپەر دەكرد، لەگەل خۆی بیانبات. شەریكەكەشی لەو عەمەلیاتەدا سەرجەم بنەمالەكەی خۆشی لەگەل بوو. لە دوایین ساتەكان دا سێ كەسیتریش كە هەر كامیان لەبری دانی ١٠٠٠ دولار بە موسافرەكانەوە زیاد بوون، "ئاریەن هورتا"ی ٢٢ سالە و كچە پینج سالانەكەی "ئیستیفانی" و "نیوالد و ویلادیمیر فیرناندیز"ی هاوسەری یەكیك لە هاوریكانی.

فورمولیكی جیگای متمانە بۆ ئەوەی كە بە ئاسانی لە ئامریكا وەك كۆچەریك وەر بگیرێ ئەوەیە كە بەلەمی موسافر لە ئاوە سنوورییەكانی ئەو ولاتەدا نوقم ببێ. شاری كاردناس جیگایەكی باش بۆ ئەو كارەیە چونكە نزیكی فلوریدایە و خەلیجەكانی لەلایەن باتلاقەكانی دارە گەرمینیەكانەوە دەپاریزرین. بیجگە لەوەش، بەهۆی بوونی سەنایعی دەستی ناوچەیی بۆ دروست كردنی وەسایلی ماسیگیری لە باتلاقی زاپاتا و موردابی دلتوسوور و پیداویستی سەرەتایی بۆ دروست كردنی بەلەمە غەیرە یاساییەكان لەبەر دەست دایە. بە تایبەت ئەو لولە فافۆنانەی كە بۆ ئاودیری باغەكانی سەوزی بەكار دین. خەلك دەلین كە مۆنرۆ دەبی شتیكی نزیكەی ٢٠٠ دۆلار و ٨٠٠ پزۆی كوبایی خەرجی دابین كردنی ماتۆر و دروست كردنی بەلەمەكەی كردبێ، بەرهەمی كارەكە، جۆرە بەلەمیكی نەجات بوو كە هیچ سەرپۆشیك یان شوینیكی بۆ دانیشتن نەبوو. سێ لولەی فافۆن بە مەبەستی پاراستنی ١٤ كەس لە بەلەمەكەدا جێ سازی كرابوون. زیاتر لەوە ئیتر جیگایەك بۆ هیچ كەس نەمابوو. بەر لەوەی كە وەرێ كەوێ، زۆربەی موسافرەكان بۆ پیشگیری لە دەریازەدەگی ئامپولی "گراونیول"یان لە خۆیان دابوو.

بە روالەت رۆژی ٢٠ی نوامبر وەری كەوتن، بەلام بەهۆی خراپ بوونی ماتور ناچار بە گەرانەوە بوون. لە كاتیك دا كە خوان میگوئیل وایدەزانی كورەكەی گەیشتۆتە مەیامەی، بۆ ماوەی دوو رۆژ لە چاوەروانی چاك كردنەوەی ماتورەكەدا خۆیان حەشار دابوو. بۆ یەكەمین بارودۆخی نائاسایی، ئاریەنی بە قەناعەت گەیاند كە ئەو سەفەرە مەترسیدارتر لەوەیە كە بتوانی كچەكەشی

لەگەڵ خۆی ببات و تەسمیمی گرت کە کچەکەی لەلای بنەماڵەکەی بەجێ بێڵێ تا لە هەل و مەرجێکی لەبارتردا و لە ریگایەکی‌ترەوە بیگەیەننە لای ئەو. وتراوە کە ئیلیانیش لە مەترسی‌یەکانی ئەو دەریا پیوانە ئاگادار ببوو دەپارایەوە کە لێی گەرین هەر لەو جیگایە بمینیتەوە. سەرەنجام لە بەرەبەیانی رۆژی بیست و دووهەمی مانگی نوامبر، لە دەریایەکی ئارام بەلام بە بەلەمێکی عەیب دار ورەیّ کەوتن. ئەو داستانانەی کە رزگار بوان دوای رزگاری‌یان بۆ راگەیەنەکانی فلوریدایان باس کردوون و لە وت و ویژی تەلەفونیش دا بە گوێی خزمەکانی دانیشتووی کاردناس گەیشت، بە وردی چۆنیەتی‌یەکی وەحشەتناکی ئاشکرا کرد. بەپێی ئەو داستانانە، لە نیوە شەوی ۲۲ی نوامبر پیاوی بەرپرس بۆ کەم کردنەوەی قورسایی بەلەمەکە، ماتۆرە بێ کەلکەکەی لە بەلەمەکە کردەوە فرێی دایە ناو ئاوەکەوە. بەلام بەلەمەکە کە هاوسەنگی خۆی لەدەست دابوو وەرگەرا و سەرجەم موسافرەکان کەوتنە ناو ئاوەکەوە.

لەوانەیە جیاکردنەوەی ماتۆر ببێتە هۆی شکانی قەلایی لولە فافونی‌یەکان و نوقم بوونی بەلەمەکە لەناو ئاودا.

ئەوە کۆتایی کارەکە بوو. تاریك و دۆزەخیك لە وەحشەت کەسانیك بە سالاچوو کە مەلەیان نەزانیوە لەوانەیە دەست بەجێ خنکابن. "گرانیول" کە دارویەکی خەو هینەرە، دەبی لەسەر زۆربەی ئەوان کاریگەری دانابێ. ئاریەن و نیوالدو چنگیان لە یەکیك لە لولە فافۆنەکان قایم کردوە. ئیلیان و رەنگە دایکیشی بە یەکیکی‌تر لە لولەکانەوە خۆیان ملۆس دابێ. هیچ کەس نازانی لولەی سیهەم چی بەسەر هات. ئیلیان دەتوانی مەلە بکات بەلام ئیلیزابیت نەیدەتوانی. لەوانەیە ئەو خۆی لەسەر لێ شیواوی و وەحشەت دا بەر هەلدابێ. کورە بچکولانەکەی کە دواتر لە ریگای تەلەفونەوە بە باوکی وت: "دایکم دیت کە لە ئوقیانووسەکەدا نوقم بوو"، ئەوەی کە هەست پیکردنی دژوارە بەلام شیاوی ئەوەیە کە وەك راستی‌یەك قەبوول بکریت ئەوەیە کە ئەو لەبیری بوە و وەختی تەواویشی بۆ دانی کۆپەلە ئاویکی خواردەنەوە بە کورەکە هەبووە.

خوان میگوئیل زانیارەکانی ناراست بوون بەلام جۆریك نیگەرانی لە رووداوی رووداوەکە هەبوو بۆ خزمیکی لازار و گونزالیس کە چەند سالیکە لە مەیامەی ژیان بەسەر دەبات چەند جار تەلەفونی کرد و سەبارەت بەهاتنە غەیرە یاسایی‌یەکان و بەلەمە نوقم بووەکانی ئەم دوایانە پرسیاری کرد بەلام شتیکی پێ نەوترا. سەرەنجام لە بەرەبەیانی پینج شەممە ۲۵ی نوامبر هەوال بەپێی ریزی رووداوەکان بە گوێی هەمووان گەیشت. لەلایەن ماسی‌گیریکەوە، لاشەی پیرەژنیك لە قەراخ ئاوەکە دۆزرایەوە، دواتر ئاریەن و نیوالدیان بە زیندوویی دۆزینەوە. زۆری پی نەچو کە کوریکی بچکولانە لە ئاوەکانی "فورت لادردیل" بە بێ‌هۆشی و بە توندی سوتاو بە خۆرەتاو لە حالیکدا کە لەسەر لولەیەکی فافۆنی لەسەر پشت راکشابوو و دەرکەوت. ئەو ئیلیان بوو. دوایین بازماندە.

خوان میگوئیل وەختیك هەوالەکەی بیست لەسەر ئەوە ساغ بوە کە لەریگای تەلەفونەوە لەگەل کورەکەی قسە بکات، بەلام نەیدەزانی کە ئەو لە کوێیە. لە ۲۵ی نوامبردا دوکتوریك لە مەیامەیەوە تەلەفونی بۆ کرد کە سەبارەت بە پیشینەی سلامەتی ئیلیان پرسیاری لێ بکات. خوان میگوئیل بە خۆشحالیەکی زۆرەوە زانی کە ئیلیان بۆ خۆی ناوی باوکی و ژمارە تەلەفونەکانی و شوینی نیشتەجێ بوونی باوکی لە کاردناس دا، داوە بە نەخۆشخانە.

رۆژی دواتر، خوان میگوئیل لەگەل ئیلیان قسەی کرد. ئیلیان بە نیگەرانی‌یەوە بەلام بە شیوەیەکی توند بە باوکی وت کە دایکی لە کاتی نوقم بوون دا دیتوە. ئەو هەروەها وتی کە کۆلەپشتی و ئونیفورمی مەدرەسەشی لەدست دا بوو، کە خوان میگوئیل ئەوەی وەك نیشانەی سەر لێ شیواوی منالەکە ناو برد. وتی: نا، رۆلە، ئونیفورمەکەت لیرەیە و کۆلەپشتی‌یەکەیشت

بۆ کاتیك کە دەگەڕیتەوە بۆ ماڵەوە بۆم ئامادە کردوی. بەڵام ئیمکانی ئەوەش هەیە کە ئیلیان کۆلەپشتی‌یەکی‌تری لە ماڵی دایکی هەبوە یان ئەوەی کە کۆلەپشتی‌یەکی‌تریان بۆ کڕیوە تا بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە مان نەگرێ. عەلاقەی بە مەدرەسە و هەروەها هۆگری بۆ گەڕانەوە بۆ سەر کەلاس، چەند ڕۆژ دواتر ڕاشکاوانە وەدیار کەوت، کاتیك کە بە تەلەفون بە موعەلیمەکەی وت: "بە باشی ئاگاداری لە کورسی‌یەکەی من بکە."

هەر لە تەلەفونەکانی یەکەمەوە، خوان میگوئیل بوی دەرکەوت کە کەسیك لە مەیامەیەوە موزاحیمەت لە قسەکانی ئەوان دا پێك دینی. پێی وتم: "دەبی ئەوە بزانی کە هەر لە سەرەتاوە هەر کاریك کە توانیویانە کردویانە تا ئیمە لیك دابڕێن. هیندیك جار لە حالیکدا کە ئیمە پیکەوە قسە دەکەین، بەسەر کورەکەدا دەنەڕێنن، یان دەنگی کارتون لە تەلەفزیون دا تا ئەو پەری خۆی زیاد دەکەن یان ئەوە کە نوقل دەخەنە ناو دەمی بۆ ئەوەی کە قسەکانی بە باشی نەبیسترین." ئەم چەشنە فیل و تەلەکانەیان بۆ راکوئیل رۆدریگیز و مارسێللا کۆنیتانت، نەنکەکانی ئیلیانیش، لە ماوەی سەفەرە پڕ لە پشێویەکەیان بۆ مەیامەی بەکار هینا. چاوپیکەوتنی ئەوان لەگەل ئیلیان کە بریار بوو دوو رۆژە بێ بۆ نەوەد دەقیقە کەم کرایەوە و هاوکات بوو لەگەل ئەنواعی موزاحیمەتی بە ئەنقەست. ئەوان وتیان کە زیاتر لە چارەکیك لەگەل ئیلیان نەبوون. دایە گەورەکان کاتیك گەڕانەوە بۆ کوبا، لە رادەی گۆڕانی ئیلیان سەریان سوور مابوو. ئەوان ناراحەت لەوە کە منالیکی ئەوەندە زیرەك و وشیار و پڕاوپڕ لە ئیستعداد وەك وینەیەك دەهاتەوە بیریان، ئاوا ترسنۆك دیتبوویانەوە، وتیان:"ئیلیان ئەو منالەی رابردوو نەبوو، ئیمە دەبی رزگاری کەین!"

وا بە نەزەر دەگا بۆ هیچ کەس لە مەیامەی بایەخیکی نەبی کە بەهۆی بارودۆخیکی فەرهەنگی کە ئیلیانی لە خۆ گرتوە، چ زەربەیەك لە سەلامەتی ڕۆحی ئەو دەدرێ. لە شەشەمین ساڵ یادی لە دایك بوونی کە لە رۆژی ٦ی دیسامبر لەدەست بە سەریەکەیدا لە مەیامەی جەژن گیرا، ئەو کەسانەی کە ئیلیان لە لایان بوو وینەیەکیان لێ گرت کە بە کلاویکی شرەوە، چواردەوری بە چەك و چۆل گیراوە و لە ئاڵای ئامریکاشەوە پیچراوە، وە ئەوە دروست ماوەیەکی کورتی بەر لەوەیە کە کوڕێکی هاوتەمەنی ئەو لە میشیگان هاوکلاسیەکەی بە حەوت تیرێك دەکوژێ. بە واتایەکی‌تر شکاندنەوەی ڕاستەقینەی ئیلیان نەك لە ئاوەکانی دەریا بەڵکو کاتیك کە پێی نایە خاکی ئامریکاوە وەڕاست گەڕا.


١
مسته‌ر گیان!
پرۆژه‌كه‌ ته‌كمیل بوو؟
ئه‌وه‌ی ده‌تان ویست
پێی گه‌یشتن؟!
٢
تكایه‌ سیلاحه‌كه‌ت
وه‌شاره‌!
موته‌عه‌هد نانه‌ بدوێ!!



١
بەستارگیان من گفتوگۆم لە
گەڵ ئەم دوانەکان پێ باشە
بۆیە دەستم داوەتە ئیسلاحات
٢
ئێوە بەرژەوەندیەکانی ئامریکاتان لە
بەرچاو بێت ئەم دوانەکانیش جێ
بەجێ دەکەین گوزارکاریش بە شێوەی
ئەفغانستان و عێراق نابێت؟
رێباز